# دەربار

خوسرەو جاف

٦

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

# دەربار

خوسرەو جاف

بەرگی شەشەم

ناوی کتێب:دەربار – بەرگی شەشەم
نووسینی:خوسرەو جاف
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٤٥٨
نووسیاری – تحریر: فەخرەدین ئامێدیان
هەڵەگری: جەلال ئەلیاس + شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیاری چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم: ٢٠٠٦
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٣٤٠)ی ساڵی ٢٠٠٦ی دراوەتێ

یا سەرم دەخەمە بانی، یا لووت و پۆزەی ملکی لەم شارەدا دەهەسوومە زەویدا، یا سەری خۆم هەڵدەگرم و ئەم شارەی بۆ چۆڵ دەکەم. عەباس پیاڵە پڕ لە ڤۆدکا ڕۆشنەکەی، یەک قومە هەڵدا و کەوچکێک دۆغرمەی کردە سەردا و بەدەستە سڕەکەی سەر ڕانی دەم و پلی سڕی و ئینجا وتی: چارەم نەماوە، هەر دەبێ بیکەم؛ دەشیکەم، ئا دەیکەم.

موجتەبا جوجەیەک بوو لە دەست و پاکانی عەباس؛ ماساوکەرانە وتی:

– ئاغا عەباس! نیگەرانی و نارەحەتی پێناوێ. ملکی و ئەوانەی وەک ملکین، کەفی سابوونن. دوێنێ بوو ڕەحمان ملکی هاتووەتە شاری کرماشانەوە. غەریبن، بێ ڕیشوون. ئێمە منداڵی کوچە و کۆڵانی کرماشانین. پاڵەوان زادەین. بەمەولا فەرمانم بدەرێ، وەک کارەکۆرپە گوێ تا گوێ سەری دەبڕم.

موجتەبا چەپڵەیەکی لێدا و بەچەپ و ڕاستدا سەری سووڕدا و ئاڵۆزانە وتی:

– بەهـ هەی لە ڕۆژی ڕەش! ئا تۆ فەرمان بدە و چاوم لێکە. ئەویش مژێکی دا لە لیوانی عەرەقەکەی بەردەستی و خەیار شۆرێکی کرماند و وتی:

ئێژم...

- دەی.

- مەیخە تای ترس و تۆقیانەوە، با نەختێک هۆش و زرنگی بەکار ببەین. باش دەزانی ڕەحمان پیاوی ساواکەو پوول و پارەشی لەژێر دەستدایە، با ملهوڕی و چەقۆکێشی بخەینە ئاخری هێڵەوە.

عەباس تیغی پیاڵەیەکی دی ڤۆدگای هەڵدا و بەپەلە وتی:

- قەحپەشیر دەتەوێ چی بڵێیت؟

- دەڵێم با فەرهادی کوڕی بفڕێنین، شەوێک بەلامانەوە بێت. خۆ یەکجار جوانکیلەیشە.

عەباس یەشتا بەوردی لە مەبەستی موجتەبا تێنەگەیشتبوو، گێلانە دەینواڕی. موجتەباش زەردەخەنەیەکی حەرامزادانە کەوتبووە سەر لێوانی و مووزیگەرانە وتی:

- ئەو وەخت...

- ئەو وەخت چی؟

- ئاغا عەباس! مەگەر بەڕووسی دەدوم؟ ئەو وەخت سێ چوار کەسە سواری دەبین و بێ سیرەتی دەکەین. ئەوەیە مەرگی ڕەحمان ملکی، نە چەقۆکێشان و یەخە پێگرتنی. عەباس بزەیەک کەوتە سەر لێوی و بزەی کردە کەنین و قاقا پێکەنی و سەری موجتەبای بەهەردوو دەست گرت و ناوچەوانی ماچ کردو بەدەم قاقاوە وتی:

- کێ دەڵێت جوجە تێناگا؟ جوجە یەکپارچە جەواهیرە، جەواهیر. جوجە حەرامزادەو دایک خۆگێشە.

تا ئەو دەمە عەباس و موجتەبا تەنها لەژێر دەرختێکی لای

قاوەخانەکەی زەمان کاولیدا لە تاقوسان بەسەر بەتانیایەکەوە نیوە چوارمشقی دانیشتبوون. عەباس دەستەسڕەکەی خستبوە سەر چۆکی و غولام گەیشتە بەرەوە. عەباس بەتووڕەبوونەوە لاتانە:

– هەی کیر وەناو دەمت، تا ئێستا لە کوێنە بووی؟ حەتمەن سەرگەرمی قاپێن بوویت. هەی فلان فلان لێکراو... مەگەر نا...؟

غولام لە چەقۆکێشانا بەناوبانگ بوو هێندە توندوتیژ چەقۆی بەکار دەبرد، کابرا تا بەخۆیدا دەگەیشت سێ چوار هێڵی سووری خوێناوی نەخشی سەر لەش و پەیکەری دەکرد. لەو ڕووەوە لەناو دەستەی شەڕسێن و خاوە وەرگر و باج سێن و چەقۆکێشەکانا بەغولام نەقاش ناودەبرا. سەرزمانیشی دەگرت و نەیدەتوانی پیتی «ر»ی بەچاکی بەکار ببا تەواوی ڕێی دەکردە لام:

– عەباس خان بەبوزلگەوالی خۆت بمبەخشە. کالوبال گلفتالی نەیهێلا سەل وەخت بگەم.

– نامەرد ئێمە ئەمە چوارەمین پیالەمانە. غولام بوتڵی ڤۆدگای شۆڕکردە نێو پیالەدا و یەک پیالە و دوو پیالە و سێ و چواری هەڵدا و بەدەم تەنگەنەفەسییەوە وتی:

– ئێستا سەل بەسەلیم. ماوتانە، مەگەل نا؟

موجتەبا هەروا تێی دەنواڕی. غولام دەستی بەرز کردەوە و نەیهێنایەوە خوارێ هەروا ڕایگرتبوو ڕوو بەموجتەبا قیڕاندی:

– وە ئیمام ڕەزا دەتکەمە دوولەتەوە جوجەی حەلامزادە! بۆ وا تیەم دەنوالی...؟

– ناتخۆم، دەتخۆم؟ با بنوارم قەدەغەیە مەگە؟

– نا، گەلێک قەحپە دایکانە دەنوالی. تەواوی جنێوی خراوخراوە جنێوی بێدەنگ.

– دار هەڵگرە سەگی دز دیارە.

عەباس تیغی کەللەی گەرم بووبوو، چاوی پەڕیبوە تەوقی سەری لەپڕ قیڕانی:

– ئیهی! بەسە ئیتر، بێ مەعریفەتانە!

– موجتەبا و غولام وەک دوو تووتکە سەگی لە خاوەن ترساو سەریان داخست و بێدەنگ بوونەوە. لە دوورەوە گۆرانیبێژ و تارژەن گۆرانییان دەووت:

پەپلە سلێمانی ماڵم ڕمانی
چاو ئەبرۆ مشکی قەیرم نیەزانی

عەباس سیامەست بووبوو. لەپڕهەستایە سەر پا و چەقۆی زامنەداری لە گیرفان وەدەرهێنا و قیڕاندی:

– نەفەس کێش! پیاوی مەرد لەم دەورە نابینم؛ ئەگەر هەیە با بێتە پێشەوە... عەباس لارەلار خۆی لە سەر پا دەگرت. جوجە هوشیارتر بوو، هەستایە سەر پا دەستی دایە بندەستی عەباسی تیغی و لەسەرخۆ وتی:

– دە وەرە خۆت مەکوژە لەدەست عەباس خان. ئەوسا تەواوی شاری کرماشان چەکەرەت لێدەکا تۆیش هەڕەشە لە کێ دەکەی؟ دەستی بۆ چەن کۆمەڵێکی دوور و نزیک درێژ کرد و: مەگەر ئەو گاو و گوێرەکانەش بەشەرن؟ حەیف بۆ ئاغا عەباس! حەیف!

غولامیش هەستابووە سەر پا. دەستی موجتەبای گرت و وتی:

– لێگەلێ با سـەفـای خـۆی بکا. ئەویش چەقـۆی خـۆی دەرکـرد و قیڕاندی:

– ئا، مەلدم گەلەک با بێتـە بەلەوە. دانوایەوە و لیوانی پڕ لە ڤۆدگای هەڵگرت و نایە سەرەوە.

عەباس قیڕاندی:

– بڵێنە زەمان کاولی یەک بوتڵی دی ڤۆدگا بنێرێت.

جوجە و غولام نەقاش دوودەنگی قیڕاندییان: زەمان خان گوێت لێ بوو ئاغا عەباسی چی فەرموو؟ لە دوورەوە یەکێک وەڵامی دایەوە:

– گوێم لیێ بوو. وا هات.

– دەی برا سەگ!

– عەباس دانیشتەوە، غولام و موجتەباش هەروا.

– ئێژم...

– عـەباس خـان! هـۆشت بەلای مـوجـتـەبا جـوجـەوە بێت، دەیەوێ شەکەل بشکێنێت.

– هەی دەم گوی پێـبـخۆیت. جـا توخـوا من دەم و فلـچێ وا فلـت و گواویم هەبێت ورتەم لە دەمەوە دێت. و قسەی پێ دەکەم؟

– ئاخل میلازت ئەگلم و بۆ حەوت پشتت چیلت دەکەم.

– ژیرم. ئـەگـەر ئورزەت هـەیە و دەتوانـی تێ فکرێی تـا تۆڵەی ئـاغـا عەباس لە ڕەحمان ملکی کەیتەوە، دەتوانی؟

غولام کەوتە لا هەنیسک خوراندن و وتی:

– وە هەلچی ئیمام هـەیە جوجە لای وایە لە تەکبیلدا ئەمیلی کەبیلە. لاوە بەدبەخـتی بێ چالە، ئەگـەل تۆزێک زلـنگ و هوشت هـەبوایە لۆژت

نەدەگەیشتە ئەملۆ. داملکیە لاچۆ، بێ سەل و پای پوچ!

عەباس نەرم نەرم سەری بەرز کردەوە و ژمێرا و وتی:

– موجتەبا ڕاست دەکا. دەی بزانم چی بکەین؟

– چی بکەین؟ زۆرشت هەیە دەتوانین بیکەین.

– وەک چی؟

– دەتوانین بیکوژین. کابلا. ملهولە، ئا ملهولە. لەنگە وە چەقو تووشی گلفتالیمان بکات، بەدەمانچە کوشتنی فلە ئاسانتلە. قەینا بۆخۆی دەمانجەشی پێیە.

– دەی تۆزکالیک مەردانەگیم بۆ ماوەتەوە، لە ڕووی حیکمەتی جەنابتەوە با ئەویش لەدەست بدەم. ئەو دەم تەواوی خەڵکی کرماشان بڵێن عەباس ڕەسم و ڕەواڵ مەردانەگی نەپارازت، نەیتوانی و لە ترسا دەمانچەی بەکار برد.

– ئەمە قسەی حساویە. ئەگەر دەمانچە بەکاربوەین ئەبێ ئەم شارەش بەجێ بهێڵین.

– باشە چۆنە میقدالێک تلیاک بخەینە ناو کالگاکەیەوە خەوەلی پۆلیسی لێ بدەین؟

– موجتەبا تۆ چی دەڵێیت؟

– ئەمانەی وا جەناب ئاقای غولام خانی نەقشی دەیفەرمووێت ترحێوی دەوێ. ئێمە لەناو پۆلیس و ژاندارمری و ساواک و دەوڵەت بازیدا دەرەقەتی ملکی نایەین. کاورا پەل و پۆی داکوتاوە، تەنها دەوای دەردی ملکی ئەوەیە وا وتم. مەگەر دەوڵەت ئازادی نەکردووە تا وەروەر هەڵگرێت؟

عەباس ڕوو بەغوڵام:

– دەزانی جوجە چی دەڵێت؟

– هەڵچی جوجە بیلیەت قسەی و یەکپالچە گلفتالیە...

– بیبیسە... ئەو دەم ڕایخۆت بدە، دەڵێت فەرهادی کوڕی بدزین و بێ سیرەتی کەین.

– وا کلدمان دوایی چی؟

موجتەبا تا ئەودەمە چوارمشقی دانیشتبوو، هەستا و چنچکە وەستا و وتی:

– ئەودەم فڕاندمان و سواری بووین، وێنەی لێ دەگرین و ئیتر بەو وێنانە دەی ترسێنین تا هەر وەخت ویستمان سواری بین، نەڵێ نا. وردە وردە وای لێ دێت بۆ خۆی تەوح و هەوەسی دەچێتە لای ئەو کارانەوە و بەو چەشنە تۆڵەی عەباس خانمان وەرگرتووەتەوە. تا هێزی تیا بوو شەپەلاغێکی دایە سەر ڕانی غوڵامدا و وتی:

– چۆنە وا؟ پیران وەیسەش بیری وای کردۆتەوە؟

– ئەشهەدو ئەمە بیلێکی خاسە؛ بەڵام منیش هەل وا دانانیشم هەل ئەکەم. ئەی کاکە وا ئێژی کەی دەست وەکال ئەوین؟

– لەم یەک دوو ڕۆژەدا.

– منیش وەلای خۆمەوە دەست وەکاڵ ئەوم. ئەو وەخت ئەزانی غوڵام نەقاش بۆ هاوڕێ وەفادارە و کوڕی دوا ڕۆژە. عەباس هەستایە سەرپا و دەست و پەنجە قرتاوەکانی بەرز کردەوە و وتی:

– سەورم لێکەن تۆڵەتان دەسێنمەوە. کورگەل با بڕۆینە لای بەزمی پەری بوڵەندەوە و دەستەو دایەرەکەیەوە ڕەحمان ملکی تەواوە، یانێ تەواوە.

بێ گومان بەڵگەیەکی متمانە پێکراویان بەدەست هێناوە؛ بۆیە وام ڕەفتار لەگەڵ دەکەن. تۆ بڵێی یەکێک لە برادەران کەوتبێتە هاوکاری کردن لەگەڵیانا؟ یا کەوتبێتە داویانەوە و ناوی هێنابم؟ هەمووی شیاوە. ئەمانە شەیتان زادەن. ئەی ئەبو عیرفانی نامەرد بۆ ئاگادارمی نەکردووە، خۆ ئەو لە زۆر شت ئاگادارە:

دڵشاد هەستی بەبازوانی نەدەکرد؛ لەبن مەچەکیدا توند توند جەڕاندوبوویان، چاویان سفت بەستبوو. تا توانی سەروگەردنی بەپشتدا برد تا لەژێر پەڕۆکەوە زەوی وەدی کا... هەموو شت ڕەش و تاریک هاتنە چاو. بۆ یەکەم جار لە ژیانیدا ڕەنگی ڕەشی بێزیاند هەر کات باسی ڕەنگ و بنەماڵەی ڕەنگ بکرایە، دەکەوتە باسی شکۆمەندی و پایەبەرزیی ڕەنگی ڕەشەوە. هەتاوەکو بەهاوینی گەرمی بەغداشەوە دەستبەرداری جل و بەرگی ڕەش نەدەبوو. دەیوت: ویقارە، ویقار.

دەیزانی لە بیست سەعات زۆرترە دەست بگیریان کردووە و بەچاوبەسراوی هێناویانە. بە چ تۆمەتێک، لە کوێدایە، چ دەستگایە گرتوویەتی، نەیدەزانی. بەڵام بیری هەر بۆ لای ئاسایشی گشتی دەڕۆیشت. هەر ئەوانن ئاوا ڕەفتارێکیان لێ دەوەشێتەوە، جیڕەی دەرگا ئاسنەکەی هاتە گوێ. دڵشاد لا بەلا لەسەر زەوی ڕاکشابوو، کابرایەک نەڕاندی بەسەریدا:

– هەڵسە زل حیز! هەستە.دڵشاد لە دڵی خۆیدا بیری لەو وشەیە کردەوە، لەم چرکەیەدا لەناو هەزاران جنێودا ئەم جنێوەی بۆچ هەڵبژارد؟ بۆ خۆی دەیزانی ئەو زلێکی وا نییە سرنج ڕاکێشێت و حیزیش نییە و نەشبووە. بەدژوار هەستایە سەر پا. کابرای یاساوڵ لە چوار دیوارە تەنگەکە هێنایە دەرەوەو کە دەستی گرت، باوەک چاوی بەسترابوو زانی یاساوڵێکی کورتە باڵایە. لە کاتێکدا وردە وردە دەیدا لەبەر بەیاساوڵەکەی وت:

– دەتوانم شتێک بپرسم؟

– دەی؟

– لە نێو ئەو هەزارەها جنێوەدا بۆچ زلحیزت هەڵبژارد.

– ئاخر زۆر زل هاتیتە چاوم.

– نا من زۆر زل نیم، تۆ گولە سیخن و کورتە باڵای؛ ڕەنگە حیزیش بیت؟

کابرای یاساوڵ لێی هەڵبەزییەوە و ماڵی بەبناگوێیدا و ئنجا وتی:

– هەر بۆ خۆت حیز نیت، دایکتیش حیزە.

دڵشاد دەیزانی وا تووش هاتووە. با وەک نازانێ لەسەر چییە و بە چ تۆمەتێکە، بڕیاری دا تا بتوانێ سەری تەسلیم دانەنوێنێتەوە؛ بۆیە بەیاساوڵەکەی وت:

– ژنەکەتیش حیزە و خوشکەکانیشت.

– با بتگەڕێنمەوە، ئەو وەختە من و تۆیان وتووە.

– قسوور بکەی نامەردیت، کە هەیت. دایک خۆگێیشی.

کابرای پۆلیس پای دایە بەر پای دڵشاد. دڵشاد تەختی زەوی بوو.

هەروا لە زەویدا کەوتبوو لە ژێر لێوەوە وتی:

– بیشم کوژی ژنەکەت حیزە.

– با بتگەڕێنمەوە ئەو حەلە دەزانی حیز کێیە.

دڵشاد بەدژوار هەڵسایەوە. کابرا پەلەکێشی کرد و کە شانی دای لە کەمەی دەرگا زانی لە ژوورێک دەبرێتە ژوورەوە. زۆری نەخایاند لەسەر کورسییەکی حەیزەران دەست و چاو بەسراو دانرابوو. ماوەیەک هەروا بێ دەنگ هیچی لەگەڵدا نەوترا، دەیزانی لەیەک کەس زۆرتر لە ژوورەکەدایە. لە پڕ یەکێک پرسی:

– ناوت چییە؟

– دڵشاد.

– باوکت؟

– حەمە فەرەج ڕەسوول.

– خەڵکی کوێیت؟

– کەرکووک و ئێستاش نیشتەجێی شاری بەغدام، لە شارەوانی بەغدادا کارمەندم.

– دوای ئەوەی لەکار دەگەڕێیتەوە بە چییەوە سەرگەرمی؟

– وەک دەزانن من هونەرمەندم و بەکاروباری هونەرییەوە ڕایدەبوێرم.

– هەر ئەوە؟

– خۆ خەریکی تریاک فرۆشتن نیم. تەواوی شارەوانی بەغدا من دەناسن و دەزانن بەچییەوە خەریکم.

– بۆچی تۆ ئێمە بەگەوج و گێل دەزانی؟ ئێمە نازانین تۆ بەچییەوە

خەریکی؟ خۆزگە بەتریاکەوە خەریک بایتا . دڵشاد نەختەکێک ترس و ختورە کەوتە دڵیەوە. سوور و سفت وتی:

– بێ شک هەڵەیەک لە کاردایە. منتان چۆن هاتووەتە بەرچاو؟ ئەوی من دەناسێت دەزانێت لە کێشەوە دوورم.

– ئەوەندە خۆت بەهەژار و بێدەسەلات مەدەچاو، چاکت دەناسین.

– وەڵڵا ئیتر گەز و قەیچی بەدەستی خۆتانە چۆنی دەبڕن، دەیبڕن.

– خوێڕی گاڵتەمان پێ دەکەی؟

– گاڵتەی چی؟ دەکۆشم خۆم لە تۆمەت بپارێزم.

– هەروا بەم ئاسانییە؟ لات وایە ئێمە نووستووین و نازانین پۆ و پێوەندیت لەگەڵ کێدایە؟

– پەیوەندییەکانم زەرەر و زیانی بۆ کەس نییە و جێگەی گومانیش نین، هەرنەبێت تا ئەویەی بۆ خۆم دەیزانم.

– تۆ ئەوەندە بێ تاوان نیت، ئێمە بەڵگەی زۆرمان بەدەستەوەیە کە تۆ پێوەندیت لەگەڵ بێگانەدا هەیە؛ وەک دەزانی ئەو جۆرە پێوەندییانەش بەلای یاسا و ڕەوشتی دەوڵەتەوە قەدەغەیە.

دڵشاد هەناسەیەکی ڕاحەتی دوور و درێژی هەڵکێشا و گوڕ و توانا و باوەڕبەخۆبوونی چەندین بەرانبەر بوویەوە و زانی تۆمەتەکەی دوورە لە برادەرانەوە، تۆزێک پێکەنی. کابرا بەتووڕەبوونەوە وتی:

– پێدەکەنی؟

– وەک دەمبینی. ئەوەتەی کە لە ئەوروپا گەڕامەتەوە بێگانەم لەناو شەقامدا دیوە، ئەمەی دەیڵێم درۆتان لەگەڵ ناکەم.

– ئێمە بەڵگەی زۆرمان بەلاوەیە ، کە جەنابت درۆ دەفەرموویت. کابرا قیڕاندی: چاوی بکەنەوە.

دڵشــاد بۆ مــاوەیەک دەوروبــەری لێڵ هــاتە چاو و وردە وردە هــاتەوە ســەرخــۆی. ژوورێکی چوار ســووچە، دۆڵابێکی ئاسنی دوو دەر، دوومێزی ئاسن، سێپایەیەکی ئاسقی ئاسن، خاولییەکی چڵکنی پیا هەڵواسرابوو، تەلیفۆنێکی ڕەشی زەلام بەسەر مێزەکەوە بوو. کابرای سەر مێزەکە بێدەنگ هەر دەینووسی. وێنەی ئەحمەد حەسەن بەکر بەجل و بەرگی سەربازییەوە بەسەر دیواردا هەڵواسرابوو. کابرایەکی چوارشــانەی کورتە بالاش لە پشــتی ســەرەوە وەک پەیکەر بێ دەنگ بەدزییەوە چاوی دەپرتاند. دڵشاد کە لای کردە لایەوە و کابرای کورتە بالای لە ڕاسەریوە دی، بزەیەک کەوتە سەر لێوانی. کابرای پشت مێز هەڵسا و بەرەو لای دڵشاد هات و شەش حەوت وێنەی دا بەدەستییەوە و وتی:

– ئێستاش دەڵێی پێوەندیت بەبێگانەوە نییە؟

– دڵشــاد لە وێنەکــان ورد بوویەوە و ڕوانی بۆ خــۆیەتی لەگــەڵ یاسەمین و یەک دوانێکیشی لەگەڵ دکتۆر مینائی و ئەفشین و بابەک دایە.

– ئێــوە ئەم پەت پەتێنەتان بەســەر مندا هێناوە لەبەر ئەم وێنانە؟ ئەمەیە پێوەندیی من لەگەڵ بێگانەدا؟

– ئەوانە بێگانە نین؟

– با، بێگانەن. بەڵام ئەوانە لەم وڵاتەدا دەژین و پەنابەرن. جــارێک دکتۆر مینائی هاوکارمە و لە شارەوانیدا لە ژوورێکدابین. بێگومان یەکێک هەیە و لای خۆشە ئازار و ئەزیەتم پێ بگەیەنێت. ئەگینا هیچ نیــازێک بەم هەمــوو ئازار و ئەزیەتەی نەبووە لای کــردە لای کــابرای کورتە بالاوە و وتی:

– هەتا وەکو ئەم برادەرە سەد شەقی تێ هەڵداوم. کابرا بێ جووڵانەوە وتی:

– قوربان درۆی دەکا.

– وەڵڵا خۆ هەڕەشەشم لێ دەکا کە بردمیەوە دارکاریم کا.

– کابرای لێپرسراو چاوی لە کورتە باڵاکە زیت کردەوە و هیچیشی پێ نەوت.

– پێوەندی نێوان تۆ و یاسەمین لەسەر چ بناغەیەکە؟

– زەرووریيە بیزانی.

– ناچاری دەبێ بیڵێیت.

– خۆشم دەوێ و دەمەوێ بیهێنم.

– ناتوانی. یاساغە.

– زۆر کەس هەن ژنی بیانییان هێناوە.

– ئەوانە بەبڕیاری تایبەت بووە.

– بۆ دەستم ناکەنەوە؟ خەزنەی دەوڵەتم بڕیوە؟ چیم کردووە؟ حەز لە ئافرەتێک کردن ئەم پەت پەتیەی ناوێ، دەیەوێ؟

– ئا دەیەوێ. لە یاسای ئێمەدا قەدەغەیە. قەدەغە شکاندنیش سزای هەیە.

– من لەیرا دەرچووم، لەسەر حەقی خۆم دەڕۆم. قەینا کوردم و ڕەنگە بەدژوار بگەمە حەق و مافی خۆم ، بەڵام دەزانم کێ لە پشتی پەردەوە ئەم گرفتارییەی بۆ دروست کردووم.

کابرای ئەفسەر لە وتەکانی دڵشاد کەوتە تەنگەبەرییەوە. بێ ئەوەی سەری بەرزکاتەوە هەروا دەینواڕییە نووسراوەکانی بەردەستیدا وتی:

– گوایە کێ بۆتی دروست کردووە؟

– سەرپەرشتی ڕادیۆی کوردی ، کە بەتەواوی توانا و تەڵەکەیەوە کەوتوەتە دوای یاسەمین و ئەویش نرخ و بایی تۆکڵە کاڵەکی بۆ دانەناوە و بەم شێوە منی دووچار کردووە. ئەگەر لەسەر ڕاپۆرتی ئەو من نەگیرابم هەرچیم بەسەر دێنن ئازادن. کابرا بەکورتە باڵای وت:

– دەستی بکەوە.

– کورتە باڵا بەناڕەزاییەوە دەستی کردەوە. دڵشاد بەدژوار هەردوو دەستی خستە سەر ڕانی و ناخۆ ئاگا کەوتە شێلانی مەچەکی و لەبەر خۆیەوە وتی:

– من قوربانی ڕاپۆرتی درۆ و دەلەسەم.

کابرای ئەفسەر وەڵامی دایەوە:

– درۆ نییە. تۆ لەگەڵ برێک کەسدا تێکەڵی، هەڵگری پێناسی عیراقی نین. لە بارەی یاساوە، یاسات شکاندووە و یاسا شکاندنیش سزای هەیە.

– نەخەیر قوربان! ئەو کابرایە بەئاشکەرا ئەو هەڕەشەیەی لێ کردووم و لەناو خەڵکدا وتوویەتی:

– دوایی دەزانێت من کێم و مەنێک ئارد چەن فەتیرەی تیادایە. دیارە درۆی نەکردووە و بەباشی دەستی ڕۆیشتووە و توانیویەتی دەست پێچم بۆ دروست کا و بەم ڕۆژەم بگەیەنێت. ئەڵبەتە ئەو دەست ڕۆیشتنەشی لەسەر بنەمای جی کێشییە و کابرا نان و دەست ڕۆیشتنی لەسەر ئەو کارەیە و ئەوی ئافرەتی نێو ئێزگە هەیە بەدوایانەوەیە. هەر یەکەیان بەجۆرێک و بەشێوەیەک لەگەڵیانا دەدوێ. ئەو باسەشی لەگەڵ یاسەمیندا کردبوو. لە دەرەوەی ئێزگە دەممان

پێگیراو هەڕەشەی لێ کردم و وا هەڕەشەکەی بەئەنجام گەیاند.

کابرای ئەفسەر فەرمانی بەکورتەبالاّدا و وتی:

- بڕۆ چایەک بهێنە بۆ کاک دڵشاد. کابرا سەلاّوێکی کرد و چووە دەرەوە. ئنجا هاتە لای دڵشادەوە و بەشێوەیەکی دۆستانە وتی:

- ئێمە دایەرەیەکین تەواوی ئاسایشی خەڵک و دەوڵەت و وڵاتمان بەسەرەوەیە؛ زانیاری زۆرمان پێ دەگا. نەمان زانیوە ئەم بێگانانە پەنابەرن و کارمەندی دەوڵەت و هاوکارت بوون. جا داوای لێبووردنت لێ دەکەین، تۆزێ توند و تیژ بووین لەگەڵتا.

دڵشاد بەپێکەنینەوە وەلاّمی دایەوە:

- داخی هەموو شت بەلایە و ئەو گولەسیخنە بەلایەک. نازانی ئەم بەیانییە چەندە جنێوی پێداوم چەندە ئازاری پێ گەیاندووم.

کورتە بالاّ بەچایەکەوە هاتە ژوورەوە. لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا پیاڵەکە وەک سامیە جەمال کەوتبووە سەما و نیوەی چایەکە ڕژابووە نێو ژێرپیاڵەکە.

ئەفسەرەکە نەڕاندییە سەریدا: تۆ چای بهێنیت هەر دەبێ وابێت. خۆ ئەوە نیوەی ڕژاوە.

- قوربان! تاوانی من نییە تەواوی پیاڵەکان هەروان. دڵشاد ڕوو بەکوڵەبالاّ:

- خۆت نابوویەوە ئەمشەو چیم پێ بکەی؟

کورتە بالاّ مڕی لێ بردەوە هیچی نەوت. ئەفسەرەکە دەستی بەزەنگ دانا و زرتەزەلامێک هاتە ژوورەوە:

- مامۆستا بگەیەنە ماڵەوە.

ئەفسەرەکە هەستا تەوقەی لەگەڵ دڵشاد کرد و وتی:

– فەرموو خوات لەگەڵ. دڵشاد پەنجەکانی ئاوسابوون.

سەرێکی لەرزانەوە و لە ژوور ڕۆیشتە دەرەوە. کابرای زرتە زەلامی ئاسایش لە پێشیەوە ڕێنمای بوو. گەیشتنە لای ماشینێکی ڕینۆ سواربوون و لە دەرگای سەرەکیی ئاسایش وەردەهاتن و چەن شەقامێک تێنەپەڕی بوون دڵشاد وتی:

– من لەیرەدا دادەبەزم.

– ناتەوێ بتگەیەنمەماڵەوە؟

– نا بڕێک ئیشم هەیە و تازە نامەوێ دایکم بەم شێوە بمبینێت. لە ماشین دابەزی، لە ژێر لێوەوە بۆڵاندی:

– بڕۆ نفرینتان لێ بێت!

بڕیاری دا پێش ئەوەی بگەڕێتەوە ماڵ چاوی بەئەبوعیرفان بکەوێ. لە یەکێک لە فرۆشگاکانەوە تەلیفۆنی بۆ کرد و بڕیار درا لە هەمان جێگەدا چاویان بەیەک کەوێ. لە کۆگا وەدەر هات و بێ تاقەتانە هەنگاوی دەنا. بۆی دەرکەوتبوو لە کوێنەوە پاپیەچیان بۆ سازاندووە. لای ڕوون بووبوویەوە کار کاری بەڕێوەبەری ئێزگەی کوردییە. دڵشاد گەیشتبووە شوێنی هەمیشەگی؛ ئەبو عیرفان پێش ئەو گەیشتبوو. یەکدییان ماچ کرد. کەفارەتت بێت.

خراویان بەسەر هێنام. نەدەبوو لە مێژدا ئاگادارمت کردبا. لای خۆی ئاگاداری تەواوی کون و قوژبنی دایەرەی ئاسایشی.

– ئاگاداری زۆر لە بن و بەساتی نێو ئاسایشم، بەڵام نەک هەموو شتێک. لە دواییدا بۆم ڕوون بوویەوە مودیر ئێزگەی کوردی چاوی

لەسەر کچە ئێرانییەکە لە بەشی فارسیدا ئیش دەکا و دیارە ئاگاداری کەین و بەینی تۆ و ئەوە. کابرا لە ئاسایشدا دۆستانی زۆری هەیە. هەتاوەکو گەوادیشیان بۆ ئەکا. خۆ ڕاپۆرت نووسین لەم و لەو کاری ڕۆژانەیەتی، منیش دەیناسم بەس هەرگیز بەخەیاڵیدا نایەت من بەڕەگەز کورد بم. دووسێ جارێک هاتووەتە لام؛ شتێکی یەکجار بێ شەرەفە.

– من ترسم لە ڕێکخراو و برادەران بوو؛ دەترسام یەکێکیان وەگیر هاتووبن. ئەوە ئازاری دەدام.

– ئەگەر وا بوایە ئاگادارم دەکردی، مەگەر ئەبو عیرفانی لە گوێ گادا نوستووە.

گاردی شاهەنشاهی سەرتاسەری هەوارگە و باخچەی مەزاری «حافز»یان گرتووە. هەرچەند هەنگاو، یەک و دووان پەیکەر ئاسا ڕاوەستاون و بەچاوی گومان و پشکنینەوە گاردی شاهەنشاهی دەڕواننە هاتوچۆکەرانا، پۆتین و سەرەنیزەکانیان هەردوو بریقە دەدەنەوە و ترس و تۆقییان دەخەنە دڵانەوە. ساواک بەشێوەی جۆراوجۆر لەناو خەڵکیدا بڵاوەیان کردووە. شاری شیراز جلێکی دی لەبەردایە؛ سەدان تیپی هونەری لە وڵاتانی دوور و نزیکەوە هاتوون، چەندین تیپی مۆسیقا و شانۆیی سەرتاسەری ئێران لە شیرازا کۆبووەنەتەوە، شوعەرا و ئودەبا دەموچاوە ناسراوەکانی جیهان و ئێران دەعوەت کراون بۆ جەژن. جەژن جەژنی هونەری شیرازە، جەژنەکە لە ژێر سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی شابانودایە. زۆربەی میوانەکان لە وڵاتی فەرانسە و ئەورووپا و ئەمریکاوە هاتوون، ڕۆژهەڵاتییەکانیش دعوەت لێ کراون؛ بەڵام هەواو هەناسە هەر ڕوو بەڕۆژئاوایە. مەزاری پیرۆزی حافز لە تیشکی ڕەنگاوڕەنگدا دەبریسکێتەوە. باخچەی دەوروبەری مەزاری لیسانولغەیب بەشێوەیەکی نوێ و تازە بابەت ڕازاوەتەوە ناگونجێت لەگەڵ... سەرمەزارە گۆپکەدارەکەیدا. شانۆیەکی تەختەیینی زل زەلام لە سەربنی باخچەکەیدا دروست کراوە، سەدان کورسی چنراوە، ڕیز مێز و چەرچەفی خاوێن و هەر مێزێکیش چەندین مۆمی لەسەر

دانراوە، ئێوارەیە درەنگ شنەی با نەرم نەرم دەیبرد و دەیهێنا . دەنگ دەنگی نەرمە تاری پەنجە زێرینانی هونەری بەزم و گۆرانی. دەڵێن دوای نیوەڕۆ شابانویش گەیشتووەتە بەرەوە. شار جم و جوڵێکی نائاسایی تێکەوتەوە. جەژن چەند ڕۆژێک بەردەوام دەبێ، زۆر کەس کەوتە تەقالاوە تا بلیتی دیتنی یەکێک لە بەرنامەکانی بەدەست بهێنێت. وەدەست هێنانی بلیت مەگەر خودی حافز بکەوێتە تەقالا و نزاوە تا وە دەستی بهێنێت. جەژن جەژنی گرووپەکانی تازەی دەوروبەری شابانوە و نوێگەراییان کردووەتە باو. مەزاری حافز ئەو سحر و جادووەی لە دەست داوە، بەتایبەت بەلای سەر سوپوردەکانی فەلسەفەی حافز و حافزناسەکان هەر شەوی لێ دێت لەگەڵ حافزدا دەکەونە ڕاز و نیازەوە و شکاتی دەردی دڵ بزیسکە ئاسا بەرەو تەبار و هەوارگەی عوشاقانی ئەزەلیەت پەیتا پەیتا دەنێرن و بەزمێکی سەرمەستانە دەگێڕن. بڕێکیان ڕوو دەکەنە ڕۆژئاوا و هاوار دەبەنە بناری پڕ تەم و مژی حەوت تەپۆلکەکەی شاری بۆن و دەوروبەری کۆلن و فرانکۆفۆرت. لەوێڕا دەست لە قوڵفی دەروازەی دەروێشە ڕاستەقینەکەی حافز گیردەکەن و ڕێزدارانە دەبنە هاودەمی گوتە عاشقی زلێخا و وردەکارییەکانی حافز و دیوانی ڕۆژهەلاتی کە وا چۆن بڕێک لە هاوولاتییانی بێ ئاگا لە پایەبەرزی حافز، مەغروورانە لە دەوری مەزاریا هەنگاو دەنەن و هیرۆیین و ماری جوانا هەڵدەمژن و سوکرێکی بێ دەربەستانە دەیانگرێت و ماچ لە یەکدی دەڕفێنن.

ڕاستە حافز بۆ خۆی مەستی شەهدی لێوان بووە ، سوکرێکی یەزدانی سەرتاسەری ژیانی داگرتووە بەرەو تەبارو دەرباری ئەزەلییەتی بردووە.

ڕێز و حــــورمــــەتی ڕۆژهـەڵات چوارچێـــوەیەکی ڕازدارە، دژوارە ڕۆژئاوایی پێوەری کا. لە ملیۆنەهادا «گوتە»یەک دەتوانێ گوێ هەڵخا بۆ وێردە ڕازدارەکانی ڕۆژهەڵات و قفڵ و تەلەسمی زیندەگانی بکاتەوە و بەرەو ڕێگای ئاوریشمی خەیاڵ مل بناو هەوارگە بەهەوارگە کێو بەکێو خۆی بگەیەنێتە سەرزەوی و کەیکاوس زوحاک و فەریدون و ڕوسەم و حافز و سەعدی و مەولاناو...

فەلامەرز دیوانی لەسەر سنگی گۆڕەکە داناو وتی:

– جارێک بەدوعا! ڕێزدارانە دوابەدوا و ئارام و لەسەرخۆ هاتە دواوە. بەچاکی زانی لە باخچەی پیرۆزی حافز دوورکەوێتەوە. یەشتا سەعاتێکی زۆرتر مابوو بۆ دەست پێکردنی بەرنامە، ملی ڕێگای گرت و بەهەوای چوونە دەرەوە. بۆرە زەلامێکی لێ ناین بۆ بەرێزەوە وتی:

– قوربان! دەتوانم بزانم کێن؟

فەلامەرز لە ساتێکدا کابرای خستە ژێر زەرەبینەوە کە دەبێ کێ بێ و بۆچی لێی کەوتووەتە گومانەوە. لەسەرخۆ وتی:

– بۆ حەز دەکەی بمناسی؟ وەزیفەتە یا وات لا باشە؟

– ڕاستت بوێت وەزیفەمە و ئێمەش لە ئاوا داوایەکدا ئەو ئازادیەییان پێ داوین لە هەرکەسێک بکەوینە گومانەوە یەخەی پێ بگرین.

– ئافەرین برادەر! چەندە ئەرک ناس و وردەکاری! من پێناسی خۆمت دەدەمێ، بەڵام پێش ئەوەی بزانی من کێم دەمەوێ بزانم لە ڕووی چی ئەنگیزەیەکەوە لە من کەوتیە گومانەوە؟

کابرای ساواکی لێوێکی هەڵقرچاند و مۆڕیش بوویەوە و وتی:

– ئی ئنشائەڵڵا داوای پێناسیشم لێ دەکەی؟

– مـادام وای لێـهـات تا نەزانم پێـوەندیت بە چی دایـەرەیەکـەوەیە و ناویشت چییە، نە پێناست دەدەمێ وە نە وەڵامیشت دەدەمەوە.

– پێت دەڵێم من وەزیفـەی سـەرشـانمە داوای پێناس لە هەمـووان بکەم. لەم کـاتەدا کـابرایەکی دیکەیان لێ نزیک بوویەوە، یەکێکی دی چوار چێوەی پڕ لە جگەرەی لە ملدا بوو ئـەویش هاتە تەنیشتـیـانەوە. کابرای دووهـەم وتی:

– ئاغا گیان! نارەحەتی پێناوێ پێناسەکەتی نیشان بدەو تەواو.

– دەزانم بەئـاسـانی دەتوانم کـۆتایی بەبـەزمـەکـە بـهـێنم؛ بەڵام ئەم برادەرە بۆ لێم مۆڕ دەبێتـەوە و بـەو شـێوەیە لەگەڵم دەدوێ؟ بمبـەن بۆ لای بـەڕێوەبەرەکـــەتـان، پێنـاسـم دەدەم بـەو. دووقـــەلـەڕەش لانـەواز بووبوون، قـیـرەیـان تا دوورە ڕێ دەڕۆیشت، ڕیتـمی مـۆسـیـقـاکـەی شێواندبوو.

دووهـەمی بەڕێزەوە وتی:

– تۆ هەر لێمان زویر مەبە، هەرچی بفەرمووی موتاعە.

– کەواتە فەرمووین با بڕۆین بۆ لای بەڕێوەبەرەکەتان.

فـەلامەرز تا ئەو دەمـە دەنگی سـاواکی بیستبو، ڕەنگ و شێوەیانی نەدیبـوو. لاسـارییـەکی منداڵانە ڕووی تێکرد کـە بـەئـاسـانـی نەڕواتە ژێری فەرمانیانەوە. لە باخچەی پیرۆز وەدەرهاتن، لە بندەست تەلبەنی باخـچـەکـەدا چەندین بۆیاخـچی قـۆنەرە، لە تەنشت یەکـەوە چنچکە بەسـەر تەنـەکـەی خـاڵی ڕۆنـی شـاپەسـەندەوە ڕیز دانیـشـتـبـوون؛ بەحیسـاب چاوەڕوانی ڕێبواریان دەکرد تا کەوشەکانیان بۆیاخ کەن. کابرای یەکـەم سووربوو لەسـەر ڕەفتاری خۆی، گێلانە هەنگاوی دەنا. دیاربوو دووهـەمی لەوانی دی گەورەتر بوو، دەسـتی فـەلامەرزی گرت و

بەرانبەر یەکێک لە بۆیاخچییەکان ڕاوەستاو بەفەلامەرزی وت:

– قوربان! ئەم برادەرە بەڕێوەبەرمانە.

فەلامەرز بێ دەنگ دەستی بەگیرفانیا کرد و پێناسی دەرباری شاهنشاهی دا بەدەستیەوە.

کابرای بۆیاخچی هەر ئارم و تاجی پەهلەوی وەدی کرد و بەرزە پا هەستا تا نیوە چەمایەوە و وتی:

– لەگەڵ دونیایەک ڕێز و لێبووردنا داوای بەخشین دەکەم. دیارە هاوکارەکانم بێ مانایان کردووە.

فەلامەرز بێ ئەوەی لابەلای کابرای یەکەمەوە کا وتی:

– ئەو هاوکارەت لای وایە ئەم باخچە و بەرنامەی هونەری شیرازە «چاڵەمەیدانە» یا مەیدانی سەوزە فرۆشەکانە؟ من نەموت پێناسی نادەم وتم... تەنها دەمەوێ بزانم لە ڕووی چ بەڵگەیەکەوە یەخەی پێ گرتم، کەچی دانی لێ ڕیچ کردمەوە ئەگەر برادەرکەی دی نەبوایە، هەڵی دەدڕیم.

– بەهەرحاڵ لەگەڵ یەک دونیا داوای لێبووردنا؛ بەخشین کاروکردەوەی گەورەکانە.

فەلامەرز ملی ڕێگای گرت و دوور کەوتەوە.

کابرای بۆیاخچی ڕوو بەکاورای یەکەم بەتوڕەبوونەوە:

– بیستبووم کە گێل و گەوجی، بەڵام نەک بەم ئەندازەیە کە دەست بەیەخە بیت لەگەڵ سەرۆکی ئەندازیارانی دەرباری شاهەنشاهیدا.

– قوربان! لێی کەوتمە گومانەوە.

– باشە تۆزێکی دی خودی شابانویش دێت، بڕۆ پێشەوە و داوای

پێناسی لێ کە و بڵێ لێت بەگومانم تا پێناسم نەدەیتێ نایەڵم بڕۆیتە ژوورەوە.

– قوربان! من ئەرکی سەرشانم ئەنجام دەدەم کابرای بۆیاخچی بەتووڕەبوونەوە:

– کام ئەرک؟ ئەمە ئەرکە یا وڕکە وڕکێکی گەوجانە، دەزانی ئەرکی سەرشانی تۆ چییە؟

– بەڵێ قوربان!

– هەر ئێستا دەکەویتە ڕێ، ملی ڕێ دەگریت ناوەستی. تا تاران و دایەرەی سەرەکی ساواک سەعات هەشتی بەیانی خۆت دەناسێنیتە زیندانی دایەرە و تا تۆ دەگەی، پێیان ڕادەگەیەنم چۆن و چیت لەگەڵ بکەن. کابرا هەروا ڕاوەستابوو. بۆیاخچی نەڕاندی بەسەریا:

– بۆ ڕاوەستاوی؟

قەلە ڕەشەکان لە چڵێکەوە بۆ چڵێکی دی دەفڕین و دەیان قیڕاند. ئاغای موهتەدی چەند کەسێکی بەدواوە بوو، چاوەڕوانی کەژاوەی گەیشتنی شابانوی دەکرد. تاو تاو ئاوڕی لە سەعاتی سەر مەچەکی دەدایەوە. ڕوو بەیەکێک لەوانەی بەدوایەوە بوون:

– ئەم قەلە ڕەشانە وا بکەن یانی هیچ.

– لانەواز بوونە و ئاشوفتە.

– ئەمە دەردمان دەوا ناکا. بەزم و مۆسیقا و قیرەی قەلە ڕەشیان نەوتووە، دەبێ چارەی بکەین.

– وەک دەزانی قەلە ڕەش باڵندەیەکی یەکجار زیرەکە، ئەگەر هەست بەمەترسی بکەن دوور دەکەونەوە.

– دەتەوێ چی بڵێیت...؟

– دەڵێم ئەمشەو هیچ. تازە هیچمان پێناکرێت؛ ئەگەر لە سبەینێوە یەک دوو «توتو» بەدەست یەک دوانێکیـــان لێ بکوژێت، دەدەن لە شەقەی باڵ و دوور دەکەونەوە.

– بیرێکی یەکجار پاشە؛ بەڵام دەترسم بگاتە دەم ڕۆژنامە و میوانە بییانییەکان، ئەو دەم بکرێتە خۆراکی پڕوپاگندەی دژ بەدەوڵەت و گرفتاریمان بۆ دروست کەن، باش دەزانی چەندە تەشقەڵە گێڕن.

– بەدزییەوە دەیکەین.

– لە سبەینێوە دەستی پێ بکە. خۆ لەبەر دوو قەلە ڕەشی سەگبابی بێ حەیا بەرنامەکەمان تێک نادەین.

– تاریک داهاتبوو. خەڵکەکە هەر کەسێک بەگوێرەی ژمارەی بلیتەکەی بەسەر کورسی تایبەتیدا دانیشتبوون. تاکە مۆبلیایەکی گەورە و کورتە مێزێک ڕووەکەی بەگوڵ ڕازابوویەوە تەرخان کرابوو بۆ شابانو.

ڕیزی یەکەم چۆڵ و هۆڵ کەسی لەسەر دانەنیشتبوو؛ تەرخان کرابوو بۆ لێپرسراوانی دەوڵەت و هاوڕێیانی شابانو. تەواوی لێپراسراوان لەبەر دەرگای باخچەدا دوو لا ڕیزیان بەستبوو، چاوەڕوانی هاتنی شابانویان دەکرد. دانیشتوان پڕوشوری سێ ڕۆژەی ڤستیڤاڵیان بەدەستەوە بوو. بڕێک دەیخوێندەوە بڕێکی دی بەدەستیانەوە با دەیشەکاندەوە. لە پڕ هەم هەمە و ورتە ورتو ورەور کەوتە نێوانەوە. فەلامەرز لە ڕیزی دووهەمدا دانیشتبوو. ئاغای موهتەدی لە مێژا لەبەر دەرگادا لەگەڵ پێشوازیکەرانا ڕاوەستاو گەلێک خۆی بەزل و شت دەزانی، باکی نە لە وەزیر و نە لە گزیر و نە

لە خـودی سـەرۆک وەزیران بـوو. لەبەر پشت قـایمـی و خـوێشـاوەندی لەگـەڵ شـابانـودا زۆرشـتی بۆ دەڕۆیشـتـە سـەر و کـەسـیش نەیدەتوانی لەلی لەگـەڵا بکا. دەستگای دەوڵەتی هێنابووە تەنگ و لـە زۆر کار و بار و شـێـوەی بـەڕێوەبردنـیـانـا خـۆی تێـدەقـورتاند و هـەر نـەیتـوانـیـبـا دەیگەیاندە شابانو. کۆمـەڵێکی گـەنجی سـەرەڕۆی کـەم تاقیکردنـەوە و کۆنە کۆمـەنیسـتی لە دەوری خـۆ کـۆ کـردبوو، گـاڵتـەی بەبەڕێوەبەرانی دەوڵەتی شـاو چاوسـاقانی دەسـتگای سـەڵتەنـەت دەکرد و شـابانوی وا لێ کـردبوو لە زۆر شـتدا بەگوێی دەکـرد. دەسـتگای تەلەفزیۆن و بڕێک جـــــوولانـەوەی کـــــاری هـونـەری و پـڕوپـاگـنـدەی دەبـرد بـەڕێگـەوە. بەشـێـوەیەکی جـیـاواز لـە ڕەوتی نـاسـراوی دەوڵەت و هـەتاوەکـو خـودی شـــاو بەحـیـســـاب دەوڵەت و سـیـســـتـەمی شـــاهەنـشـــاهـی بەرەو گۆڕانکارییەکی ڕیشەدار و ئەمڕۆیی ڕێنمای دەکەن.

شـابانـو لەگـەڵ پێشـوازیکەرانیدا لە دەرگـای باخـچـە هـاتنە ناوەوە. مـــەزاری حـــافـــز نـوقم بـوو لە نـورا لەم لاو لاوە تیـــشـکی بەهـێـــزی برەژەکـتـۆریان ڕایاڵی مـەزار کـردبوو، عـیـرفـان و حیکمـەتی حـافـزی چەندین بەرانبـەر دەنواند. خـەڵکەکـە هـەر یەکـە لـە جـێگـەی خـۆیدا ڕاسـتـەپا هـەسـتابوون. شـابانۆ کـە چاوی بەمـەزاری حـافز کـەوت، خـۆی پێ ڕانەگیرا لە جیای ئەوەی بەرەو جێگەی تەرخـانکراو مل بنێ، دوور لە بەرنامە ڕوو بەمـەزار ڕۆیشت و پـەنجەیەکی خستە سـەر گـۆڕەکەی و چەند سـاتێک هـەروا وەسـتـا و وەرگـەڕایـەوە دواوە بەرەو خـەڵکەکـە و جێگەی تایبـەت، چـەپڵـەڕێزانی خـەڵک دیسـانە قـەلەڕەشـەکانی هێناوە قیـڕە و چڵ بەچڵ: شـابانو لە جێگەی تایبـەتی خۆیدا سـەقـامگیر بوو. لیلی و کاربەدەسـتانی دەرباریش لە پشتییەوە هـەر یەکە لە جێی خۆیدا لمیـان دا و ئاغـای مـوهـتـەدی ڕۆیشـتـە پشـتی «تریبـیـون» و بەناوی

شابانۆوە دەست پێکردنی ڤستیڤاڵی سێ ڕۆژی هونەریی شیرازی ڕاگەیاند کە یەکەم بەرنامە لە لایەن تیپی شانۆیی هامونەوە دەست پێ دەکا بەناوی «رنامە»...

زۆری نەخایاند پەردەی شانۆ ئارام ئارام کرایەوە «لی لی» ئاوڕێکی لە دوای دایەوە. ئاوڕەکەی لەگەڵ فەلامەرزدا یەکدییان گرت.

خەڵکەکە بێ دەنگ دەیان نواڕییە هونەرمەندێکدا لە ناوەڕاستی شانۆدا لەسەر چۆک دانیشتبوو. دەنگی تەپڵێکی نەرم وەک دوور بێت دەبیسترا. چرای نێو خەڵکەکە کوژابوویەوە تەنها تیشکی پرەژەکتورێکی زەردی کەم ڕەنگ لە دوورەوە خرابووە سەر جێگەی دانیشتنی شابانو.

باشە بۆ دەستم بۆ ڕاناوەشێنێت؟ تۆ بڵێی حەز لە ناهید بکا؟ خۆ وەڵڵا لە ڕێگەی قوتابخانە زۆرتر سەیری ناهیدی دەکرد تا من شیرین بەسەربانا دەهات و دەچوو، کتاوێکی بەدەستەوە بوو. جار جار سەری لەسەر هەڵدەگرت و دەینواڕییە سەربانی چوار خانوو ئەولاترەوە. لەپڕ شیرین شیرینی هاتە گوێ. شیرین بەرەو لای پلەکە هات و سەری بەرەو خوار شۆڕ کردەوە و وتی:

– چییە دایە...؟

بزانە شەهباز لە کوێیە، دەمێکە دەنگی نابیسم، بەلای تۆوەیە؟

– لای منی چی؟ ئەوسا من بەسەربانەوەم خەریکی دەرس خوێندنم.

سەبری قیژاندی:

– یانی چی لای من نییە؟ شپرزە بەدەست و پلی تەڕەوە لە ئاشپەزخانە وەدەرهات. دەستی هەسۆیە سەر ڕانیدا و نیگەرانانە وتی:

– ئەی دادوبێداد! بەخوا بەخوا ڕۆیشتووەتە دەرەوە. شەهباز بچووکترین هەلی بۆ هەڵکەوتبا فرتەی لێدەکرد و بۆی دەردەچوو. جگە لە کیلۆنی دەرگا نێر و مێیەکی ئاسنیان لە سەرەوە بەدەرگادا چەسپاند بوو شەهباز. گەورە بووبوو، دەیتوانی بەدان نێرومێکە ڕاکێشێ و دەرگا بکاتەوە، دەمی پێڕا دەگەیشت؛ بەڵام هەرچی کردبا عەقڵی بەوە نەدەگەیشت کلیلی بخاتە نێو کیلۆن و بایدا و دەرگا

بکاتەوە، عەقلیشی پێڕا بگەشتبا بەدان ئەو کارەی بۆ دژوار و پێی نەدەکرا. پارساڵ لە فرەسەتێکدا ڕۆیشتبووە دەرەوە، دوای شەو و ڕۆژێک لە پۆلیسخانەدا هێنابوویانەوە.

– کچەتیو! ئەگەر نەڕۆیشتایەتە سەربان ئاوامان بەسەر نەدەهات.

– دەی بێخە ملی من. بۆ خۆت تۆ لە خوارەوە نەبوویت؟

– فلّتە فلّت با بڕۆینە دوایدا. سەبری تا دەرگای حەوش ڕۆیشت و گەڕایەوە سەرپۆشێکی دا بەسەردا و لە ماڵەوە دەرچوو. بەدەست ئاماژەی بۆ شیرین کرد کە ئەو بەرەو ژوور بڕوا... بۆ خۆیشی کەوتە دەرگا لێدانی ماڵەکانی خوار و سەرئەنجام نک نائومێد گەڕایەوە. شیرین درەنگی کرد و نەگەڕایەوە ، سەبری پەنجەی دەستەکانی بەسەر سکییەوە گرێدابوو، نیگەران و نارەحەت جارەوبار چاوی دەسڕی. دووسێ ژنی دراوسێی لێ گلێر بوویەوە. شیرین بێ شەهباز گەڕایەوە.

– کچێ بۆ ئەوەندەت پێ چوو؟

– تەلیفۆنم بۆ باوکم کرد و ئێستا دەگەڕێتەوە. فەرهادیش هاتە سەر گاڵەدا دایکی قیژاندییە سەریدا:

– بۆ ڕاوەستاوی؟

– دەتەوێ چی بکەم؟

– ملت بشکێنە بەدوایدا بزانە لە کوێنەیە؟

– خوا بکا ئەم ڕمووزنە نەیەتەوە و بەڵکی ڕزگارمان بوێت ئینشائەڵلا! زەرەر و بەس. من ئەو دەعبایە بەبرای خۆم نازانم، لە کووچە و کۆڵان و گەڕەکدا ئاوڕووی بۆ نەهێلاوین. دەرگای حەوشەی توند داخست و وەدەرکەوت لەگەڵ بۆڵە بۆڵدا. سەبری ڕوو بەژنەکان:

- جا توخوا ئەوە قسەیە؟ چی دەڵێی لەگەڵ کاری خوادا؟

- کەس نازانێت حیکمەتی خوا لە کوێدایە؛ گوێ لە قسەی فەرهاد مەدە، گەنجە و خوێنی گەرمە. بەڵام شەهباز هی ئەوە نییە بەرەڵابێت و بێ چاودێری و دەرگای بۆ بەرەڵاکرێت، دەکرێت؟

- هەیرۆ کچە بەو خوایە هەمیشە دەرگامان گیراوە. بۆچی ئێوە نایبینن؟ فێربووە نێرومێکەی دەرگا بە دان بکاتەوە، ئاوا وەدەرکەوتووە.

ڕەحمانیش هاتەوە هەردوو چاوی جن جن بووبوویەوە، تەڵێک لە سویڵی لە ناو دانیا دەکرماند و سەری هاتبووە لەرزین و لەپڕ قیراندی:

- خۆ ئێوە دوو ماکەر لە ماڵن، نەئەبوو ئاگاداری بانا. ئێستا بەرەو چی دۆزخستانێک بڕۆم و یەخەی کێ بگرم؟ سەبری جگە لە لەپ بەسەر پشتی دەستا کوتان زیاتر وەڵامی نەدایەوە.

یەکێک لە ژنەکان ڕوو بەڕەحمان:

- ئاغا ڕەحمان! قسە هەزارە و یەکێ بەکارە. کوڕە ڕۆیشتووە و دەبێ بدۆزرێتەوە. نەخۆشخانەیەک، چوزانم پۆلیسخانەیە ئەملاو لایەک، خۆ زۆر نییە ڕۆیشتووە؟

سەبری هاتە جواو:

- فرە فرە سەعاتێکە، بەو وەزعەیە دەگاتە کوێ؟ ڕەحمان وەرگەڕایەوە دواوە بەرەو کۆڵان. بەدەم سەر لەرزینەوە دەیوت:

- نەگبەتی باشە قۆرتی خراپە. سەیر کە خوا چی پێداوم؟ ئەمە کوڕە یا ترە، سەد خۆزگە لە جوێی ئەو ترێکم کەندایە هەزاری خێر بوو دوویشی بەرەکەت.

کـــابرایـەک دوو هـەگــبــــە نـانی لـە وڵاخـــێک بـارکـــردبوو پـڕ بـەدەم دەیقیڕاند:

– نانە. ئا نانە. پیاڕا بگەن نەما. چەند منداڵ و ئافـرەتێک دەوریان دابوو لێیان دەکڕی. هەرگیز سـەروملی ڕەحمـان وا نەهاتبـووە لەرزین بەتووڕەبوونەوە سەروگوێلاکی خۆی گرت و نەڕاندی:

– بەسـە لا مـەسـەب شـار خـاپوور بووە، ئەوپەڕی ئەوەیە نەیدۆزمـەوە. یا مــاشـینێک لێی دابێت، لێی داوە و جـەهەنـەم، بەدەرەک. بەکـۆڵانە تەنگەکەدا خوار بوویەوە لای وابوو بەپێیان زووتر دەگاتە پۆلیسخانە. دەبوا لە چەند پلـەیەک سـەروەخواربایـە. بیـر و فکر و ئەندێشـەی بەلای گومبوونی شـەهبازی شـێتۆکەی شل و شـێواوەبوو. لە پشتـەوە یەکێک تێی خوڕی:

– ئاغا ڕەحمان! من غوڵامم ئەشهەدت بخوێن.

ڕەحمان لای کردەوە کابرایەکی دەمـانچە بەدەستی لە پشتی خۆیەوە دی. ڕەحـمان هوکـارەی چەک و تەقەمـەنی و چۆنیەتی دەست وەشـان و نیشـان گرتن بوو. هەر کابرای بەدەمانچەی ڕووتەوە لە پشـتی خۆیەوە دی کــوتوپڕ خــۆی کــوتایە زەویدا و لەهـەمــان کــاتدا دەســتی داوە دەمـانچـەو غولامیش دەسـتی لە کاردابوو. ڕەحـمـانیش گورج و گۆڵ هـاتە دەست و غـولام سێ فـیـشـــەکی لەسـەر یەک تـەقـاند یەکـێکیـان ڕووکەشانە بەر قۆڵی ڕەحمان کەوت دوو فیشـەکی ڕەحمان بەر سک و ڕانی غـولام کـەوت و لە زەویدا درێژی کـێشـاو تەخت بـوو. ڕەحـمـان بەدەمـانچـەوە هەڵی کـوتایە سـەری غـولام؛ سـوور بووبوو لە خــوێنا. دەمانچەکەی لەولاترەوە کەوتبوو. ڕەحمان ئەویشـی هەڵگرت و ڕۆیشتە سەر غولام و پای نایە سـەر سنگیدا و دەمانچەکەی ڕوو بەکەللەسـەری غولام گرت و وتی:

– نامەردی ڕۆژگار مەگەر دەمانچە تەقاندن فەنەر و قەڵەمبڕ بازییە؟ تۆ ئەشـهەدت بخـوێنە. تۆ ڕەحـمـان کوژ نیت، لێت ناپۆڕێ. لات خۆشـە بە چی بتـتـۆپێنم؟ بەدەمـانچـە یا بەتەوشی هـەنجن هەنجنت کـەم، کامیان دەی؟

غولام دەستی کردبووە سپەری سنگی و دەلاڵکایەوە:

– ئاغا لەحمان من کلدم تۆ مەیکە، بمبەخشە مەڵدانەگیت.

– بێ شـەرەف! حـەقـتـە مـەغـزت داغـان کـەم. بڵێ دەی کێ تۆی ناردووە؟ عـەباس تیـغی یا چ سـەگـبـابێک؟ دانـەوییـەوەو لوولەی دەمانچەکەی خستە ناو دەمی و لەسەریەکە دەیوت:

دەبڵێ، دەبڵێ وەئیـلا پەنجـەی پیـادێنم و هـەواڵەی دۆزەخت دەکـەم، بڵێ نامەرد. غولام دەمـانچە لەناو دەمیدا بوو بۆ خـۆیشی لە مێژدا دەم و زمـانـی بڵ بوو هـەر دەیمنگاند و دەیمنگاند. ڕەحـمـان دەمانچـەی لە دەمی وەدەرهێنا، قـۆڵیـشی سـوور بوو لە خـوێنا. غـولام بەدەنگێکی لەرزۆکەوە ترسی لێ دەباری وتی:

– ئەگەر بڵێم نامکوژیت؟

– نەء .

– بڵێ بەمەلدانەگیم؟

ـ بەمەردانەگیم.

– عەباس تیغی وتی ئەو هانی دام، ئەو ناردمی.

– ئەمە لای پۆلیس دەڵێی، ئەگەر مایت و نەتۆپیت؟

– ئەگەڵ نەڵێم لە عەباس نامەلدتل وم.

خـەڵک گلێـر بووبـوویەوە. پۆلیـسـیش گـەیشـتنە بەرەوە. ڕەحـمـان دەمانچـەی خۆی و هـی غولامیـشـی دا بەپۆلیسـەکان. غولام لە زەویدا

بوو خـوێنێکی زۆری لێ ڕۆیشـتـبـوو بەحـاڵ چاوی هـەڵدەهێنـایەوە. ئەمـــبــولانـس بردی و کـــەلەبچـــەیان لـە دەســـتـی ڕەحـــمـــان کـــرد. وەرچەرخایەوە:

– مەگەر من بریندار نیم؟

با بگەینـە لای ئەفسـەری چاودێر، لەوێڕا دەتگەیەنینە نەخۆشـخـانە. بکەوە بەرم... مـەگـەر ئەیرا تەکسـاسـە؟ یـەکێکی دی لە پۆلیسـەکـان ڕەحمانی دەناسی ڕوو بەئەو پۆلیسە وتی:

– هوشـیـار بە ئـەوە ئاغـا ڕەحـمـانە، دەمـانچـەکـەشی ڕوخـسـەتی دەوڵەتی هـەیە. مەگەر ناو ڕەحمان ملکیت نەبیستووە...؟

– با، بیسـتـوومـە؛ وەلێ هـەر دەبێت بیبـەینە لای ئەفسـەری ئـیشک مەگەر بۆخۆت ئەوە نازانیت؟

– با ئەوە دەزانم. دەڵێم هۆشت بەلای خۆتەوە بێت کابرا فرە پشـتی قایمە.

دوو پۆلیسـی دی ڕەحمـانیـان خسـتـە نێو مـاشـینەوە. کووچەو کۆڵان ژڵێــژابوو، هـەرکـــەســێک بەجــۆرێک دەیگێــڕایەوە. ڕەحـــمـــان ملکی چوارکـەسی کوشـتووە ، دووانیـان پۆلیسـە. دە کـەس پەلامـاری داوە ، کـانکسـتـەری لە تارانەوە بۆ هـاتووە، شـەڕ شـەڕی دە کیلۆ هیـرۆئینە. کـوردی عێـراقی ویسـتـیـانە بیکوژن... ئیـتـر بـەن وباوی زۆرو زەبەنە. نەخـــتــەکـێکی مـابـوو هەتاو ئاوا بێت. لووتکەکـانی بێــســتــوون چوو ئافـرەتێکی مـێــزەر زێڕین زەردیـان دەکـردەوە. شنـە بایەکی ســارد و فێنک بەکووچە و کۆڵانی شاری کرماشانا هۆژەی دەکرد.

ڕەحمان بەسـەر کورسییەوە دانیشـتبوو. خوێن بەقۆڵیـەوە وشکەوە بووبوو. ئەفسەری ئیشک وتەکانی دەنووسی:

– ئەو کابرایە دەناسی؟

– بۆخۆی ناناسم، بەڵام وتی عەباس تیغی ناردوویەتی بمکوژێت... وا بزانم ناوی غولامە، غولام نەقاش.

– عەباس تیغی کێیە؟

– یانی ئێوە بۆخۆتان نایناسن؟ چەقۆکێشی ئەم شارەیە، تەوای شار دەیناسن بەگەورەو بچووکەوە.

– بۆ دەیەوێ بتکوژێت؟

–- وەڵامی پرسیارەکەت لای ئەوە. لە خۆی بپرسە بێ شک وەڵامێکی هەر هەیە.

ڕەحمان بەو دەستەکەی بازووی گرتبوو زامەکەی هیچ جۆرە مەترسییەکی تیا نەبوو لابەلا گوللەکە بازووی ڕووکاندبوو.

– نامنێری بۆ لای دکتۆر؟

– نارەحەتی؟

– نارەحەت کە نیم بەڵام خۆ دەبێ بچمە لای دکتۆر. کابرا بۆ کوشتنم هاتبوو. ئەگەر شپرزە باما کارمی تەواو کردبوو، جێ خاڵیم نەدایە کەللەمی ئاگردابوو.

– باشە ئەم دەمانچەی تۆیە ڕوخسەتی هەیە؟ ئەگەر هەیە لە کوێنە سەندووتە؟

ڕەحمان دەستی بۆ باخەڵی برد و ڕوخسەتەکەی خستە سەرمێزی ئەفسەرەکە و وتی:

– نەمکڕیوە، هی سازمانی ئەمنییەتە. دەتوانی بپرسیت، ئەوە تەلیفۆن و... ئەویشە ساواک. ئەفسەرەکە دوولاپەڕە کاغەزی خستە بەر دەستی ڕەحمان و وتی:

- ئەگەر سەوادت هەیە ئیمزای کە. ڕەحمان قەڵەمی لە ئەفسەرەکە وەرگرت و لاپەڕەکانی ئیمزا کرد.

ئەفسەرەکە دەستی بە زەنگ دانا. پۆلیسێک هات بەژوورا و وتی:

- ئەم نامە و بریندارە ببە بۆ بیمارستان با تیماری بکەن و وەرنەوە.

زەنگی تەلیفۆن لێی دا و لە بیمارستانەوە پۆلیسێک بوو هەواڵی ئەوەی دا کە غولام نەقاش لە مردن ڕزگاری بووە و باری تەندروستی دامەزراوەو ئەفسەرەکە لە وەڵامیدا وتی:

- دەبێ لەژێر چاودێریدا بێت. ئاگاداری بن و هوشیار کابرا خەتەرناکە. شریقەی هەور ئاسمانی کرماشانی دادڕی. پروزەی باران دای دەدا و وردە وردە زۆرتر دەبوو. فەرهاد یەخەی پشت ملی شەهبازی گرتبوو پەلەکێش بەرەوماڵ دەیبرد و لەژێر لێو دەیوت:

- ڕێکە دەعبای خوا ڕێکە. لەم شارەدا هیچت بۆ نەهێڵاینەتەوە. شەهباز وەک وا بوو گوێزی بۆ بژمێرێت تاوێک نا تاوێک دەیوت: ئەخۆم... ئەخۆم... ئەخۆم. لە دوێ بەیانییەوە لە ماڵ دەرچووبوو وا شەو داهاتووە و هیچی نەخواردبوو.

- ئەخۆی! هەلاوردە بخۆی! ژەهری مار نۆشکەی ئینشائەڵڵا! دووقۆڵی کراسەکەی شەهباز بێ دەست وەک ڕیخۆڵە بەدوولایدا شۆڕ بووبوویەوە جارەوبار با دەیانیشەکانەوە. دووقۆڵی شەهباز زگماک تەنها یەک بنگوس بەشانییەوە ڕوابوو. کە گۆرانی گوێ لێباتا دووقۆڵی بۆش و بەتاڵی کراسەکەی جۆرێک دەلەرزانەوە لەگەڵ ڕیتمی ئاهەنگدا هاوکێشی و تەرازووی دەکرد.

- بکەوە پێشم ڕمووزن.

شـەهبـاز چاوە نەرمـە تەنگەکانی بەپەلە پرتـاند و خـۆی پێڕانەگـیرا لـەسـەر دەم کـەوت. لاڕوومـەتـی خـوێنـی پیـا چۆڕا و بـوو بەگیریانەوە..لەگەڵ گریاندا دەیوت: دەخۆم. دەخـۆم. خـەڵکێکی زۆر لە بەر دەرگـای مـاڵی ڕەحـمـاندا کۆبوونەوە، دۆسـت و ناسـیـار و خـەڵکی کۆڵان. فـەرهـاد هـەروا پـشت گـەردنی شـەهبـازی گـرتبـوو لە حـەوشـەی مـاڵ بردییـە ناوەوە. سـەبری بەرەو ڕوویان هـات... باوشـی کردە شـەهباز و بەدەم ماچکردنیەوە دەیوت:

– ڕۆڵە کۆڵەوارەکەم! ئەمە ڕۆیشتی بۆ کوێ؟ خۆمە نیوەگیانت کردم.

– ڕۆیشـتبـوو بۆ کـوێ؟ لە گـەڕەکی قەرەجـەکـاندا هـەڵدەپەڕی و چەند هـەتیوگەلێکیش تەنەکەیان بۆ لێدەدا . چۆن گەیشتووەتە ئەوێ، نازانم.

– هـەڵەپەڕی؟

– لەسـەر یەک پا ئەوەندەی تر بووبـووە ڕمووزن و مەسخـەرە. سـەبری بەفـەقـیـانەکەی ڕوومـەتی خـوێناوی شـەهبـازی سـڕی و لای کـردە لای فەرهـادەوە:

– بڕۆ فـریـای باوکت کـەوە خـەریـک بوون بیکوژن، هـەر خـوا ڕەحـمـی پێکردووە.

– کێ ویستوویەتی بیکوژێت، ئەمە کەی؟

– چووزانم کـام سـەگـبـابیـان، بۆچـی یەک و دووانن؟ دوای تۆ لە کـۆڵانەکـەی خـوارەوە تەقـەیان لێ کـردووە وا بزانم پۆلیس دەست بەسـەریان کردووە و لە پۆلیسخانەیە.

– بڕۆم بۆ پۆلیسخانە، دەیدۆزمەوە؟

– تۆ بڕۆ خۆ گوم نابێت، ئەوان دەزانن لە کوێیـە و چۆن چۆنینە و چ باسـە. هـەرچی بوو خـەوەرم لێگەڕێنەوە.

فەرهـاد دیسـان لە مـاڵ وەدەرکەوت.

کاک دڵشـاد! ڕامـەوەست، فـریاکـەوە با یەکدی ببـینین، تەلیفـۆنەکەی داخست.

دڵشاد ئاشـوفتـەگی ڕووی تێ کرد و کەوتە لەیەکدانەوەوە: ئەوە یانـی چی؟ قـەت و هـەرگیـزم وام نەدیوە. بەخـوا بەخوا قـەومـاوە. ئەفسـەرێکی نێـو دەسـتگای ئاسـایش لە خـۆڕا وا ناڵێت، دەیلـێت؟ ئەگـەر یەکێکیـان لێ گیـرابێت دەبێت بەقـیـەی شـانەکـە بۆی دەرچن تا گیـرۆدە نەبن یا خوا وا نەبێت.

دڵشـاد پەلە پەل بەخۆکۆکردنـەوەوە خەریک بوو ، دایکی هـاتە سـەرێ پەلـەوپەرۆشـی دڵشـادی دی هـەسـتی کـرد کـارێکی بۆ پێش هـاتووە. نیگەرانانە وتـی:

– چییە ڕۆڵە شتێک قەوماوە؟

– نا دایە! هیچ نیـیـە هـاوڕێیـەکم ئۆتـۆمـبـێل لێـی داوە و دەڕۆم بۆ خەستەخانە بۆ لای.

– خەتەرە؟

– باەڕ ناکەم.

– خوا بکا خەتەر نەوێت. خۆ زۆرت پێ ناچێت، دەچێت؟

– نا بـاوەڕ نـاکــەم. ڕۆیشـتن بـەدەست خـــۆمـــە و گـــەڕانـەوە بەلای خواوەیە.

- لا بە گوێی شەیتان کەڕ بێت.

دڵشاد لە ماڵ وەدەرکەوت. فکر و زکری بەلای ئەو دوو وشەی «ئەبو عیرفان»ەوە بوو. لای برادەرانی ڕێکخراوی سەرەوە ئەبوعیرفان بە«فریشتە» ناو دەبرا . زۆر کەسی لە گرتن و مردن و پەت پەتی ڕزگار کرد بوو. ئەمجارە زۆر بەپەلە و پەرۆشەوە دوابوو. دەی دڵشاد وا مەکە بۆ وا بەپەرۆشی؟ مەژلێژێ، هەرچی بووە، بووە. گەیشتبووە لای کۆلانی جێگەی ژوان. لە دوورەوە ئۆتۆمبیلەکەی ڕاگرت و بەپێیان خۆی گەیاندە دەرگای ماڵێک و زەنگی لێدا ڕۆیشتە ژوورەوە جگەرەخۆرێکی نەکێشا «ئەبو عیرفان»یش گەیشت. تاوێک بەدەمی خوشکەکەیەوە وەستاو خۆی گەیاندە لای دڵشاد و بێ یەک و دوو وتی:

- کاتێکی وامان بەدەستەوە نییە. ئەگەر بەباڵی مەلا ڕۆیشتوویت دەبێ خۆت بگەیەنیتە برادەران، پیلانێکی گەلێک خوێناوی و نامەردانەیان ڕێکخستووە. کۆمەڵێک مەلا و پیاوی ئایینییان گلێر کردوەتەوە و ئەمڕۆ سەعات حەوتی بەیانی بەرەو بارەگای «بارزانی» وەڕێ کەوتن و چەند کەسێک لەو مەلایانەیان خەڵەفاندووە کە وتەکانی سەرۆک بارزانییان بۆ تۆمارکەن. لە جویەی ڕیکۆرد پشتوێنی پڕ لە (TNT)یان لە ژێرەوە بۆ بەستوون تا لە بندەستی «بارزانی»دا بیتەقێننەوە.

- تۆ بڵێی پیاڕاگەم؟ خۆزگە زووتر ئەمەت بوتایە.

- کوڕە زووتری چی؟ من ئەم بەیانییە بەڕێکەوت زانیم. بەهەر جۆرێک بوو لە دایەرە وەدەرهاتم، هەروا پیا گەیشتم.

- بەڵکو بزانیت ئەمڕۆ دەگەنە خزمەتی «بارزانی» یا سبەی یا کەی؟ هەر ڕاستەوخۆ ئەمڕۆ نەگەنە خزمەتی، پیا ڕادەگەم.

- کـــەواتـە هـەرچـی زووتر بـەڕێکـەوی درەنـگـە. تۆ بـڕۆ دەرەوە، مـن دوایی بەدواتا لەگەڵ «سـاجیدە»ی خوشکم دەڕۆینە دەرەوە. قـایم کاری زیانیی نییە، هەیەتی؟

- نا.

مـاڵی «سـاجـیـدە»ی خـوشکی ئەبوعـیـرفـان کـەوتووەتە گـەڕەکی سلێخـەوە مێردەکەی ساجیدە دووسێ سـاڵ لەمـەوبەر لە ڕووداوێکدا کـوژرا. پێش ئـەو ڕووداوە لە بازاڕی شـۆریجـەدا کـۆتاڵی بەکـۆمـەڵ دەهێنا و دەیفرۆشـتـە دوکاندارەکان و شارەکانی سـەروو و خـوارووی عیراق. خانەکەی لە خـەڵکیدا جـوممەی دەهات. بڕێک کەس لای وابوو ئەو ڕووداوە لـە خـــۆڕا نەبووە بـەدەسـیـــســـەی بازرگـــانـەکــانـی نێـــو شـۆڕیجـەوە ڕووی داوەو بووە بەقـوربانی ملـملانی بیـدەو هەبەی نێـو بازاڕی شۆریجە. کەس نەیدەزانـی «ئەبوعیرفان» لە بنەچەکەدا کوردە و بۆ خـۆیشـی وای بەدەرنەخـسـتـبـوو. لە کـۆلێـژی پۆلیـسـدا لەسـەر لیستەی بەعسییەکان وەرگیرابوو بووبووە ئەندامێکی تێکۆشەری پڕ لە جـمـوجـۆڵی حـزب و سـەرپەرشـتـی بڕێک لـە کـۆبوونەوەکـانـی حـزبی ئەفـســەرەکــانی ئـاسـایشـی دەگـرتـە ئەسـتـۆ تـا ڕادەیەک بڕێک لە ئەفـســەرەکــانی ئـاسـایش تـرس و خـــوتـورەی ڕاپۆرت نـووســینی «ئەبوعیرفـان»یان لە دڵدا دەپەروەراند و بەپارێزەوە مـامـەڵەیان لەگەڵ دەکرد و بەچاو و گوێی حزبیان دەزانی.

دڵشـاد سـرک و سـڵـوک لە مـاڵی «سـاجـیـدە» وەدەر هات و خـۆی گەیاندە ماڵ و دایکی بەپیرییەوە هات:

- ها ڕۆڵە هاوڕێیەکەت چۆنە؟

- چۆنە؟ مـرد و وا لەگـەڵ تـەرمـەکـەیدا دەڕۆم بۆ هەولێـر. نـیگەران

مەبە توانیم سبەی دێمەوە... نەهاتمەوە دووسبەی دەگەڕێمەوە...

– باشە بۆ وا بەپەلەی...

– دایە من لەگەڵ تەرمدا دەڕۆم، بەجێم بهێڵن شوورەیییە ڕەسم وایە بەدوای تەرمەوە بیت...

– خوا سەبووری دایک و باوکی بدا ئیشەڵلا! ئەبێ لە چ حاڵێکدا بن؟

دڵشاد جلی خستبووە ناو ژانتا و لە کاتێکدا لە دەرگای ژوور دەڕۆیشتە دەرەوە لای بەلای دایکییەوە کرد و وتی: خوا حافیز!

– غەوز پشت و پەنات بێت، برۆ بەسەلامەت لە ژێر لێو وێرد و سەڵاواتی دەخوێندەوە. دەستی دووسێ جار سووڕ دا و پفێکیشی کرد دڵشاد بەڕێکەوتبوو سەدان بیر و لەیەکدانەوەی لە بیر و ئەندێشەیەدا شەڕە قۆچیان دەکرد. سەرێکە و هێناومە و نایگێڕمەوە.

ئەمانە دەستبەردار نین وەک تۆڕ و ماسی پێمانەوە ئاڵکاون. دەڵێی مارەمان لەسەریان بڕاوە ، خۆ وەڵڵا حەقی خۆیانە هەرچی بکەن. دوژمن دوژمنە. جا کێ هەیە دوژمندار نەبێت؟ بەدبەختیی ئێمە لەوەدایە دوژمنەکەمان نامەرد و دڵ ڕەقە. لە منداڵ و پیر و میر و گزیر دەست ناپارێزێت، لە نێو ڕەگەزپەرستیدا تواوەتەوە.

هەستی بەخاوبوونەوەی ئۆتۆمبێلەکەی کرد. گێڕی بۆ گۆڕی، هەڵمەتی هاتەوە سەرخۆی و گوڕەشی زۆرتر هاتە گوێیەک. دووجار وتی: حەمرین ئا حەمرین. بەسەر تەپۆڵکەی سەر جادەکەوە کێڵی گۆڕی حەمە عەلی کوردی دی و دای بەسەر سووکانی ماشینەکەیدا قیڕاندی: سەد ڕەحمەتت لێ بێت خۆ وەڵڵا ڕاست دەکەی ئەوەسا بۆنی کوردوستانم هاتە کەپۆ. چ بۆنێکی سحرئامێز. ئاوابێ وڵات! هەزاران

ساڵە لەژێر سمی ئەسپی هێرشبەراندای یەشتا هەر زمان و بۆن و دوان و دەوروبەری خۆتت پاراستووە و دڵفراوانە زۆڵم و زۆر و زەوتت گرتوەتە خۆ و وەک خۆت ماویتەتەوە، ئەگەرچی تەواوی ڕاز و گرفتاری ڕەگەزی مرۆڤ لە سێویێکەوە دەستی پێکردووە ئێمەی کورد هەزاران باخی سێو و هەناری وڵاتەکەمانیان لە ڕیشە کەندووە و وەکو خۆمانیش ماینەتەوە. لە ئاوێنەکەوە کێڵی گۆڕەکەی کوردی دی و لەبەرخۆیەوە: پێم سەیرە ئەو گۆڕەیان تا بەئەمڕۆ چۆن هەڵنەکەندووە؟ سەرێکی سووڕدا و بۆڵاندی: جارێک بەزیندووەکانمانەوە خەریکن و نەیانپەرژاوەتە سەر مردووان. دووز و تازەخورمانووشی تێپەڕاند. دووکەڵ و ئاگری باوە گوڕگوڕ بەرەو ئاسمان تەنورەی دەکرد ، سایەی شاری کەرکووکی ئێستا و ئارابخا و کەرکینی سێ هەزارساڵی لەمەوبەر لەژێر چەکمەی عەسکەر و گورەی فڕۆکەی سیخۆڕی و مێکی نۆزدەو بیست و یەک و لیۆشنی هەرە زلی ناپاڵم فڕێدەر بێ دەنگی شاری دادەدڕی... دڵشاد ئەگەرچی برسێتی تەنگی تێهەڵچنی بوو نەیپەرژایە بەر برسێتی و بەچاکی زانی درەنگ نەکا و ڕێگەی هەولێر بگرێتەوە بەر. کەوتە بیری یاسەمینەوە. لەبەر خۆیەوە وتی: خۆزگە تەلیفۆنێکم بۆ دەکرد. تۆزێ ماتی کرد و: ناچاربووم، هەواڵەکەی ئەبوعیرفان پەشۆکانمی. دەی هەمووی دوو ڕۆژە، خوا حەز بکا زۆر ناکێشێت و دەگەڕێمەوە چاکم کرد لام نەدا. دەی کەرەسپی بڕۆ با فریاکەوم. خوا حەز بکا بۆ سەعات چواری ئێوارە دەگەمە لایان، پێم وانییە ڕێگام پێبگرن. کاتی ڕاوێژە، سەختی لێ نانوون. پارەم پێیە بەپارەش بووە لە خاڵی پشکنین دەپەڕمەوە. زوربەیان دز و دەخەڵن... گەیشتبووە شاری هەولێر بەرەو ڕێگەی سەلاحوودین پێچی کردەوە لە

دواوە ماشینێک بەتەواوی هێزەوە خۆی پیاماڵی سەری دای بەشووشەی پێشەوە... خوێن بەڕوخساریدا شۆڕبوویەوە تک تک دەچکایە سەر سنگ و بەرۆکیدا... دڵشاد بەدژوار لە ئۆتۆمبێلەکەی دابەزی. لەم لاو لاوە خەڵک کۆبوونەوە ، لووتی پیکابی شۆفرلێت سنووقی دوای ئۆتۆمبێلی دڵشادی پریس کردبوو... دڵشاد بەتووڕەبوونەوە وتی:

– مەگەر کوێری، ئەمە لێخوڕینە دەیکەی؟

کابرا چاو دەرپۆقیو ئاڵۆز و شەڕەئەنگیزانە هاتە پێشەوە بەعارەبی بەجنێودان... دڵشاد وەڵامی جنێوەکانی دایەوە: سەیرکە یەشتا ئەو قسە دەکا؟ دڵشاد حەقی بوو لە دواوە لێدرابوو سەروگوێلاکی خوێناوی، دوای ئۆتۆمبێلەکەی نووسابووە شووشەی دواوە.

یەکێک لە تەماشاکەران قیڕاندی !

چاوتان لەم تەشقەڵەیە. ئەم سەگبابە ئەترێ و دەشوەڕێت. یەک دووانێک هاتنە لای دڵشادەوە. کابرای عەرەب کەوتە تەنگەبەرییەوە. هەڵیکێشایە دەمانچە و دوو تەقەی بەئاسمانا کرد. دووسێ پۆلیس کۆبوونەوە... کابرا قیڕاندییە سەر پۆلیسەکاندا: من سەروانی ئاسایشی هەولێرم. ئەم سەگبابەم بۆ بگرن. جنێوی بەمن و بەدەوڵەتیش داوە.

دڵشاد دەمی بوو بەتەڵەی تەقیو. ئەمە چەندی بەچەندە؟ دڵشاد لەیەکی دایەوە سەرنەناتە سەری چاکترە و سەری شکاوە، شکاوە؛ ئۆتۆمبێلی داڕزاوە و لە دواوە لێی دراوە، دراوە. کارەکەی لەوانە گرنگترە لە کابرا نزیک بوویەوە، لە سەرخۆ و ئارام وتی:

– سەرم شکاوە و ئۆتۆمبێلەکەشم وا دەبینی داڕزاوە و لە دواوە لێت

داوم. داوتە، داوتە. فیدای تۆ بێ و لێم گەڕی.

– لێت گەڕێم؟ بۆ هەرکەس بۆ خۆیەتی؟ بۆچی لات وایە شار بێ خاوەنە؟ چوار پەنجەی دەستی نووساندە یەکەوە و یەک دووجار دەستی ئەم لاو لای کرد و هەڕەشانە وەڵامی دایەوە:

– ئەمشەو لە گۆڕت دێم، ئا تۆ سەورم لێکە.

– ئێ کاکە ئۆتۆمبێلی تۆ هیچی لێنەهاتووە، هەرچیشی لێهاتووە فەرموو دەی، دەیبژێرم؛ ماوتە؟

خەڵکەکە چەقۆیان لێدابا خوێنیان لێ نەدەهات.

کابرایەکی ڕیش سپی لە کابرای عارەب هاتە پێشەوە، دەم چەرموانە وتی:

– ئۆتۆمبێلە و لەیەک دەدەن. ئەوسا کابرا ئامادەی بژاردنە. لێی گەڕێ با بڕوا.

– تۆ گووت خواردووە. ئەو قسانە دەکەی. تا هێزی تیا بوو ماڵی بەبناگوێی پیرەمێردا و مێزەری کەوتە زەوی.

دووسێ پۆلیسی دیکەیش گەیشتبووە بەرەوە، تا دەبوو خەڵک کۆمەڵەی دەکرد.

کابرای ئاسایش دەمانچەکەی کردە بەرۆکیدا و قەڵەم و کاغەزی دەرکرد و ئاڵۆزانە ڕوو بەپۆلیسەکان:

– ناوتان چییە؟ ئەو کابرایەم بۆ بوەن بۆ مەرکەزی ئەم نزیکە و وا من دەڕۆم ئەگەر تا نیو سەعاتی دی لەوێ نەبێت، سزایەکی واتان دەدەم لە بیرتان نەچێت. سواری ماشێنەکەی بوو، توند و تیژ بۆی دەرچوو. خەڵکەکە هاتنە یارمەتی دڵشادەوە بەپاڵ ماشینەکەیان

خستە لاوە و ئاویان بۆ هێنا و سەر و ڕووی شۆرد و چوار پۆلیس لە ترسی سزادانا لە دڵشاد دوور نەدەکەوتنەوە. یەکێک لە پۆلیسەکان ڕوو بەدڵشاد:

– فەرموو با بڕۆین. باش گوێت لێبوو ئەفسەری ئاسایش چی پێ وتین؟

ـ خۆ کەڕ نیم. لێم گەڕێن با بزانم ئۆتۆمبێلەکەم کار دەکا یا نا لەیرا بەجێی نایەڵم، دەیهێڵم؟

سویچی خستە ماشین و ماشین کەوتە گەڕ.

تا پۆلیسەکان ویستیان سوار بن پای نا بەبانزینی ماشین دا و بۆی دەرچوو.

پۆلیسەکان دایانە بەر تەقە. پۆلیسێک خۆی گەیاندە تەلیفۆنی یەکێک لە فرۆشگاکان و هەواڵی گەیاندە دایەرەی ناوەندی. خەمی دڵشاد ئەوە بوو هەرچۆنێک بووە خۆی بگەیەنێتە برادەران و بەری پیلانەکە بگرێت، با وەک دوای ماشینەکەی هاڕابوو بەیەکدا هیچ لە گورج و گۆڵی کەم نەکردبووەوە بەڕێگەی سەلاحدیندا داکشا. بیری لە خاڵی پشکنینی سەر جادەی نەکردبووەوە. هەر گەیشتە خاڵەکە لە چوار لاوە دەوریان دا و هێنایانە خوارەوە. دوای کوتانێکی باش کەلەپچەکرا و یەکڕاست بردیان بۆ دایەرەی ئاسایش و هاویژتیانە ژوورێکەوە. یەشتا چاوی بەتاریکی ژوورەکە ڕانەهاتبوو. لەبەر خۆیەوە وتی:

– گەورەم! ببوورە. ئەوەی لە توانامدا بوو کردم. دیارە دەستی ڕێکەوت لە بەختی من بەهێز و تواناتر بوو. نەیهێشت ئەو شانازییەم دوچار بێت. خۆی پێڕانەگیرا هۆن. هۆن فرمێسک بەچاویدا داچۆڕا.

دەرگـایان لـێ کـردەوە پەلەکـێش گـەیاندیانە بـەر دەسـتی نەقـیـبی ئاسایش. کە بەو شێوە دڵشادی دی قاقا پێکەنی و پچڕپچڕ وتی:

– هەر چاوم پێت کەوت زانیم حیزیشی. باشە بۆ ڕاتکرد؟

– ترسام.

قیڕاندی بەسەریا: حەیوان! بڵێ گەورەم.

– گەورەم ترسام.

– جا ئەوەندە ترسنۆکی بۆ ئەتڕی و بۆچ ئەوەڕی؟

– گەورەم! نە تڕی بووم و نە وەڕیویشم. بەڕێگەی خـۆما ڕۆیشـتووم لە پڕ مالّیوتە بەدواما. سەر شکاو و ئۆتۆمبێل داڕزاو هیچیش نەڵێم؟ بۆ تاوێک خۆت بخە شوێنی من و ئەو دەم بڕیار بدە.

– ئەوە دوای ئۆتۆمبێلەکەت وا ئەمشەو نۆرەی دوای خۆتە.

تەلیفۆنی سەرمێزەکەی زرنگایەوە، دڵشاد کەوتە بیری هەڵوێستی خۆیەوە، هەروا دەینواڕییە جووڵانەوەی دەست و سەروملی نەقیبەکەدا. دانە زەردەکانی لە توێیەی دوو لێویەوە جارجار دەردەکەوت ، چاوە ساردەکانی ئارام دەپرتاند. پەنجەمۆری دڵ ڕەقی و دەروونێکی ئاشوفتە و ئاڵۆز و خوێناوی دەکرد.

نەقیب تەلیفۆنی داخست و ڕوو بەدڵشاد:

– تۆ جنێوت بەمن دا؟

– گەورەم من وەڵامی جنێوی جەنابتم داوەتەوە. خـۆ غەیب زان نیم بزانم جەنابت نەقیبی ئاسایشی، غەیب زانم؟

– حەیوان! من لە تۆ دەپرسم.

– بەڵێ قوربان! تۆ لێم دەپرسیت، خـۆ دەبێ وەڵامت بدەمەوە، نەیدەمەوە؟

ئەمشەو دارکارییەکی چاکت دەکەم، لە چاوت دیارە پیاو خراپی. بێ شک لە ڕێکخراویشدای نیت؟

– بە چی کێشانەیەک؟ بە کام حەق؟

– سەیر سەیر... خۆمە باسی کەیل و کێشانەم بۆ دەکا. حەقم پێدەسەلمێنێت بەخوا تەواو.

– ئەی تەواوە لەسەر هیچ منت گرتووە و تازە دەتەوێ دارکاریشم بکەی، دەشم خەیتە تەنزیمەوە.

نەقیب لە پشتی مێز ڕاپەڕی و دووسێ شەپەلاخی کێشایە بناگوێی و سەر و ڕووی دڵشادا. دڵشاد هەروا ڕاوەستابوو، زامەکەی کولایەوە... ئەوی بۆی هاتبوو پیاڕانەگەیشتبوو. هێندە نیازی بەپاڕانەوەو لاڵکانەوە نەمابوو. لەوانەش گوزەشتە هیچ هەڵە و تاوانێکی لێی نەوەشاوەتەوە تا چەکەرەی لێ بکا.

ڕوو بەنەقیب: بۆچی تۆ من بەکاوڕ دەزانی؟

نەقیب چاوی جن جن بوویەوە و وتی:

– چیت وت؟

– دەڵێم ئەم زوڵم و زۆرو لێدانەت دەگەینمە لێپرسراوان... بۆچی لات وایە وڵات بێ خێوو خاوەنە؟

– دەبێ ئەوە باش بزانیت من لەیرا خاوەنی وڵاتم. من یانی یاسا و دەوڵەت.

– هەر چوارەی وەک تۆ شیرازەی کاروباری هاڕاوەتە سەریەکدا. تازە تۆ بۆت نییە ئاوا ڕەفتارێکم لەگەڵا بکەیت.

– بۆ نییە؟

-- نەخـــەیر بـۆت نیـیــە، دەوڵەت لـەگــەڵ کــورددا لە ڕاوێژدایە. ئەم ڕەفـتـاری تۆیە کـارێکی وا دەکـا زەرەرو زیانێکی زۆر بەخـەڵکێکی دی بگەیەنێت. شیاوە دەست لە پیرەمێردێکی ڕیش سپی هەڵ بهێنیتەوە؟

– هەڕەشەم لێ دەکەی؟

– پێم ناڵێی تازە لە چی بتـرسم؟ بێ تاوان ئەوی توانیـوتە پێـمت کـردووە ئەگـەر باسی ڕاسـتـەقـینـە بکەم، هەڕەشـەیە؟ لەیرا دەرچووم شکاتی خۆم دەگەینمە لێپرسراوان... با بگەڕێمەوە بۆ بەغدا.

– خۆمە بەغاییشە... ناڵێی بۆ هاتووی بۆ ئەیرا؟

– خۆ پەتاتە نیم بێ ڕیشوو بم. خزمم هەیە، خۆیشم هەیە. یاساغە سەریان لێدەم؟

– ناوت چییە؟

– دڵشاد.

– دانیشتووی کوێی؟

– بەغدا.

– کارت چییە؟

– پەیکەرسازی.

– چی؟

– پەیکەرسازی.

– هەی تڕ. جا توخوا ئەوە پیشەیە؟

دڵشاد هەردوو لەپی پان کردەوەو وتی:

– لە ئاوا هەل و مەرج و چوارتەنیشتێکدا... نەوەڵڵا پیشە نییە.

– یانی بەم شێوە دەتوانی پەیکەری منیش دروست بکەی؟

- بەئاسانی.
- لە چی؟
- لە قورِ، لەژێر لێوەوە وتی: لە سەنێریش.
- چیت وت؟
- وتم لە قورِ و لە قورِی دەستکردیش.
- ئێستا دەڵێی چیت پێ بکەم؟
- بۆ خـۆت دەزانی بێ تاوانم و هـیچم نـەکردووە ، زەرەر و زیانـێکی زۆرت پێگەیاندووم. سەروگوێلاکمت شکاندووە ئەوە بۆ دوانزە سـەعاتە دەست بەسـەرت کردووم و ئەگـەر هـەوەسـە؟ بەسـە، ئـەگـەر تەسکینییە ئەویش تەواو. دارکاریشت کردووم.
- با وەک دەتـوانم چەنـد سـالێک گلت دەمـەوە نازانم بۆ دەمـەوێ بەرەڵات بکەم؟
- گێژ مەبە، من دەزانم چونکە دڵنیای لەوەی بێ تاوانم.

ئەفسـەر دەستی بەزەنگدا نا. لەندەهورِێک هاتە ژوورا ڕەشـتاڵەیەکی زل زەلام نووری محەمەد لە ڕوخساریدا نەدەبینرا پای کوتایە زەویدا و وتی:

- بەڵێ گەورەم!
- ئەم کابرا ببە دەرەوە بەرەڵای کە.

لەندەهۆرِی ڕەشـتاڵەکـە، دەسـتی لە قـۆڵی دڵشـاد گیـرکـردو بەرەو دەرگا پەلەکێشی کرد. دڵشاد وەرگەڕایەوەو وتی:

- ئەی ماشینەکەم؟

ئەفـسـەر وەڵامی دایەوە. ڕاوەسـتـە. ڕوو بـەرِەشـتـاڵە: فلەیح ئـەمـە وەرەقـەی بەرەڵایی مـاشـینەکـەشی. فلەیح نامـەی وەرگـرت و دووبارە

دڵشادی پەلەکێش کرد. دڵشاد هەر لە بیری پیلانەکەی بەغدادا بوو. لەوە دڵنیا بوو هەرچی بووبێت تا ئێستا بووە، تازە هیچی لە دەست نایە... بەڵام خۆی پێڕانەگیرا خوا خوای بوو چرکەیەک زووتر لەو گۆڕستانە وەدەرچێت و ئاگاداری ڕووداو بێت.

کابرای ڕەشتاڵ، دڵشاد و ماشینەکەی لە دەروازەی ئەمنی هەولێر وەدەر برد و چەند هەنگاو بەولاوە لە ماشینەکەی دابەزی و بەدەست ئاماژەی بۆ کرد تا داکێشێت و بڕوا. لە دڵا وتی: تۆ دابەزە و ملت بشکێنە، من ڕێگەی خۆم دەزانم. لەسەر شەقام پێچی کردەوە خۆی گەیاندە ناو بازاڕ، شەقام و بازاڕ بێ دەنگییەکی سامناکی پێیەوە دەردەکەوت. ژمارەی برادەرێکی دەزانی بەچاکی زانی تەلیفۆنێکی بۆ بکا. لای دوکانێکدا ڕاوەستا و ڕۆیشتە ژوورەوە بۆ تەلیفۆن کردن. زۆری نەکێشا هاتە دەرەوە بۆی دەرچوو. خۆی گەیاندە مزگەوتی گەورە و بەرەو ئاودەست ملی نا. ماوەیەک خۆی خەریک کرد و بەهێمنی چاوەچاوە بەرەو دەرگای مزگەوت وەڕێکەوت. برادەرەکەی دی لە نێو تاکسییەک دادەبەزێ خۆی پێی گەیاند و پێکەوە سواری ماشینەکە بوون. هەرکە سواربوون پەشۆکاوانە پرسی:

– بۆ خاتری خوا. بڵێ بارزانی سەلامەتە؟

– لە سایەی خواوە ئەو سەلامەتە، بەڵام چەند برادەرێک شەهید بوون. پەشتا بەوردی لە ڕووداوەکە ئاگادار نین. ئەوەندە نەبێت ڕادیۆ ساغ و سەلامەتی سەرۆک بارزانی بەمیللەت ڕاگەیاندووە.

دڵشاد ماشینی ڕاگرت و دوو سێ جار هاوڕێکەی ماچ کرد و دەستی بەرەو ئاسمان ڕاگرت و چەند جار سوپاسی خوای کرد و فرمێسکی خۆشی بەچاوانیا داچۆڕا.

– نەتوت کــەی دەست بەکــار دەبێت. من تەواوی هاتوچۆیم لەبەرە. ئەوەندە بەدوایەوە ڕۆیشتووم، یەک دووجاریش قسەم لەگەڵ کردووە. چییە هەر ئەمڕۆ و سبەینێم پێدەکەیت و بەدوای دەخەی...؟

– عەباس دەستەسرە هەوریشمینەکەی لە گیرفان دەرهێنا و خستیە پشت ملی و دووچمکی بەسەر سنگییەوە شۆڕ بوویەوە... تا ئەو دەمە لەسەر چۆک دانیشتبوو، هەستایە سەر پا و کەوشە چەکەکانی کردە دەم پایەوە و وتی:

– هەستە بڕۆین.

چاوەڕوانی ئیسی موشی نەبوو لە ژوور وەدەرچوو. «ئیسی»ش هەڵەپەڵە کەوتە دوای و تاوێک سەیری بەرپای دەکرد و تاوێک سەیری عەباس. ئاخری خۆی گەیاندە لاشانی و لەسەریەکە یەک دووجار وتی:

– ئێ، نەتوت بەرنامەت چییە؟

عەباس تیغی لای کردە لایەوە، لەسەر خۆ وتی:

– وس بە، بێدەنگ.

«ئسی موشی» لەپی ڕاستی خستە سەر دەمی:

– باشە... هـ ھ من وا لاڵی لاڵم. ب... ب... بەس شتێکم پێ بڵێ؟

– بەرنامەم گۆڕیوە گۆڕی. ئەم بیگرەو بەردەیەی پێناوێ. بەیەک پەنجەی دووسێ جار دای لەلای سەری و وتی:

- عەقڵ... عەقڵ... کەربازاڕی بەسە، بەس.

«ئسی مـوشی» سـەرسـامـانە تێی دەنواڕی. لە دڵا وتی، تۆ و عـەقڵ؟ ئەمە چەندی بەچەندە.

وتی:

- چیت وت؟

- مەگەر هیچم لە دەم وەدەر هاتووە؟

- نا شتێکت وت؟

- وە ئیمام حوسەین هـ هـ هیچم نەوتووە؟

- کەواتە با خۆم پێت بڵێم، بەڵام فزەت لێوە نەیەت تا تەواوی دەکەم. ئێ؟

دیسـان «ئسی» دەسـتی نا وە سـەر دەمیاو ئینجـا لەپی لابردو وتی: وات لـ لـ لاخۆشە؟

- تۆ دەزانی ئەم (سودابە)یە یەکجار ژیر و تێگەیشتووە...؟

«ئسی» دەستی لەسـەر دەمی لابرد و وەڵامی دایەوە... ئا... ئا... ز... ز... زەمـانێکە دەزانم... مـە... مـە... مـەگەر لە ڕووی گـەوجییـەوە تـ... تـ... تۆی هەڵبژاردووە؟

- مــوشی براســەگ نەمــوت ورتەت لە دەم وەدەر نـەیەت تـا تەواوی دەکەم؟

- ئاخر نـ... نـ... نابێت وەڵامی پرسیارەکەت بدەمـ... مـ... مەوە؟

- باسی فڕاندنی فـەرهادم بۆ گێڕایەوە... گـاڵتەی بـەعەقڵم دەکرد و دەیوت جا ئەم فـڕکان فڕکان و هـەراو بەزمـەی بـۆ چییـە؟ دەی وەرە و بەزۆر بیخـەنە نێو مـاشـین و دەرمـانی بێـهـۆشی و لەو دەشت و دەرەو

چوزانم. نیــخــە نیخ و ســیــڕم ســیــڕم، چیــیــە؟ سێ چوار زەلام مـێرمندالێکیـان فـڕاندووە و دەیانەوێ سـواری ببن. بەدەم پێکـەنینەوە دەیوت. گــەوجی وەک ئێــوەم لە هیـچ دیۆ دیارێکدا نەبیــســتــووە و نەدیویشە.

– سەد ڕەحمەت لـە ب... ب... باوکی! زانیم ئـ... ئـ... ئەمە تەکبیری تۆ نییە...؟

تا ئەو دەمە شـان بەشان دەڕۆیشتن بەڕێگەوە، عـەباس لای کردە لای «ئسـی»یەوە و کردی بەگوێیدا:

– موشـی براسەگ بۆچی ئەوەندە من بەکەر دەزانیت...؟

مـوشـی دەست و پەنجـەی عـەباسـی گـرتبـوو لـەسـەر یەک دەیوت: گشتمان کـ... کـ... کەرین... کەریەتی نـ... نـ... نیعمەتی خوایە... هەموو کـ کـ کەس ناگاتە ئەو پـ... پـ... پلە و پایە بۆچی کەریەتی گـ... گـ... گۆترەیە و هـەموو کەسـی پێدەگا؟

– تۆ نەتـهـێڵا تـەواوی کەم. دەڵێم، دەڵێم «سـودابە» ژیرە، ئافـرە ژیرە. پرسی مەبەستتان لە فڕاندنی ئەو کوڕە چییە؟

وتم: دەمانـەوێ هـەتکی کەین و سـەرئـەنجـام حیـزی کەین حـیز. داخـی بچزێنینە دڵی باوکیدا.

وتـی: هـەتک کـردن جـودایە و حـیـزکـردن شـتـێکی دییـە. مـەگـەر نەتبیستووە وتراوە بەزۆر گایین بەحیز نابێت؟

وتم: با بیـسـتـوومـە؛ بـەڵام بـەلای منەوە فـەرقێکی ئەوتۆی نیـیـە. لە هـەردوو حاڵەتەکەدا گایراوە.

هـەروا پێکـەوە شـان بەشـان هـەنگاویان دەنا «ئسـی» لەپڕ وەرگـەڕایە

دواوە و سێ چوار هەنگاوێکی نا، هیچ ڕەوتی خۆی تێک نەدا... «ئسی موشی» هەر بەو توند و تیژییە گەڕایەوە لا شانی عەباس.

عەباس دەستەسڕی پشت ملی وەدەرهێنابوو شۆڕی کردبوویەوە و جار جارێکیش وەک قامچی ڕای دەوەشاند و... دەتەقییەوە.

وەنەبێت تەنها ڕەفتار و هەنگاونانی «ئسی» لە مشک دەچوو، سەروگوێلاکیشی وەک ڕسقێکی گەورە وا بوو. دوو دانی سەرەوەی لە نێو دوو لێوی وەدەرهاتبوو. کەپووی بەرانی شۆڕ بووبوویەوە سەر چەناگەی تیژیدا بەپێی ئەندازە سەروگوێلاک و تەنە و پاوپلی لە گوێرەی نەدەهاتە چاو، بەتایبەت سەری وەک وابێت خرابێتە نێوان دوو بەردەئاشەوە. سەرجەم گەلێک لە گیانلەبەرێکی «ڕسق» نما دەچوو.

لە نێو دەستە و دایەرەی لات و چەقۆکێشەکانی شاری کرماشاندا تا نەوترایە «ئسی موشی» کەس نەیدەناسی. بەڕەگەز لە تورکەکانی دەوروبەری شاری قەزوین بوو. تەواوی خێزانی لە بوومەلەرزە گەورەکەی «بوئین زەهرا»ی دەشتی قەزویندا تیاچوون، لە بێکەسیدا خرابووە هەتیوخانەوە. ئیتر لە هەتیوخانەکاندا دەگوێزرایەوە تا لە هەتیوخانەی شاری کرماشاندا گیرسایەوە و لەوێڕا پاژنەی پیا هێناو بۆی دەرچوو. شەقام و خان و گەراژەکانی کردە هەوارگەی هەمیشەگی و دزی و چەقۆکێشی و قاچاخ فرۆشتن و یاسا شکاندنی کردە پیشە و لە نێو دەستەو تاقمەکاندا بە «ئسی موشی» ناوی دەرکرد. جارجاریش دەیوت لە بومەلەرزەدا دیوارم بەسەردا ڕماوە بۆیە وام لێدەرچووە. ئسی درۆی دەکرد، بۆ خۆی وابوو زگماک بەد قەوارە هاتبووە دونیاوە.

– ئێ عـ... عـ... عولیاموخەدەرە (سودابە) خانم چی فە... فەرموو؟

دوو کەسی لە قاوەخانەکەی مەشدی «عنایەتدا»دا دانیشتبوون دووکەس لەولاترەوە سەریان بەیەکەوە نابوو. عەباس کەوتبووە خێسەکردن لێیان.

«ئسی» ژەندیە عەباسەوە چییە تەرازووت تێک چووە و کەیفت قورمیش نییە، شتێک بووە؟

– عەباسی سەری بەرەو دووکەسی دوور ڕاوەشاند و وتی:

– مەگەر ئەو دوو نامەردە نابینیت؟

ئسی موشی لەژێر لێوەوە وتی:

– با... چ... چ... چکارەن؟

– دەستەودایەرەی ملکین، ملکی.

– دەڵێی د... د... دەست بەیەخە بم لەگەڵیانا؟

– نا، نا، نایەوێ. چێشتێکم بۆ لێناون ئەوەندە چەورە بەشی هەموویان دەکا، بستێک ڕۆنی بەسەرەوەیە.

– دە... دە باسی کە. گیانم دەرچوو.

– خوا بکا گیانت دەرچێت ئینشائەڵلا! سودابە دەیوت فەقەت پێم نیشان بدەن و بمخەنە سەر ڕێچکەی ڕۆژانەی، بزانە ڕووت و قووت دەیخەمە بەردەستتان یان نا.

– نە... نە... نە... نەتوت چۆن...؟

– با پرسیم وتی گەنجێکی تازە پێگەیشتووی ئافرەت نەدیوی وەک ئەو تەمەنە، لە پێناوی ئاشنایی ئافرەتێکدا ئامادەی هەموو شتە.

– یەشتا تـ... تـ... تێنەگەیشتووم.

– ئاخر دەڵێم بێ سەروپایت و هیچ تیا بەسەر نەبوویت، یانی لە ڕاستیدا بێ سەرو پایت و هیچ تیا بەسەر نەبوویت و دەبەنگ و گەوجیشی. فەرەنساوی قسە دەکەم هەی گوێرەکەی کوڕی گوێرەکە؟ ژنە دەڵێت دەیهێنمە ژووری خەوەوە ڕووت و قووت وەک کاوڕ دەیخەمە بەردەستتان، ئیتر تیا ماوە؟

– یانی تـ... تـ... تەواو... ماوەتەوە سەر ئەوە «سودابە» بـ... بخەیمنە سەر ڕێگاکەی... شتێک ماوە من باشی لێ تێناگەم، هەردوو حاڵەتەکە... بـ بە زۆر گایینە، حیکمەت لە کـ... کـ... کوێدایە؟

– منیش ئەمەم بە«سودابە» ڕاگەیاند؛ وتی ئەوەیان بخەنە سەر من. ئێوە ئەوەتان ناوێ لە داهاتوویەکی نزیکدا بێ سیرِم سیرِم سواری بن. من بەئاسانی ڕای دێنم... مەکر و ئەفسوونی ژنانتان نەبیستووە؟

حیز دەزانێت چۆن خەڵک حیز دەکا. لە داهاتوویەکی نزیکدا وا فەرهادتان بۆ حیز دەکەم بارە گوێزی لێی نەی خرِەی لێوە نەیەت. ئسی موشی دوو دەستی بەیەکدا مالآند و بەشەوقەوە وتی:

– وەڵڵا خۆ جوانکیلەشە دە دە دەترسم. سودابە پە... پەشیمان بێتەوە بیکاتە د... د... دنکی خۆی.

– مەگەر شار بێ خاوەنە بەهەرچی ئایین هەیە ڕەگ تا ڕەگ سەری دەبرِم.

– م... م من وتم. تۆ لە بیری مەکە. من هەتیوی وا زەریف و لووسم کەم دیوە خوشکی خۆی وەل... وەل... وەلهانی دەبێت.

– موشی گووی زیادە مەخۆ... ئەم فەلسەفە بافیەت پێ ناکەوێ.

ئسی دیسان دەستی ڕاستی خستەوە سەر دەمی.

٧١

– تۆ ئاگاداری چۆنیەتی بەرنامەکەی؟

– ڕاستت بوێت بەو شێوە ئاگادار نیم. بەرنامە بەلای ئەو ماشینەی پێشەوەیە، بگەینە خانەقی ئاگادار دەکریەین.

– چەندی ماوە بگەین؟

– من هەمووی یەک جار ئەو شارەم دیوە، بەوردی لەبیرم نییە کەی دەگەین. ئینجا ڕوو بەلێخوڕەکە بەعارەوییەکی شەق و شڕ پرسی:

– چەندی ماوە بگەین؟

کابرای لێخوڕ نیوە ئاوڕێکی لە کاتژمێری سەر مەچەکی دایەوە: سێ چارەکی دی، ئا ئەوەندەمان ماوە.

سیروس ڕوو بەیاسەمین:

– خۆ تێگەیشتی؟

– ئەی بابا! دەمی نەکردبوویەوە تێگەیشتم.

–خەریکی دەبی بەساحیر.

ساحیر هەم، نەبووما بەرگەی ئەم هەموو بەدبەختییەم نەدەگرت، دەمگرت؟

– مرۆڤ پێستەی ئەستوورە، بەرگەی هەموو جۆرە ناڕەحەتییەک دەگرێت. وا نەبوا کێ بەرگەی گەرمای هاوینی بەغدا دەگرێت؟

یاسەمین نائومێدانە سەری بۆ لەرزانەوە.

سیروس لە سەرخۆی لەژێر لێوەوە وتی:

– گەلێکت غەمگین دەبینم. چییە؟ شتێکی تازە ڕوویداوە و من نایزانم؟

– نەوەڵا! بەزم هەمانە؟

– دەنگوباسی تازەی دڵشاد چییە؟ خۆ یەکدی دەبینن؟

یاسەمین کەم تەرخەمانە لە پەنجەرەی ماشینەکەوە دەینواڕییە دۆڵ و تەپۆڵکە و بەردە تەرامەکانی حەمرین دا لای کردە لای «سیروس»ەوە لەژێر لێوەوە وتی:

– دەڵێی چاوەقوڵە و ژەهری هەلای هەلم. لە هەر کەس و لە هەر شتێکەوە نزیک دەبمەوە تووشی دەکەم...

– تۆخی مەکەرەوە... ئەوە نییە ئێمە تووش نەهاتووین بەلای ئێمەوە لە هەنگوێن و سوهانی «قوم» شیرینتری.

– ئەوەیان بەجێی خۆی... من دەردێکی واگیرم، واگیر.

– شتێک بووە؟

یاسەمین سەرێکی بەرەو لێخوڕ و ئەوی تەنیشتی ئاماژە کرد و وتی: ئەوانە بۆ ماوەیەک گرتوویانە.

– بەرەڵا کراوە؟

– ئا، دوای لێدان و ئازارێکی زۆر.

– باشە خۆ ئەو کاری بەسیاسەت و بیگرەوبەردەی ململانەوە نییە، ئەو بۆ بگرن؟

– ئەیراش لەلای خۆمان دڕندەتر نەبن، کەمتر نین. بۆچی لەم وڵاتەدا کورد بوون بەکەم دەزانی؟ سیروس پەنجەی خستە سەر دوولێوی ئاماژەی بۆ پێشەوە کرد کە نەکا فارسی بزانن.

– لەژێر لێوەوە وەڵامی دایەوە: مەترسە، لەوە یابو ترن.

یاسەمین دووبارە بێدەربەستانە سەری نا بەلای جامی ماشینەکەوە و دوور و نزیکی دۆڵ و تەپۆڵکەی حەمرینی گرتەوە بەر. ئی ئەمەیە حەمرینی لای دڵشاد. پێم وابوو لەمە بەرز و بوڵەندتر بێت. سنوورێکی سروشتی نێوان کورد و عارەب. ئاوڕی لە دوورتر دایەوە نەختێک شووشەی ماشینەکەی داگرت و بێ ئەوەی لا بەلای «سیروس»ەوە کا لەژێر لێوەوە وتی:

– بۆنی وڵاتت نەهاتە لووت...؟

سیروس تێنەگەیشت و ئارام وتی:

– چیت وت؟ بەسەر ئامارەی بۆ ئاسۆی چیا دوورەکانی ڕۆژهەڵات کرد و وتی:

– ئەوانە خاکی ئێرانە، مەگەر نا؟

– چییە وا هەستی ناسیۆنالیستیت زاڵ بوەتە سەر بیروڕای «ئومەمیەت»دا...

– ڕاستت بوێت ئەوەتەی لەم وڵاتەدام ئەوەندە تیژپەڕی و توندڕەوی و دەمارگرژیی پڕ لە پڕوپووچی پان عەرەبیسم دیوە و بیستووە، ناخۆ ئاگایانە چوومەتە سەنگەرەوە. بەتایبەت بەو شێوە خێڵەکییانەی وشەی «عجمی» بەکار دەبەن. خومە پیان وایە تازە سەعدی کوڕی وەقاس لە شەڕی قادسیەدا سەرکەوتەووە و شاری تیسفونی تاڵان کردووە. کورە سەیرن ئەمانە.

– منیش جار جارێک لەو مامەڵەیە پەست دەبم؛ بەڵام چی بکەین. ڕێکەوت و بەرژەوەندیی سیاسەت و ململانمان ئێزگەکەی کەوتووەتە ئەیرا، ئەیراش نەبوایە چی؟

کابرای بندەستی لێخوڕەکە بەرەو دوا بیبسییەکی درێژ کردەوە و وتی:

– ناخۆن؟

سیروس وەڵامی دایەوە: نەخەیر سوپاس.

لە بەرز و هەڵەتی بانی برسی تێپەڕ بووبوون.

یاسەمین لە بیر و تێفکرینا لوولی دەخوارد: ئەشهەد و فەلامەرز وەڵامم ناداتەوە حەقیەتی.

خوا حەقە تەقالایەکی زۆری لەگەڵما کرد، هەموو شێوەیەکی لەگەڵما بەکار برد و نەچوومە ژێر. خۆمیش باما هەر وام دەکرد. دەی وای نووسیە گوێی مەدەرێ، با وەک من باوەڕم بەوەی نییە هەر کەسێک سەر نویشتێکی هەیە یانی لەوەی دڵنیام هیچ شتێک لە مێژدا نەنووسراوە. ڕەفتار و کرداری مرۆڤە دەیگەیەنێتە ئاکام و مەنزڵگا جۆراوجۆرەکان کابرای لێخوڕ شریتی خەیاڵی یاسی پچڕاند و لەپڕ وتی: ئەمەش خانەقی.

ماشینی پێشوو لە سەرەتای شاردا لای دایە نێو ساختمانێکی تاک و تەنهاوە دووهەمیش بەدوایدا. تێکڕا دابەزین و هەمووان ڕۆیشتنە ژوورەوە...

چایەکی پڕ لە شەکەری نیوە ساردیش خورایەوە. چایەکەی بەردەستی یاسی هەروەک خۆی مابوویەوە. کابرای لێپرسراوی ناو ماشینی یەکەم بەفارسییەکی یەکجار پەڕپووت ڕایگەیاند کە زەمانێکە چایی وا ناخۆشی نەخواردۆتەوە. پیاڵەکەی دانا و ڕوو بەلێپرسراوی شار پرسی:

– کابرای نێوان گەیشتووە؟

– بەڵێ گەورەم دوێنێ شەو گەیشت. ئەوەسا لەو ژوورەدا ڕاکشاوە.

یاسی و سیروس کەم و زۆر تێدەگەیشتن لە مێژدا ناوونیشان و ناوی نهێنی گەیشتبووە یاسەمین و سیروس. دەبوا هەمان کابرا ئەو ناوونیشانەی لابێت.

– بنێرە بابێت.

لێپرسراوی شار لە ژوور وەدەرکەوت. کابرای نێو ماشینەکە ڕۆیشتە لای دەستگای تەلیفۆنەکەوە و چەند ژمارەیەکی بادا و تاڵێک لە سمێڵە ڕەشە قەترانییەکانی بەدان دەکرتاند لە پڕ وتی:

– هەلا و! ئەبو عەبیرم. برادەران گەیشتوون بەپێی بەرنامە ئەمشەو دیارییەکانیان تەسلیم دەکەین. تۆزێک ڕاوەستا و تەلیفۆنی داخست. یاسی لە دڵا وتی:

– کەواتە ناوت ئەبو بەعیرە. لێپرسراوی شار لەگەڵ کابرایەکدا هاتە ژوورەوە یاسی و سیروس و ئەبو «عەبیر»یش ئەزنەکی داو کەمتەرخەمانە هەستایە سەرپا و هەموان تەوقەیان لەگەڵ کابرادا کردو دووبارە دانیشتنەوە.

زۆری نەخایاند ئەبو «عەبیر» بەفارسییە ناجۆرەکەی هاتەوە قسە:

– ئەم وڵاتە بەوڵاتی دووهەمی خۆتانی بزانن. یاریدەی سەرۆک «سەدام» پشت و پەنای تەواوی ئازادی خوازانی ئێرانە و دوژمنی ستەمکارانە. وا بیست کلاشینکۆف و دە دەمانچەی بەدیاری بۆ هەناردوون تا زەواری خەباتتانی پێ بڕازێننەوەو دوژمنانی خۆتانی پێ بتەزێنن. من بەناوی یاریدەی سەرۆکەوە پێتان ڕادەگەینم دەست بەردارتان نابین و هەمیشە دەستی یارمەتیتان بۆ درێژ دەکەین، لەگەڵ ئەو چەکانەدا سەد هەزار دۆلاریشی بۆناردوون. نازانم تۆ

ئەمانەمان لێ وەردەگریت یان کەسانێکی دی؟

یاسی تا ئەو دەمە بێ دەنگ بوو لەپڕ وتی:

– ئەبو بەعیـر!... کابرا بزەیەک کەوتە سـەر دوولێـوی، لە سـەرخـۆ وەڵامی دایەوە:

– ئەبو بەعیر نا. ئەبو عەبیر. ئێ فەرموو.

– دەتوانین ئەم برادەرە دە دەقیقەیەک لەگەڵیا تەنها بینەوە ؟

ئەبو عەبیر تۆزێک ڕاوەستاو وەک بیری لێکاتەوە ، دیسان وتی:

– فەرموون. سێ کەسە ڕۆیشتنە دەرەوە.

ئەبو عەبیر لەژێر لێو بۆڵاندی:

– تاجـەکەی حـەمـە ڕەزا شـام بۆ بهـێنن... هـەر ڕقم لێـتـانە. عـەجـەم عەجەمە. ئاوی دیجلە. خاوێنیان ناکاتەوە.

لێپرسراوی خانەقیش بۆ ئەوی دوا نەکەوێت:

– ئەم قـسـە گـەوهـەرە. دەڵێی لـە نێو دڵـی مندای مـەگـەر ئەو خـوایە بزانێت چەندم ڕق لێیانە.

لە بەدبەخـتیی منیشـدا ڕۆژ نییـە لووتم بەلووتیـانا نەتەقێتـەوە نەبمە هاودەمـیـان. چی بکەین کـاروبار و چارەنووسی ئێـمـەش. ئەمــەیە و کەوتوومـەتە ئەم قوڵەوە هاوسنوور و کێشـەی ڕۆژانە و بیگرە و بەردەی پڕ لە وردەکاری. یاسـەمین و سیروس و ئەوی دی گەڕانەوە ژوور. ئەبو عەبیر پرسی:

– هەموو شت ڕووبەرایە؟

یاسی وەڵامی دایەوە:

– بەلای ئێمەوە کاروبار میزانە...

- یانی شەو دیارییەکانی یاریدەی سەرۆکیان پێ بسپێرین؟

- هیچ تەگەرەیەک لە گۆڕدا نییە، پێیان دەسپێرین.

- پرسیارێک لە سەرما دەسووڕێتەوە، بۆ لای نەوتخانەیان هەڵبژاردووە. لە کاتێکدا دەوروبەری قەسری شرین و خوسرەوی و سەد کون و قوژبنی نزیک و بێ دەردەسەری دی هەیە؟

یاسی نەیزانی وەڵامی داتەوە. پرسیارەکەی ئاراستەی هاوڕێ هاتووەکەی کرد و ڕوو بەیاسی وتی:

- ئێمە ئاگاداری ئەو کون و قوژبنانەین و بەس بەداخەوە زۆربەی ئەو ڕێگە و بانانە بەدەست دەستەو دایەرەی پێشمەرگەوەیە و وەک دەزانن پێوەندی نێوانی پێشمەرگە و دەوڵەتی ئێران گەلێک پتەوە بۆ پاراستن و مەبادا ڕێگەی دوورترمان خستووەتە بەر خۆمان و سەر سەلامەتتر و بێ کێشەتر.

ئەبو عەبیر سەرێکی لەرزانەوە و سەیرێکی کاتژمێرەکەی کرد و ڕوو بەلێپرسراوی خانەقین:

- برسیمانە، نانمان نادەنێ؟

- بۆچی نا، چوار پێنج ژوورمان لە هوتێلی بندەستی خۆماندا دابین کردووە.

دەڕۆین نان دەخۆین و تا شەویش هەنوزێک دەکەین... هوتێلەکە لە جێگەیەکی کەنار و پەرتدایە، کەسی تیادا نییە کۆمەڵی خۆمان نەبێت.

تێکڕا هەستانە سەر پا.

ئێمە دەبێ دەست بەکار بین، ئەگینا کڵاومان با بردوویەتی. وەزعێکی ناجــۆر و ناپەســـەندمـــان بۆهـاتووەتە پێش. بۆ شـــەڵەقـــاندن و ڕاگەیاندنیش بووە دەبێ دەستێک بوەشێنین.

یەکێک لە برادەران هەڵیدایە: دەستێک؟ تۆ بڵێ دە، بیست، هەرچی بکەین کەمە بەتایبەت دەستەودایەرەیەک هاتوونەتە کایەوە چارەنووس و پێنووسیان خستووەتە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتەوە، لە گەوادییش درێخی ناکەن. بەدبەختی لەوەدایە بڕێک لەوانە کۆنە پێشمەرگە و کەوادری حزبەکانن، ئاگاداری زۆر شتن و تەواوی کوردی نێو بەغدا دەناسن و هەواو هەناسەیان بەلایانەوە ڕوون و ئاشکرایە. وا بڕوات هەموو کەس دەمکوت دەکەن.

یەکێکی دی لە برادەران جۆری دانیشتنەکەی گۆڕی و وتی:

- ڕۆژێکی سەختە. خەڵکەکە تۆقیاوە. لەناوبردنی چەند پیاو خراپێک، کۆڕی خەڵکەکە بەتین دەکاتەوە. دەڵێم با ئێمە لە پێشدا لیستەی پیاوخراپان بگرین و ئەو دەم هەڵیان دەبژێرین.

دڵشـاد بەسـەر قـەرەوێڵەکەوە شانی دادابوو. هەروا گـوێی لە برادەرانی دەگرت ڕاست بوویەوە و لەسەرخۆ و ئارام بێ ئەوەی ڕوو بەلای برادەرانییەوە بکا هاتە قسە:

- ئەلحەق و وەلئینساف ڕۆژگارێکی یەکجار سەخت و دژوارە ئەم

میللەتەی تێکەوتووە. مێژوو بۆ خۆی دووبارە دەبێتەوە. ئێمەی کورد تەنها میللەتێک نین لەسەر تەتەشۆری بەرژەوەندی زلهێزەکان دەکرێینە قوربانی. هەی لەو ڕۆژەی ئەو بەرژەوەندییە بکەوێتە مەترسییەوە.

باوەڕتان هەبێت، نە پەیمان ، نە بەڵێن ، نە دۆستایەتی بەفلسێکی سوور ناکڕن... وەک دیمان شاهەنشا «ئاریامهر» میهرەکەی ئەرزشی قەرانێکی بۆ دانەنا و خوێنی هەزاران شەهید و ئاوات و ئارەزووی ملیۆنەها کوردی دا بەبادا، بای بێ بەڵێنی و بەرژەوەندی. ڕەنگە برێک لە چاوساقانی کورد بەگلەیی بن و بڵێن بۆ بیری ئەم ڕۆژەیان نەکردبوویەوە؟ ئەمە بۆ خۆی پرسیارێکە بەلای برێک لە برادەرانەوە کەم و زۆر ئاراستەی خۆی و خەڵکی دەکا. با وەک بێلایەنێک لە مەسەلەکە بڕۆین، من لە ئێوە دەپرسم چەند ساڵ ڕۆشنبیرانی چەپڕەو و توندڕەوەکانی کورد، دەهۆڵی مۆسکۆیان لێدا و هەر ئەو هەر ئەویان کرد؟ بۆ جارێک بۆ تاوێک کورە بۆ دەرمان مافی نەتەوایەتی کوردیان خستە تای تەرازووەوە؟ بەپێچەوانەوە پەیوەستە زەرادخانەی دەوڵەتی بەهێزتر دەکرد، ئەویش بەچەک و تەقەمەنی ئەوان نە ساڵێک و نە دوو نەدە. تا لە ڕووی لێهاتوویی و تاقیکردنەوەی سەرکردایەتیی کوردەوە توانرا دەرو دەروازەی ئێران و دونیای ڕۆژئاوا بکرێتەوە. ئەوەبوو دیمان دەوڵەتی شۆڤینیزمی بەغدا وا دەستەمۆ کرا... ناڵە و نزاو زەبوونی بوو بە وێردی سەر زمانی دونیای ڕاڕەوە سیاسییەکان و سەرئەنجام ناچاری پەنجەمۆری پەیمانی ئەلجەزایر کرا. ئەم هەموو ڕسواییەی سەلماند بەمەرجی لە ناوچوونی دەسەڵاتی ئێمەی کورد. ئەم باسە دوورودرێژە پاشەڕۆژ و مێژووی کورد شاسواری و لێهاتوویی سەرکردایەتیی کورد دەسەلمێنێت، با لێگەڕێین بۆ ئەو دەمە

و بگەڕێینەوە سەر باسەکەمان ئەمنیش لەو باوەڕەدام با لیستەی پیاوخراپان بگرین و ئەو حەلە بەگوێرەی تاوانەکانیان ژمارەبەندییان بکەین.

جاری پێشوو کە گیرام. بەپێی پرس و جۆیەک لە ئاسایشی گشتیدا لێ دەکرام بۆم دەرکەوت لەسەر ڕاپۆرتی بەڕێوەبەری ئێزگەی کوردی بەغداوە گیراوم... لاشم وایە ئێوەش وەک من ئاگاداری نامەردی و نابابی ئەو جانەوەرەن.

قوباد هەڵی دایە: با ئەو یەکەمین بێت، ئازا دەستی نووسینی هەبوو لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی سەر بەدەوڵەتدا دەینووسی، قسەکانی قوبادی بڕی و وتی:

– سەرپەرشتی دەستگای ڕۆشنبیری کورد یەکێکە لە بێناموسیدا وێنەی نییە. خۆی لە «عەفلەق» بەبەعسیتر دەزانێت و تازە یەکجار جێی باوەڕی دەوڵەتیشە...

پۆڵا هاتە نێو قسەکانی «ئازا»وە: دەتوانم پڕی یەک ڕۆژنامە ناوتان بۆ بنووسم... ئەمن دەڵێم یەکەمین کەس با بەڕێوەبەری دەستگای ڕۆشنبیریی کوردی بێت باشترە. با گومان لە کاک دڵشادەوە دوورخەینەوە. ئەگەر ئەو یەکەمین بێت ئاسایش کاک دڵشاد دەخەنە ژێر گازو تاوەوە. وەک وتم سەدانت بۆ دەژمێرم. خۆ ئێمە ئەم هەموو کەسەمان پێ ناکوژرێت، دەکوژرێت؟

ئازا وەڵامی دایەوە:

نەوەڵڵا. خۆ وژدانەن زۆر کەس حەقی لەناوبردنیان هەیە، بڕێک کۆلکەنووسەر مانشێت خوێن پەیدا بوون، شەو ڕۆژ لە ئاسایشی گشتیدا خەریکی وەرگێڕان و گۆبەن نانەوە و دەخەڵێن.

دڵشاد وتی:

– ناوەکانیان بنووسە؛ ڕەنگە حەقی کوشتنیان نەبێت بەڵام شایستەی ڕسواکردن بن. بەیانێکیان دژ بڵاو دەکەینەوە بۆنی هەڕەشەی لێبێت.

منیش لام وایە با بەڕێوەبەری دەستگای ڕۆشنبیریی کوردی یەکەمین بێت. موافیقن؟

پۆلا وتی:

– من ئامادەی ئەو کارەم. کێی دیکەم لەگەڵە؟

دڵشاد وتی:

– من...

برادەران بەبەشداری دڵشاد ڕازی نەبوون.

ئازا و قوبادیش دایان بەسنگیاندا. قوباد داوای کرد ئەو بەرنامەیە چەند ڕۆژێک دوا خرێت تا سەرێکی ماڵی باوکی بدا لە سەماوە، دڵشاد دەیزانی ماڵی باوکی دوور خراونەتەوە بۆ ئەو خوارە. درا لە دەرگا. پۆلا دەرگای کردەوە و سەلیبەوار لە نێو دەرگادا ڕاوەستا. ئەبو جۆنی بۆنی عەرەقی فەل لە دەمی دەهات ژمێرا و وتی:

ـ ماڵی خوشکەکەم لەیرا دەگوێزنەوە بەرتەلە، ژوورەکەیان خاڵی دەبێت... ئەمنیش لام خۆشە ئەو ژوورەش هەر قوتابی کوردی تێ بێت جا ئەگەر دەتانەوێ تا دووسێ ڕۆژی دی هەواڵم لێگێڕنەوە.

ئەبو جۆنی پۆلا و ئازا و قوبادی دەناسی. دڵشاد لەولاترەوە نەدەبینرا. کە ئەبو جۆنی ڕۆیشت وتی:

– ئەمە هەواڵێکی باش نەبوو. سبەی کابرایەکی بیانی تێی بێت

گرفتاریمان بۆ دروست دەکا و لێمان دەشێوێنێت. جا وا بەچاک دەزانم ئەو ژوورەش هەر خۆمان بەکرێی بگرین باشتر بێت. ڕێکخراو پارەکەی دەدا. ئەم بەتاوینە بۆ ئێمە زۆر باشە، خەڵکەکەی لاشەڕن و کوردیان خۆش دەوێ. ئێمەش لە ناویاندا بەئاسانی دەتوانین خۆمان گوم کەین. ئینجا دڵشاد هەڵسایە سەر پا و پرسی:

– ئەمڕۆ چەند شەمموەوە؟

پۆلا وەڵامی دایەوە یەکشەممەیە.

ڕوو بەقوباد وتی:

– تا پێنجشەممە دەگەڕێیتەوە؟

– کورە دوو ڕۆژ بەسە.

دڵشاد دوو لەپی بەیەکدا هەسوی و وتی:

– خۆ هەمووان ئەو دەعبایە دەناسن؟

ئازا وتی:

– ئەوەندە لە تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و ڕۆژنامەکاندا ملەقوتەی کردووە ناسراوی هەمووانە. چاکتر وایە شوێنی ماڵەکەشی پێ بزانین.

–ـ ئێمە لە شەممەی داهاتووەوە دەست پێ دەکەین. تا ئەو کاتە شوێنی ماڵەکەشی دەدۆزمەوە و هەر یەکەش دەمانچەیەکتان بۆ دێنم. خۆ بەکارهێنانی دەزانن.

پۆلا هەڵی دایە:

– کاکە دڵشاد ئەمە لێزانین و نیشانە و قەرەوڵی پێ ناوێت. بەڵێنت دەدەمێ لوولەی دەمانچەکەم لە پێشدا دەمی ماچ کا ئەو دەم بیتەقێنم.

– کەواتە تا دیداری دی. سەیرێک بکە بزانە ئەبو جۆنی دیارە یا نە؟

پێم خـۆش نیــیـە بمبـینێت. قـوباد ئـاورێکی لـە دەرەوە دا و بەســەر ڕایگەیاند هۆڵەکە چۆڵە.

زۆربەی خـانووەکـانی «بەتاوین» ژوورەکانیان بەسـەر هۆڵێکی سـەر ئاچوخـەوەیە بڕێکیـان دوونـهـۆمن و زۆربەشـیـان یەک نـهـۆم. قـوباد و دڵشاد لە ژوور وەدەرکەوتن. دڵشاد نەیویست لەوە زیاتر قوبادی لەگەڵا بێت گورج لە دەرگـا وەدەرکـەوت و بەکووچە و کۆڵانە پێچ پێـچـەکاندا بۆی دەرچوو. گـەواڵەی هـەور وەک سـیـمرخـێکی ئەفـسـانەیی بەسـەر کووچە و کۆڵانەکانی بەتاویندا تیژ بەرەو باکوور دەچوو. تاوتاو سکی شینی ئاسـمـان وەدەر دەکەوت. پاییز هـاتبـووە بەرەوە یەشـتـا بڕێک لە ئێرکۆلەری مـاڵەکان بەسـەر پەنجەرەکانیانەوە دایان مـەزراندبوو هـاڕە هـاڕی دەکـەوتە بەر گـوێی ڕێبـواری نێو کووچە و کۆڵان. دڵشـاد هـەروا دەچوو، یەشـتــا لە بیـر و ئەندێشــەی پەیمانی ئەلجـەزایـردا دەپلکایەوە. لەبەر خـۆیەوە دەیوت: تەخت و بەخـتت لـێ بشێوێ حـەمـە ڕەزاشـا ئـاوا بەم ئـاسـانیـیـە پشت لە تەواوی پڕۆژەی مـیــهـر و بـەربلاوی ڕەگـەز و نەژادی ئاریا بکەیت، ڕووباری خـوێنـی شـوهـەدای کـورد نەگـۆڕیتـەوە هـاتوچووی دوو کەشتی بارهەڵگری ئەروەندڕود؟

دام و دەزگـات شـێوێ ئاوا! بـۆ خـۆت و مــەردانەگی و ڕاسـتگـۆییت. چەبکەین ڕۆژگـارە ئەوڕۆکە سـەروەرانی کـورد لە ژێر سـایەی توخـمی سێ خـەتێکدان. ڕەزا مـیـرپەنج، کـورد لە ڕەفـیـق کـوژ و هـەواڵ دزێکی وەک بۆمــدیـەن و بۆتـەفلیــقــە ناوێک ناگــرێت. ئـەوانە وەفــایـان بۆ هاوسەنگەرانی خۆیان نەبووە چ بگاتە ئێمەی کورد؟

دڵشــاد ئـەو ڕۆژانەی کـۆبوونەوە و کـاری ڕێکخـراوی باتـا بەپێـیـان دەگــەڕا. هـەروا پـیـادە بەســەر پردی «شــوهــەدا»وە دەپەڕییــەوە. لـەپڕ

بەسەر پردەکەدا ڕاوەستا و سەری بەسەر ڕووباری «دیجلە»دا شۆڕ کردەوە. تاریک داهاتبوو، لەبەر خۆیەوە کەوتە بۆڵە:

- ئێ، پیرە ڕووباری قووڵایی مێژوو! تۆیش وەک من و ئێمە ماندووی؟ ئەڵڵا چەند بۆنت خۆشە بۆنی خوێشانت لێدێ. ناڵێی چۆنن؟ یەشتا هەر گرفتاری یەنگی چڕین...؟ پێنج سەد ساڵیان بەس نەبوو؟ ئاوا بێ کوردوستان چەند پان و پۆڕی ؟ چیا و کەژ و کێوت، دەشت و دەرو دۆڵ و کەمەرت بەهەشتی ڕووی زەمینە. ڕووبارەکانت شاڕەگی زیندەگانی و ژینە. حەیف بێ باوی، داگیر و پێشێل کراوی. دڵنیابە، ڕۆژێک هەر ڕۆژێک دەبێ ڕۆڵەکانت کۆتی گەردنت تووڕدەنە لاوە.

گورەی بەلەمێکی ماتۆڕی ژێر پرد هێنایەوە سەرخۆی و ئاوڕی کاتژمێری دایەوە. گڵۆپی بەر دەرگای خانووبەرەی یاسەمین و یارانی ئێرانی لە دوورەوە دەبریسکایەوە، بەچاکی زانی سەرێکیان لێدا. لە ڕاستیدا ناخۆ ئاگا دڵ و دەروونی بەرەو لای ئەوان ڕانیبووی. بۆ خۆیشی لێ وەکەڕ کردبوو. سەودای یاسەمین وەک گەرمی و بڵێسەی کوردایەتی لە دڵ و دەروونیدا پلی دەدا و شەوگاریش تلی دەخوارد و دڵەخورپە و ئەی خوا ئەی خوای عیشق هەنوزی لێ بڕیبوو. یاسی لەگەڵیا مەودای نێوانی کەم کردبوویەوە. پەیامی بێ دەنگی ئاو ناویەو سەورکەو. ڕۆژێکی دی و هەزار ئاوات و ئارەزووی بۆ خستبووە گەڕ. ئەو لە فەلامەرز نائومێد بووبوو، نائومێدییەکی پڕ لە ئاوات و ئارەزوو. هەر وەخت فەلامەرزی دەهاتەوە بیر، برینەکانی دەهاتەوە سۆ و کزەی دەروون و قاژەی دڵی دەگەیشتە پەریانی ئاسمان و دڵخۆشی خۆی بەوەی دەدایەوە: فەلامەرز بێ تاوانە، ئەوە ئەوە فەلامەرزی خستە باوەشی «لی لی»یەوە. ئەوە ئەوە تەواوی ڕێکانی لێ بن بەست کرد و دایە دەست ڕووداو، ئەوە ئەوە وڵاتی بەجێهێلا و بای و نرخی

پەشێزێکی بۆ عیشق و وەفا و دڵداری و عورف و عادەت دانەنا و شۆڕشگێرانە بەسەر تەتەشۆری سیاسەتەوە دەمار تا دەمار عشقی نێوانی سەر بڕی و کردییە قوربانی. دڵخۆشیی خۆی دەدایەوە کە وا فەلامەرز خۆشی دەوێ، لە نێو دونیا و جیهانی ڕووداویی دڵداری و عشقدا چەند وەفا پیرۆزە، بەو ئەندازەشە بەخشین و لێبووردن ڕەوایە و سێ کوچکەیەکی دیاری دونیای عشق و عاشقیە. عشق و عاشقی هەمیشە پڕ بووە لە خەتا و تاوان ، پڕ بووە لە بەرانبەرکێ و ململان، پڕ بووە لە مەرگ و ژیان، پڕ بووە لە مردن، پڕ بووە لە لێبوردن.

دڵشاد دەستی بەزەنگ دانا. برادەرانی ئێرانی زانیان دڵشادە دەرگایان کردەوە و هەواڵیش گەیشتە یاسەمین. ژوورەکەی یاسەمین لە نهۆمی سەرەوە بوو، تێکرا لە هۆڵی خوارەوەدا دادەنیشتن. چوار پێنج کەرەویتە و دووسێ تەپڵەکی چڵکن و تەلەفزیۆنێکی ڕەش و سپی سنووقیان لە سەر بنەوە دانابوو. پەردەیەکی ژاکاو شۆڕبووبوویەوە ڕووی پەنچەرەکەدا. دەرگا و پەنجەرەی هۆڵ ڕوو بەڕووباری دیجلە بەنیمچە ئاوڕێک خان و مانی و نەرم و نیانی ڕووبارت وەبەرچاو دەکەوت. دکتۆر مینایی وەک هەمیشە پاپیون لە گەردن ، کەوشەکانی بریقەی دەدایەوە. ئەو پەیوەستە دەیوت: باوەڕ ناکەم لە تەواوی جیهاندا هیچ بۆیاخچییەکی کەوش و قۆنەرە وەک من لە بۆیاخکردنا وەستاتر بێت، ئەگەر دکتۆرام نەبوایە دەبووم بەبۆیاخچی قۆنەرە و پێڵاو ڕەنگە لە ئێستاش زۆرتر دەرامەتم بایە.

یاسەمینیش هاتبووە خوارەوە، بێ حەوسەڵە و تاقەت دەنوا. توێژ و تارمایی غەمێک بەسەر ڕوخساریدا نمایان بوو. دوای چای خواردنەوە برادەرانی ئێرانی هۆڵیان بەجێ هێڵا مایەوە یاسەمین و دڵشاد.

– پەژموردە دەتبینم؟

– برسیمە.

– چی؟

یاسەمین دەستی خستە سەر سنگ و بەرۆکیو تێکەڵ بەناز وتی:

– مەگەر نای بینیت؟ دڵشاد هەر تێنەگەیشت.

– پارێزمە، پارێز. ڕژیمم گرتووە. وا برۆم دەبمە فیل.

– ئێوەی کوردی عەرەب حەزتان لە ئافرەتی گۆشتن و نەرم و نۆڵە.

– گۆشتن نا، نەرم و نۆڵ با. بەڵام ئەو کوردی عەرەبەی تێنەگەیشتم...؟

– یانی ئەو کوردانەی لەگەڵ عیراقی عەرەبدا دەژێن.

– بەم حیسابە کوردی فارس و کوردی تورکیشمان دەبێ هەبێت؟

– وایە.

– ئیمەی کورد وا تێ نافکریەین. قەینا وڵاتەکەمان دابەش کراوە و بەوتەی تۆ بوگین بەکوردی عەرەب و عەجەم و تورک. ئەو بەلای ئێمەوە کوردوستانی گەورەیە و ئێستا بەناوی کوردوستانی ڕۆژهەڵات و باکوور و باشوور ناوی دەبەین. بەزۆر بەوانەوە بەسراوین. هەزار ساڵە وتراوە بەزۆر گایین بەحیز نابێت. بێ شک ئێمەش ئازاد دەبین، ئەمساڵ نا دووی تر، دەی تر، پەنجای دی.

– پێت وا نییە ئەمە خەونێکی گەورە بێت و ئەنجامی مەحاڵ؟

– یاسەمین خانم! خەوبینین مافی ڕەوای هەر کەسێکە و تازە لە دونیای سیاسەت و بەرژەوەندی زلهێزەکانا کەیل و کێشانە قایلی گۆڕینە. وتراوە سیاسەت بێ داک و بابە.

– کێشانەی چی؟ ئەوەسا یەشتا خوێنی هەزارانتان وشکەوە نەبووە، شا بەو کەتنەی بردن، نەی بردن؟

– ئەوە بەجێی خۆی... مێژووی میللەتەکەمان پڕە لەم تەڵە و پاشقولانە و ئێمەی کوردیش وەک خۆمان ماینەتەوە و زۆریش ناخایەنێت شۆڕش لە کوردوستاندا دەست پێ دەکاتەوە. ئێمە تەسلیمی نائومێدی نابین. ئەوە نییە ئێوە دەربەدەری وڵاتانن و دەتانەوێ گەورەترین دەسەڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە نێو ببەن. ئەوەی ئێوە خەون نییە و، خەونەکەی ئێمە نەشیاوە؟

– من نەموت نەشیاوە، وتم خەونە مەحاڵە.

– لەوانە گەڕێ، چیت وت؟

– بۆچی؟

– شووم پێ دەکەی؟

– بەدەستی خۆم بێت ئا. داخم لەوەدایە جەڵەوم بەدەستی خۆمەوە نییە. لەوەی دڵنیابە خۆشم دەوێی، بەڵام جارێک لە هەلومەرجێکی ئاشوفتە و ناجۆردام.

– ئاخر ئەوە درێژە دەکێشێت. هەر مەرجێکت هەبێت ئامادەم. دەتەوێ بڕۆینە دەرەوەی عیراق، ئەیرا هەر کون و قوژبنێکی دونیا تۆ هەڵیبژێریت ئامادەم.

– لەوەی دڵنیام.

– بەڵام مەمدە دەستی هەرووژانی دەسەڵاتی شاوە. ئەوە زۆری پێ دەچێ و دەخایەنێت ڕەنگە هەر نەڕووخێتیش.

– دڵنیابە ڕێگەیەکی بۆ دەدەۆزینەوە. منیش لەم ئاوارەگی و شار بەشارە ماندوو بووم. لێم گەڕێ جارێک.

دڵشاد ڕۆیشتە بندەستی یاسەمینەوە.

سـودابە چاوی کـێـشــا بوو، ڕەشـی برژانگ و ئەبـروی دەبریسکـایەوە عـەبایەکـی گـوڵ گـوڵـی ناسک و نـەرمی بەسـەر پۆپـەی سـەریدا دابوو. نیـوە ئاواڵە با دەیشـەکـاندەوە. نەرم نـەرم لەسـەر نووکی پەنجـە ئارام دەڕۆیشت، ئەو بەهـەوای پشتی خۆیەوە هوشیارانە هـەنگاوی دەنا.

دەیزانـی فــەرهـادی مـێـردمنداڵی بـەدوایەوەیە. بەقـەسـتی ژانتـا دەستییەکەی بەردایەوە و هـەروا ڕۆیشت.

لە پڕ فەرهـاد هـاواری لێ هـەڵسا:

– خـانم! خـانم!

سودابە ڕاوەستا و لای کردە دواوە. فەرهـاد ژانتاکەی بۆ ڕاگرتبوو.

سودابە بەناز و ئەدایەکی ژنانەی شەهوەت ئەنگیزەوە:

– ئەی خـوا مــەرگم بدا! هـەزار بار ئافــەرین بـۆ مــەردانەگی و پیاوەتیـت. ڕاستە دەڵێن کرماشـان قارەمان پەروەرە، بەخـۆڕایی نەیان وتووە. کێ دەڵێت ئێران بێ خـاوەنە ؟ وڵات خـاوەنی گەنجێکی دڵاوەری وەک تۆ بێت ڕۆستەم و زوراب و ئەسفەندیاریش بیر ناچنەوە.

سـودابە دەسـتی فـەرهـادی گرتبوو. فـەرهـاد بۆ یەکـەمین جـار پێی وترابوو پیـاو. پرۆزەی عـارەق نیشـتووە نـاو چاوانی. حـەزی نەدەکـرد دەسـتی بەردەن. تارمـایی هـەسـتی مـەردانەگی و پیـاوەتی بۆ یەکـەمین جار لەناخ و هـەستیدا بنی نایەوە.

– من ئەوەندە سوپاسگوزاری مەردانەگی و ئەمانەتداری تۆم نەبێتەوە، شەرمەزارتم. ئاغا نەیفەرموو ناوی چییە؟

– فەرهاد.

– بەه! بەه! ماشائەڵڵا! ناو بەو جوانییە شایستەی ڕەفتار و ڕوخسارتیشە. ئەشهەد و جوانخاسانی وەک فەرهادخان لەم ڕۆژانەدا دگمەن و کەمن. ئەی خوا هەزار بار شوکر و سوپاس کە وا ئەوڕۆ جوامێرێکی وەک فەرهادخانت خستە سەر ڕێگەمەوە. دیارە پەروەردگار شتێک دەباو شتێک دەدا. ئەگەر ئەم ژانتایە وەدەستی نامەرد و ناجوامێرێک کەوتایە وەک پسکی بانان بۆی دەردەچوو. منیش نکی نا ئومێد لێی دەوەستامەوە. یەشتا دەستی فەرهاد لە نێوان دەستی سودابەدا بوو. تاو تاو دەستی دەوشارد. فەرهاد گڕ کەوتبووە لەشییەوە. سودابە بەنازەوە هاتەوە قسە:

– ئەو خوایە دیارە لوتف و مەرحەمەتی دەربارەم کەم نەبوەتەوە. فەرهادخان! ئەگەر بکرێت تا ماڵ ڕەوانەم کە. لات و سەرسەری و بێ سەروپا لە شەقامدا زۆرن تۆم لەگەڵدا بیت زاتی نابابیان نابێ و قسەو توانجم تێناگرن.

ئیتر دەستی فەرهادی وەکێش کرد و فەرهادیش لەژێر لێوەوە دەیوت: سەرچاو! شایانی نییە خانم ئەمر دەکا.

شان بەشان کەوتنەڕێ. سودابە پرسی:

– فەرهادخان دبلۆمت وەرگرتووە؟

– نەوەڵڵا! جارێک زووە لە کلاسی سێهەمی ناوەندیم. سودابە نەختێک ڕاوەستاو ئینجا نازدارانە وتی:

– دیارە دواکەوتووی، لەوە گەورەتریت. ماشەڵڵا نیوە پاڵەوانێکی.

گەیشتبوونە نزیکی کووچە و کۆلانی ماڵی سودابە. جارەو بار دەستی فەرهادی بەردەدا و دووبارە دەیگرتەوە، لەبەر دەرگایەکدا ڕاوەستان.

فەرهاد وتی:

– گەیشتین؟

– بەڵێ ئەمە ماڵی منە.

– ئێ من دەڕۆم.

– ئەوە بەڕاستە؟ مەگەر دەکرێت؟ مەگەر دەهێلم؟ بەخوا بەخوا مەگەر بمکوژی بهێلم بڕۆیت. تا شەربەتێکی گێلاس لە ماڵەکەمدا نەخۆیتەوە بەرت نادەم. ئەو هەموو پیاوەتییەی تۆیە لەبیر ناکرێت. سودابە کلیلی خستبووە دەرگا و سووڕێکی دا و لنگەیەکی کرایەوە. فەرهاد دوودڵ بوو. حەزێکی تەنگی مێردمندالانە ناخی داگرتبوو. ترس و تۆقیانێکی شاراوەشی پەیتا پەیتا لە ناخیدا کەوتبووە ملق دان... سودابەی لێزان و کارامە و بەئەزموون پەی بەو ترسە بردبوو. پەلی فەرهادی ڕاکێشایە حەوشەوە و... دەرگاشی داخست و وتی: دڵنیا بە کەس لە مالا نییە. تەنها ئەمن و تۆین. عابای لەسەر لادابوو، چەند دوگمەیەکی بەرۆکیشی کردبوویەوە. لە ڕێ ڕۆیشتندا سمت و کەفەڵی دەلەرزاندەوە. فەرهادی بەسەر کانابەیەکی دووسێ کەسیەوە دانا و وتی:

– تاوێک بمبوورە تا شەربەتێکت بۆ دێنم.

فەرهاد تەنها مایەوە سەرسامانە دەینواڕییە دەرو دیوارا. سودابە دوو گلاس شەربەتی گێلاسی خستبووە سەر سینییەک و بەعیشوەوە گلاسێکی لەبەردەست فەرهادا دانا و بۆ خۆیشی لە بندەستیدا لێی دانیشت. جۆرێک دانیشت سمت و کەفەڵی بەلاڕانی فەرهادەوە

چەسپاند. یەک دوو مژیان  لە شەربەت دا و سودابە شەربەتی خستە سەر تەپڵەکی بەردەمی و دەستی فەرهادی گرت و شەهوەت ئەنگێزانە وتی:

– باوەڕ بکە هەر چاوم بەناو چەوانت کەوت، یەک دڵ نا سەد دڵ عاشقت بووم. ڕاستە دەڵێن عشقی کوت و پڕی لە ئاسمانا نووسراوە. دەستیشی لە کاردابوو.

فەرهاد قسەی بۆ نەدەهات... زاری وشک، عارەق نیشتبووە سەر تەوێڵی، گەرمی کەوتبووە ناوگەڵی، نەیدەزانی چی بکا. پەیکەر ئاسا بێ ورتە و بێ جوولە وەک مومێکی نەرم و بڵێسەدار بەدەست سودابەوە تێڕاما بوو.

سودابە سەری وەرچەرخاندە لای خۆیەوە و دەمی وەنێو دەمی نا. فەرهاد گەیشتە سنووری بوورانەوە. هەروا دەستەپاچە و خاو و خلیچک واق وڕما و هیچی پێ نەدەکرا. سودابە سیبی دامێنەکەشی کردبوویەوە.

هەر هەڵسا و دامێنەکەی داخزاندە خوارەوە پاوپل و  پووز و ناوگەڵی خرپنی کەوتە بەرچاوان. یەشتا شۆرتەکەی دانەخزاندبوو، کەوتە داکەندنی فەرهادی سەرسام و تاداگرتوو. سودابە هەستا و فەرهادی پەلەکێشی ژووری نووستن کرد و نەرم و لەسەرخۆ ڕایکشاندە سەر سیسەمەکەدا و ئازا ڕووت و قووتی کردەوە و. بۆ خۆیشی شۆرتی داماڵاندو بەسەر فەرهادا ڕاکشا دەمی وەنێو دەمی نا.

فەرهاد وەک کاوڕە گێژە مەنگ و مەدهۆش، پەرێشان حاڵ... تاوی گرتبوو، یەکەمین جار بوو سنگ و بەرۆک و لەش و ئەندامی ڕووتی

ئافرەتی دەدی. بەتایبەت کە ناوگەڵی سودابەی وەدی کرد سەرسام وەک کارەبا گرتوو لە پەلوپۆ کەوت. تا ئەو دەمە ناوگەڵی ژنی بەو شێوە قەرەباڵغییە بەتۆپزی و مۆو دەم و لێوی هەڵئاوساوەوە نەدیبوو.

سودابەش دەکۆشا بەرجەستەتر و خڕومڕتر بیخاتە بەرچاوی. لەپڕ هەلپلایە سەر پشتا و دوولاقی چاتمە ئاسا بەرزکردەوە و بەو دەستی فەرهادی کێشایە ناوگەڵییەوە. فەرهاد وەک یابوویەک و بەرەو ئاخوڕی ببەن خۆی دابووە دەستی سودابەوە. لەش و ئەندام و قەد و باڵای سودابە کەڵەگەت و تۆزەکێک گۆشتن فەرهادی سەرسام کردبوو... نەدەچووە عەقڵییەوە. ئەو پارچەیەکی ئەندام و لەشی سودابەی بەتەنهایی پێ سەرسام بوو. وا تێکڕا لەش و لار و سینەو پاو پووز و ناوگەڵ و وردەکاریی نێو گەڵ و دەست و باهۆ و پەنجەی لەبەر دەستدایە، هەمووی ڕاخراو لە خزمەتی ئەودایە. گێژ و وێژ نەیدەزانی چی بکا و چۆن دەست پێبکا. توولەیەکی چەش نەکراوی چەموش... دەستەپاچە لەسەر چۆک لەناو گەڵی سودابەدا هەر ڕوانینی سەرسامانەی پێ دەکرا. سودابە لەو سەرسامییەی وەدەرهێنا و دەستی خستەکار و چەسپاندییە خۆیەوە... پەنجەشی خستە جێی دیکەی فەرهاد. بەو شێوە سێچوار جارێک تێ هەڵچوون. فەرهاد لەوەی دڵنیابوو یەکێک لە مەرجەکانی تێ هەڵچوونی نێوان ژن و پیاو دەبێ پەنجەی ژنیش لەوێدا بێت، ئاڵوگۆڕێکی زووگوزەر و کاتی.

سودابەش مانوو بووبوو. زەریفی و جوانکیلەیی فەرهاد هانی گوڕ و تاوی زۆرتری دەدا. بەڵام بەچاکی زانی لەوێدا بیبڕێتەوە. ئارام فەرهادی بەلادا خست و بۆ تاوێک هەروا شان بەشان ڕاکشان.

لەسەر خۆی لای کردە لای فەرهادەوە:

– باوەڕ ناکەم بۆ لەمەولا بەئاسانی دەستت لێ هەڵگرم. تۆ چی؟

فەرهاد کەوتە منەمن: م... منیش هەرچی تۆ بڵێیت دەیکەم.

– سبەی دێیتەوە؟

– چ وەختێک بێمەوە؟

– با قوتابخانەکەت لە دەست نەڕوا، وەک ئەمڕۆ.

– لات خۆش بێت هەر لە بەیانییەوە دێم... ئەوەندە تەوحم بەلای خوێندن و قوتابخانەوە نییە، خوا خوامە ڕزگارم بێت.

– شەو نەبێت هەر کاتێک دێی وەرە. شەوان خزمەکانم لەیران. ناپۆڕێت بێی بۆ ئەیرانە. تۆ سبەی سەعات دوانزەی نیوەڕۆ وەرەوە ئەو دەم بەوردی بەرنامەی هاتو چوونت بۆ دادەڕێژم. خۆیان پۆشتە کردبۆوە... سودابە دەستی بۆ ژانتاکەی برد و سەد تمەنی وەدەرهێنا و دای بەدەستی فەرهادەوە.

فەرهاد نەدەچووە ژێر وەرگرتنی. سودابە بەستەیەک پوولی سەد تمەنی و گەردانەیەک زێڕی لە نێو ژانتاکە دەرهێناو ڕوو بەفەرهاد وتی:

– خۆ بەئاسانی دەتوانی ببیتە خاوەنی ئەمانە. مەردانەگی و پیاوەتی ڕێگای پێ نەدای... زۆرتر لەو سەد تمەنە حەقی تۆیە، ئەگەر دەڵێی کەمە با زۆرتری کەم؟

فەرهاد کەوتە سوێن خواردن کە بەتەمای هیچ نییە و لە ڕەدکردنەوەی ئەو پارەیە مەبەستێکی تایبەتی نەبووە.

سودابە سەد تمەنی ئاخنییە گیرفانییەوە و ڕوو بەدەرگای حەوشی وەڕێ کەوتن. پێش ئەوەی فەرهاد لە دەرگا بەو دیوەچێت ماچێکی کرد

و کلکەیەکیشی پێوە کرد و وتی:

- بەئومێدی دیدار! سبەی سەعات دوانزە. ئەم جارە بێیتەوە دەتکەمە ساندویچ.

فەرهاد کەوتبووە جیهانێکی تازە دۆزراوەی پڕ لە نهێنییەوە ڕاستەوخۆ نەیدەنوارییە ڕوخساری خەڵکیدا. پێی وابوو هەمووان بەوەیان زانیوە تا سەعاتێک لەمەو پێش لە چ هەلومەرجێکدا و لە چ حەشارگایەکدا سەرگەرمی ڕازە هەڵنەهێنراوەکان بووە. ڕێگەی چەندین ساڵەی بەسەعاتێک تەی کردبوو. هاو تەمەنانی خۆی دەدی لە دڵا گاڵتەی پێ دەکردن کە چەندە منداڵ و خام و بێ دەسەڵاتن. سودابە هێندە پەنجەی خستبووە دوایەوە دەیکزاندەوە. خۆی بەخۆی دەوت:

- دەی یەکەمین جارە؛ بۆیە کچان لە یەکەمین شەوی بووکێنی دەترسن. پێم وانییە سبەی وەک ئەمڕۆ بکزێتەوە.

زۆری نەماوە فیلمەکە تەواو بێت، هەموومان ئازاد دەبین. شاهەنشا زۆری حەز لە فیلمەکانی «وەحدەت»ە هەفتەی جارێک یەکێک لە فیلمەکانی بۆ دەخەنە سەر. ئێمە تەواوی سەحنە و وتووێژەکانمان لەبەرە ، ئەوەندە چەند بارە کراوەتەوە.

«لی لی» دەم و لێوی خستبووە سەر گوێی فەلامەرز، بەئەسپاییەکی یەکجار زۆرەوە دەی چرپاندە گوێی فەلامەرزدا . شا بەتەنها لە پێشەوە دانیشتبوو، شابانو لە دیتنی چەندین بارەی فیلمەکانی «وەحدەت» وەڕس بووبوو. سینەما تایبەتەکەی دەربار هەفتەی دوو سێ جار فیلمێکی نیشان دەدا ، بەڵام وەحدەت بووبوو بەگورنەتەلە و زۆربەی کاتی بەخۆیەوە گرتبوو. زۆر کەس لە دڵا هەزارانی بۆ وەحدەت و هونەر و فیلمەکانی تەواو دەکرد.

شا کە خۆی پێ دەکەنی لای بەدواوە دەکرد تا بزانێت خەڵکی تریش وەک ئەو چێژ لە قەشمەر بازارییەکەی وەردەگرێت یا تەنها خۆی وەک منداڵێکی نازدار و نونورِ و لاسار پێدەکەنێت. پێکەنینی درۆینی خەڵکەکە پەنجەمۆری پێکەنینەکەی دەکرد.

فەلامەرز هاتەوە بیری ئەو فیلمەی دیوە وەک تارمایی هاتەوە خەیاڵی کە لە یەکێک لە سینەماکانی شاری کرماشاندا خستبوویانە گەڕ. لە دڵا وتی:

– ئا، ئا کەوتەوە بیرم سینەما فیردەوسی بوو.

لیلی بەنووکی پەنجە ژەندی پێوە:

– شا لەیرا هەستا دەڕواتە سەر مێزی یاری.

– یاری؟

– یاری قومار لەگەڵ بڕێک لە دۆستانی تایبەتیدا.

– حەتمەن ئاغای هوەیدا و بڕێک لە وزەراکانن.؟

– نە بابە، ئەوانە نەگەیشتوونەتە پلەی تایبەتمەند... تا لەگەڵ شاهەنشادا لەسەر مێزی قومار دانیشن. تا ئاغای عەلەم مابوو یەکێک بوو لە داشی هەمیشەگی یارییەکانی شا. ئەوانەی یاری لەگەڵ دەکەن هیچیان لێپرسراوی دەوڵەت و کاربەدەستی دەوڵەتی نین.

– شاهەنشا وا لەناو ئەم هەموو ئاکتەرە ناسراوانەی دونیادا حەزی لە هونەرنمایی وەحدەتە، بێ شک دەبێ شیفتەی مۆسیقا و گۆرانی ئێرانیش بێت؟

– ئەوەیان نا. بەپێچەوانەوە عاشق و شەیدای مۆسیقای کلاسێکی ئەورووپاییە، بەتایبەت سیمفۆنییەکان پەردە پایانی نیشان دا. چراکان داگیرسان، سەرجەم هەژدە کەس دانیشتبوون. شا هەستایە سەر پا. پەنجەی هەردوو دەستی خستبووە گیرفانە بچکۆلەکانی سوخمەی قاتەکەی. هەر یەکە لە جێی خۆی ڕەپ و ڕاست وەستابوون لیلی بەپێناسەی من دەژمێردرا. شایش ئاگاداری پێوەندی نێوان من و لیلی بوو. دەربار و شارو موختاری شاریش بەو نێوانی ئێمەیان زانیبوو. لیلی کارێکی وای کرد مێردەکەی بکەنە باڵیۆز لە یەکێک لە سەفارەتخانەکانی دەرەوەدا، منیش ئیتر جارەوبار لە ماڵە سەرەکێکەی لیلی دا دەنووستم. شا گەیشتە حەنای ئێمە. هەم لیلی و

هەم من سەرمان دانواند. شا ڕاوەستا ڕوو بەلیلی:

– خانم! ئەم ئاغایە ئەندازیاری کۆشکی وەلیعەهدە؟ لیلی تاڕادەیەک بەشەرمەوە:

– بەڵێ قوربان! ئەمە ئەوە.

شا ڕوو بەمن دەستی درێژ کرد و وتی:

– چۆنی؟ منیش نەختێک پەشۆکام و بەپەلە چوومە پێشەوە و دەستی شام ماچ کرد و وەڵاممدایەوە:

– لە سایەی سەری عەلاحەزرەتەوە دوعا گۆین.

لوتفی بێ پایانی شەهەنشایە سەرفەرازی کردووین.

بە پێی پرۆتۆکۆلی دەربار کەس مافی ئەوەی نەبوو هیچ جۆرە قسەیەک بکا جگە لە وەڵام دانەوە نەبێت، با وەک لەو جۆرە بەرنامەگەلەی دەربارەدا تا ڕادەیەک ئەو یاسایە بەکار نەدەبرا بەتایبەت لە بەرنامەی دانیشتنەکانی فەرەحدا تەواوی ئەو فەرامینە تووڕ درابوویە لاوە.

شا وەک هەمیشە ئارام و لەسەرخۆ هەنگاوی ناو لە دەرگای سینەما ڕۆیشتە دەرەوە.

لیلی دووبارە ژەندییە فەلامەرزەوە:

– چاوت لێ بوو چۆنی ناسیت؟

– مایەی شانازییە. ئەڵبەتە هۆی سەرەکییەکەی تۆیت؟

– نەخێر وا نییە. خۆ من نەخشەی کۆشکی وەلیعەهدم نەکێشاوە، بۆ خۆی ناسیتی.

– ئاخر ئەگەر لای تۆدا نەبووما نەمیدەناسی. ئەگەر لەبەر تۆ نەبێت، ڕێگەی دانیشتن لەگەڵ شادا بەکەم کەس دەدرێت، دەدرێت؟

– ئەوەیان باسێکی دیکە.

– دوای ئەمە بۆ کوێ دەڕۆین؟

– شابانو لە سالۆنی باکوور دانیشتووە، ئەمشەو «سەتتار»یان بانگ کردووە بۆ گۆرانی وتن.

– شاهەنشای لێ نییە؟

– شەهەنشا لە بەزمەکانی شابانودا بەشدار نابێت و کاری بەجۆری ڕابواردن و هاوڕێکانیەوە نییە؛ بەتایبەت بەدوای مردنی ئاغای «عەلەم» ئیتر کاروکردەوەی شابانو بەشا ناگات. بۆ خۆی شاهەنشایش ئەوەندە بەدوای ئەو باسانەوە ناگەڕێت و بۆیشی گرنگ نییە شابانو بەچییەوە سەرگەرمە. شا چووبووە ژووری یاری قومارەوە. داش یارییەکانی هەر بەئێوارەوە ئامادە و چاوەڕوان چرکە ژمێریان دەکرد.

پەنجەرەکانی هۆڵی باکوور بەڕووی چیای ڕەق و تەق، سارد و قرچ هەڵهاتووی «ئەلبورز»دا دەینواڕی.

تەواوی دیوار و بنمیچی هۆڵەکە بەگەچ برِی ڕەنگاوڕەنگی شێوە و سەردەمی قاجارییەکان ڕازابوویەوە.

کوورە زل زەلامەکەی سەربنی هۆڵ سەمای شێتانەی فازفازی گڕی ئاگری تیا دەنوا. وێنەی شا بەسەر دڵی کوڕەکەوە کەمەی خواری چوار چێوەکەی گەیشتبووە پێشخوانی کوورەکە. لە چەند لاوە نیوکەتی نەرم و نۆڵی جۆراوجۆری ڕەنگاوڕەنگ دەبینرا.

دۆشەک و سەرینی بەمافوور نائین و ئەسفەهار بەرگ گیراو لە گۆشەکاندا بەڕیز دانرابوو. فەرەح خوو و خولیای دابووە تێکەڵاوی کەلەپووری کۆنی ئێران و دەنگ و فەنگی دونیای مۆدێرێزم و هەواو

هەناســەی ڕۆژئاوایی و ئـەوی لە ڕۆژئاواوە ســەری هـەڵ ئەدا بەتـوند و تیـژی دەگـەیشــتـە دەربار و کـۆمـەڵگای خـۆشگـوزەرانانی شـاری تاران بەتایبـەت دەست و پێـوەندی دەربار و هـەزار خێزان. فـەرەح کراسێکی ئاوریشـمی قـەسـیلی دەڵپ و پان و پۆڕی لەبەر کـردبوو، چـەتفـەیەکی بەسـەرەوە بەسـتبـوو. بەبالای بەرزییـەوە لە پەرچەمی سـەر مـەزارەکـان دەچوو. چەند ژن و پیـاوێکی دی ئازادانە پێدەکـەنین، دوور لە ئەتکێتی دەرباری دەجووڵانەوە.

فەلامەرز ژندییە لیلی وە:

– دەزانـی ترس و هـەراسم لێ نیشتووە؟

– گوێی مەدەرێ. هـەمـوو شتێکی یەکەم جار بۆ خۆی سـرنج ڕاکێشە و برێکیـشیـان سـەرسـووڕێنەرن. بۆ ترسـاوی ؟ دڵنیـا بە دانیـشـتنەکە دوورە لە یـەک و دووە. ئازادی خــۆت وەرگـــرە. ئەوانەی لـەیران ڕەنگە جگە لە شـابانو کـەسـیـان نەناسیت بەلام هـەر هـەموویان تۆ دەناسن و ئاگـاداری پێـوەندی نێـوانمـانن. جگە لە خـودی شــابانـو با هـەمـوویان شـەق بەرن... من بەقەرانێک نایانکرم.

شـابـانو لە پێش کۆڕەکـەدا بەسـەر دۆشـەکێکی ڕەنگاوڕەنگەوە شـانی دادابوو. هـۆڵەکــە دەنگێکی نەرمـی تار تیــادا پەنگی خــواردبـوویەوە. سـەرجەم دوانزە کەس دەبوون.

شابانو کە چاوی بەئێمە کەوت بەدەنگە گڕەکەیەوە وتی:

– وەرنـە پێشـەوە، ڕۆمیۆ و جولێت.

لیلی لەژێر لێوەوە وتی:

– دەستی ماچ کە. کە گەیشتینە نزیکی هـەروا نیوە ڕاکشان دەستی بەرزکردەوە بۆ تەوقە. منیش کۆم بوومەوە دەستیم ماچ کرد، وتی:

– ها ئاغای کوردە خۆشت لێ دەگوزەرێت؟

– لە نزیکی شابانودا هەیە نابەختەوەر بێت؟

– دانیشە کوردە، دانیشە. ئاگات لە لی لی بێت لی لی خۆشەویستی ئێمەیە. خۆ ئاگات لێیەتی وا نا؟

لیلی وەڵامی دایەوە:

– قوربان! ئەگەر لەمە زیاتر ئاگای لێم بێت دەبمە منداڵێکی نازدار و گرینۆک.

یەکێک لە دانیشتوان پێکێکی بەدەستەوە بوو وتی:

– داوای لێبووردن لە حزووری شابانودا دەکەم. ئێمەی ئێرانی هەمیشە وتوومانە ژنێکیان وتووە و پیاوێکیان وتووە؛ یانی دەمەوێ بڵێم ژن پیاوی دەوێ، پیاو. گەنجێکی ژنانی لەلای قسەکەرەکەدا دانیشتبوو، دووسێ ملوانکەی بەسەر بلووزەکەیدا شۆڕکردبوویەوە دەست و بازووی پڕ لە خرخاڵ، برۆ هەڵگیراو. کابرا گوپ و ڕوومەتی گەنجە ژنانییەکەی گرت و وتی:

– ئەمەش پیاوە؟

کوڕە لووسەکە دەست و پەنجەی نازدارانە ڕاوەشاند و هێمن خستییە سەر سنگی کابرا و بەعیشوەوە وتی:

– دە لابە بێفەڕ! تۆیش پیاو بایەی لەگەڵ مندا دەخەوتی. هەر بەقسە پیاوی. بڕۆ بەولاوە زل زەلامی لەندەهوڕی پڕوپووچ.

فەرەح تا ئەو دەمە شانی دادابوو، خیل بردیەوە و لەسەر پشت درێژی کێشا قاقا پێکەنی.

منیش وەک ئەوان پێ دەکەنیم، بەڵام سەرسام و واق وڕماو لە دڵا وتم: چەندی بەچەندە... ئەمانەن دۆست و یاوەرانی شابانوی ئێران؟

من و «لی لی»یش لە گۆشەیەکەوە لەنگەرمان خست.

«سەتتار»ی گۆرانیبێژیش لە لایەکەوە دانیشتبوو. یەشتا مۆسیقاژەنەکان نەهاتبوون. یەکێک لە پیاوەکان بەدەوری «فەرەح»دا زۆرتر مۆزەمۆزی بوو، ئەوەندە پابەندی ئەتێکت و پروتۆکۆڵ و شابانو و ڕەعیەتی نەدەکرد؛ ڕووهەڵماڵیاوانە و بێ دەربەستانە دەدوا و دەجووڵایەوە و لە دامێنی دۆشەکەکەی فەرەحەوە نیوە پاڵدانەوەیەکی دابوویەوە و پێکێکی وێسکی پڕ لە سەهۆڵی بەدەستەوە بوو. جار جار لای بەلای گەنجە لووسە ژنانییەکەوە دەکرد و پەنجەی دۆشاو مژەی بۆ ئاماژە دەکرد و سەهۆڵی نێو لێوانەکەی ڕادەدا و گەنجە لووسەکە ژنانە سەیری دەکرد و لە سەر خۆ دەیوت:

– ئەیڤا! بێ تەربیەت.

فەرەح دووبارە پێدەکەنی.

ئارام ژەندمە (لیلی)وە:

– ئەوە کێیە...؟

– ئەوە... دەنکە، دەنکێکی بێ حەیا و دەم پیس و شەڕانیشە. دوایی دەیناسیت.

سەتتار گۆرانی بەئاهەنگی «شازادە خانم» دەست پێکرد. بەزم گەرم بووبوو. ژووری یاری شا لە باشووری کۆشکەکەدا ڕوو بەشاری تاران دەنگی هەراو هوریاری فەرەح و بەزمەکەی پێگەیشت.

لیلی دەیوت: شا ئەوەندە حەزو تەوحی بەلای شەونشینی و شەوبێدارییەوە نییە. زۆربەی شەوان لە یانزەی شەودا دەنوێ. لەپڕ تاپوی ڕوخساری یاسەمینم وەبەرچاو هات. خورپەیەک کەوتە دڵمەوە. خەریک بووم پڕ بەدەم بقیڕێنم: ئەوە کچێ بۆ وات کرد...؟ هەی بۆ وات

کرد؟ لە سێهەمین جاردا وەڵامی لیلیم دایەوە.

– کوڕە ئەوە لە کوێی؟

– لەیرام و لە خزمەتی شابانوی ئێران و شا عشقی خۆمدام.

لیلی پشیلە ئاسا شانی تێهەسویم، پێوەندی من و لیلی گەیشتبووە قۆناغێکی سەیر و بۆنی عشقێکی گەورەی دەدا. کەم و زۆر ئەو بۆنە گەیشتبووە کەپووی منیش، لیلی وای لێ هاتبوو بێ من ئەوزەلی دەبڕا. ئەگەر ڕۆژێک لێی دوورکەوتبما وەک باڵندەیەکی نێو قەفەس ئاشوفتە و ژلێژراو هیچی پێ نەدەکرا. شەوێک ئافرەتێکی هاوڕێی ڕازداری لیلیمان دی، دای بەسەر سنگی لیلیدا و وتی:

– بخۆ لەبەری تا بزانیت دەرد و ناڵە و نزای عشق چییە. کەم گاڵتە و جەفەنگت بەخەڵکی نەکردووە. بپلکێرەوە لەگەڵ ژانی عشق و سووتانی عشقدا. ئینجا پەنجەی دوشاومژەی خستە سەرنگی من وتی:

– نەکا نامەردی لەگەلا بکەی. تۆ تۆڵەیەکی ئاسمانیت و پەروەردگار هەواڵەی لیلیتی کردووە. دوایی ئاهو ناڵەی دامینگیرت دەبێ ها.

فەرەح چەتفەکەی کەوتبووە سەر دۆشەکەکە. دەنگی سەتار و مۆسیقا هوڵەکەی پڕ کردبوو. کوڕە لووسکە ژنانییەکە کەوتبووە سەمای با با کەرەمێکی پڕ لە ناز و ئەدا هەتاوەکو دەم و لێویشی دەڕەقساند.

## ٧٥

بۆ دوورم لێ دەگری...؟ باوەڕ بکە کاتێک تارمایی شێوەت دێتە بەرچاوم تاڵ تاڵی دەمارە موم دێنە سەمایەکی شێتانەو خۆمم پێ ڕاناگیرێت و دەست بەئەژنۆ، گۆشەگیر، بێ تەگبیر، بێ وادە دەچمە سەر ژوانی غەم و غەمزەدەکان تا بەیان لە ئاسمانی بێ بن و بێخا چاوە چاومە. بەدەم ژانەوە گلاراومە. من نازانم بۆ وا دەستە پاچە و ژڵێژاوم، تۆ بڵێی دوچار و گرفتار و دەستەمۆی عشق بووبم؟

سەرەتا هەر بەسەودام دەزانی، مەودام دەخستە نێوان دڵ و عەقڵەوە. ململانم کردبووە پیشە و نەدەچوومە ژێر و دەموت ناکرێت بەو شێوە بێت و منێکی تازە پێگەیشتوو بەگوێرەی عشقێکی وا گەورە سەرە نیم. ئەمەی منی پێوە پلکاوم تەنها لەناو داستان و کتاوە عشقییەکاندا خوێندراونەتەوە. کتاوخانە بچکۆلانەکەم یەک دووکتاوی لەو چەشنەی تیا دایە هەر لە دوورەوە بۆنی سووتانیان لێ دێت. دیارە ئەو چەشنە کتاوانە واگیرن، بۆیە منیان دووچاری ئاوا عشقێکی سۆزدار کردووە.

من دەزانم دەبێت خاوەی ناوباوی باوکم بدەم و لەگەڵ ئەو ناوباوەدا بسوتێم و بسازیەمیش. بۆچی لات وایە شانازی بەو ناوباو و دارایی باوکمەوە دەکەم؟ نەبیلا... بەڵام چی بکەم؟ لە پشتی ئاوا باوکێکەوە هاتوومەتە دونیاوە. ڕەنگە لاتیش سەیر بێت ئاوا ڕاستەوخۆ باسی دڵ و دەروون و کەسوکارم دەکەم؛ ئەگەر بەوردی بیری لێکەیتەوە دەنواڕی

ئەوەی نووسیومە هەڵە و درۆی تیا وەدی ناکرێت. بابم ساواکییە، ئا ساواکییە. یەکێکە لە ملهوڕەکانی نێو شاری کرماشان، بەڵێ وایە. ڕەنگە بەعەرەقی ناوچاوان پوول و پارەی بەدەست نەهێنابێت، ئەویش تا ڕادەیەک وایە و ئەمانەن لا ڕەشەکەی ژیانی من. بەڵام خۆت بدوێنە و بزانە لەم مامەڵەدا چ تاوانێکم هەیە؟ من دەزانم تۆ بەهەتیوی و هەژاری و نەداری گەورە کراوی. سەد خۆزگەم پێت؛ هەژاری عیبادەتە، ستایشە. ئێمەش تا دوێنێ لادێییەکی هەژار و دەربەدەر و بێ پشت و پەنا بووین دەمەوێ ئەوەش بزانیت باوکم بەوەیشەوە کە ساواکی و یەکێکە لە درِ و ملهوڕەکانی نێو شار و دەوروبەریشە، یەکێکە لە قوربانییانی دام و دەستگای دەوڵەت. بێ تاوان باب و باپیرمیان گرت و باپیرم لە بەندیخانەدا مرد و باوکیشم دوای چەند ساڵێک بەندیخانە لە زیندان ڕایکرد و سەرئەنجام کەوتە بەر بەخشینی شا، چۆن؟ نازانم هەرچۆنێک بووە تاوانی منی تیا نییە. بۆ ئاگاداریت دایکم پەپوولەیەکی گەورەیە. گەرچی نەخوێندەوارە ئەوەندە کراسی مەینەتی دڕیوە لە تاو و توێی زیندەگیدا هوشیارە، ئاگادارە.

هومایۆن گیان!

عشقی تۆ فێری زۆر شتی کردم؛ نەمدەزانی شەو و ڕۆژ سەرم بەسەر کتاوەیە تا دڵنیابم شایستەی ئاوا عشقێکی گەورە و سەرەم. ئەگەر بەچاکی دەزانی با وەک ئەو جارە لە ماڵی مەنیژەدا یەکدی ببینین. بەهۆی خزم و خۆیشییەوە بۆ تۆ ئاسانە، ئەوە منم لە پێناوی عشقی تۆدا سەرم پێوە نییە، دڵ و دەروونم ئاگرە. ئەوەش دەزانم ئاگر پەرست بەئاسانی ئاگر دەیسووتێنێت. ئەوەسا عشق خەریکە دەمکاتە شاعر. بەئومێدی دیدار!

شیرین هەناسەیەکی هەڵکێشا و کەوتە شیرین بیرەوە. حەقیەتی، منیش بم کەنار دەگرم. باوکی ئەو ساواک گرتی و دەوڵەت لە داری دا باوکی منیش سەرەڕای ئەوەی چاوساقی ساواکە و بەساواک دەنازێت لات و چەقۆکێش سفەتیشە. خەڵکی لاتەرازکەی لێ دەبەستێ و چاوی دیتنیان نییە و بەئاشکەرا دەی بێزیەنن.

دایکی شریتی خەیاڵی پچڕاند و لە سەرخۆ وتی:

– چییە ڕۆڵە وا ماتەم زەدە و دەست بەئەژنۆیت.

مەگەر شتێک قەوماوە؟ خۆ نەقەوماوە.

شیرین گەلێک بەهۆی دایکییەوە دەکۆشا باری گرانی ئاسان کا و دەردە سەرەکانی بۆ ئەهوەن کاتەوە. ڕەفتاری ناپەسەند و هەوەس ئەنگێزانەی باوکی، دایکی هاویشتبووە دۆزەخەوە. شەهبازیش گەورە بووبوو، بەو ئەندازەشە ژانی دەکردە دڵ و دەروونی دایکییەوە. فەرهادیش بەدوو ساڵ کلاسێکی دەبڕی، قوتابخانەی کردبووە ئێواران و بەجیرە جیرِ هەفتەی دوو ڕۆژ دەچووە سەر کلاس و پەیوەستە هاودەم و هاوڕێی لە خۆی گەورەتری دەکرد و بەدزیشەوە دەیخواردەوە. دایکی و شیرین هەرچی تەمێیان دەکرد بێ سوود بوو لە ترسی دەست وەشاندنی باوکیدا بۆیان دەشاردەوە.

شەهباز لە پشتەوە خۆی دەهەسۆیە دایکی و گڵمە گڵم شتێکی دەوت. دایکی دەیزانی دەڵێت:

ئەخۆم، ئەخۆم.

بە تووڕەبوونەوە خۆی ڕاوەشاند:

– لێم گەڕێ، تاوێک لەمەوبەر نانم پێ دای. خۆمە تێر خواردنت بۆ نییە. شیرین لەسەر خۆی ڕوو بەدایکی: بەگوێی مەکە، ئەوەندەی

مەدەرێ بیخوا. بەسەزمانە هۆش و عەقڵی پێوە نییە چاوت لێیە ئەوندە قەڵەو بووە دڕاوە.

شەهباز چاوە نەرمە بادەمییەکانی ئارام ئارام بڕیبووە دایکی و خۆی چەسپاندبووە پشتی دایکییەوە.

کارگاکەی ڕەحمان ملکی ناوباوی کار و تەمیزی و خاوێنی بڵاوبووبوویەوە... هەتاوەکو لە تارانیشەوە سفارشی کێلە بەردی پێ دەگەیشت. لەم دوادواییەدا قاپ و قەچاخ و دەوری و دەفریشی دەسازاند. فەرهاد خوو و خولیای دابووە جانەوەر تاشین. پەیوەستە دەست و پەنجەی یەک دوو برینی پێوە بوو، لێیان بپرسایە دەست و پلت بۆ بریندارە؟ دەیگوت قوتابی پەیمانگای هونەرە جوانەکانم بەشی پەیکەرسازی ، لەویش ڕا تەنها بەچەکوش و بزمیر کاردەکرێت و کۆسرە و درێل و چوزانم ئەسباب و ئالاتی کارەبایی قەدەغەیە. ئیتر کارە و دەستە، چەکۆشی هەر بەر دەکەوێت.

مستەفاش بەلای ڕەحمانەوە نەمابوو. هەرچەند باوکی بەنەمانەکەی ڕازی نەبوو، دەیوت باوە، تاران دەریایەکە بۆ خۆی. دەڕۆم بەختی خۆمی تیا تاقی دەکەمەوە. دەنگم خۆشە و تاریش فێر بوومە، لەو لالەزارە لە گۆشەیەکیدا هەر دەگیرسێمەوە؛ خەڵکی دیکەیش هەر وای کردووە و بووە بەخاوەن شۆرەت.

ڕەحمان لە هەفتەیەکدا دووسێ شەو نەدەگەڕایەوەماڵەوە؛ دەیوت بەدوای کاروباردام. بەڵام درۆی دەکرد خانوویەکی بەکرێ بۆ ئافرەتێکی تازە جندەی جوانکیلە گرتبوو بەناوی شەهین، بردبووی بۆ مەشهەد و لە ئیمام ڕەزادا تۆبەی دادابوو. لە هەفتەیەکدا دووسێ شەو بەلایەوە دەمایەوە... کە تووڕە دەبوو دەینەڕاند؛ ژن و منداڵ چی دەوێ؟ ماڵە هەتانە. حاڵە هەتانە، ناشوکرییە فزەیان لە دەم وەدەر بێت.

خەڵکی منەی نان دەکا خەربزەی ئاوە. بەوەڵڵاهی جووکەتان لە دەم وەدەربێت، جووکەتان دەبڕم. سەیر سەیر چۆن لەخۆ گۆڕاون. ئێمە نان نەبوو بیخۆین. تەنها شیرین جارەوبار لێی دەهاتە جواو: باوە ئەیرا نە داڵەهویە و نە کێلەبەرزە و نە مەزارەکەی باوەیادگاریشە. دونیا گۆڕاوە ڕۆژگار مەرجی دی بۆ زیندەگی داناوە، ژیان و زیندەگیش تەنها پارەی خەرجی ڕۆژانەی ماڵ و ئەحواڵ نییە. خەڵکی تانەمان لێ دەدەن، کەنارمان لێ دەگرن. ڕەحمان سەری دەهاتەوە لەرزین و شارەگی لاملی هەڵدەئاوسا و بەئاڵۆزییەوە دەیوت: تانەی چیم لێ دەدەن؟ سەروکارم لەگەڵ ساواک دایە، ها؟ من بەئاشکرا حەی عەلاسەلات، هاوکاریانم. زۆربەی زۆری خەڵکی بێ جیرە و مەواجیب لەگەڵ ساواکدا مێرووڵە ئاسا خەریکن بەحەق و ناحەق گوزارشاتیان بۆ دەنووسن؛ ئەگەر ناتۆر نەوچەو پیاوەکانی دەوروبەرم لێ دەدەن، ناچارم ناچار. من دوژمندارم دەبێ خۆم و ماڵ و منداڵ و زیندەگیم بپارێزم، ئەگینا بەئێوارەوە کڵاوم با بردوویەتی. ئێوە منداڵن یەشتا بەوردی ناتوانن دەوروبەرتان هەڵسەنگێنن. چە بکەم جۆری کاروباریشم وایە ناکرێت لە هەفتەیەکدا لەگەڵ دەست و پاکانما شەو بیداریان لەگەڵا نەکەم. سەبری قسەی پێ دەبڕێ و دەیوت:

– ئەی شەهین خانم چی؟ ئەویش بەشێکە لە بەرنامەی خۆ پاراستن و یەکێکە لە نەوچەکانت وا نا؟

بەتووڕەبوونەوە وەڵامی دەدایەوە:

– ئۆهۆ هەم بەزمەکەی بلەیە. بۆ نایبڕیتەوە؟ زۆرم لەسەر بیەیت لە جوێی ژنێک دوانی دی دەخوازم.

– خوای دەکرد دەتکردە چوار و ئەولاتریش. من ئاردم بێژاوە و

سوسم ڕێژاوە. لەوە نامەردتریشی هەموو کارێکت لێدەوەشێتەوە. دوچاری هەوەسی هەوەس. بیری هەرزەگییە و بێ بابییە سەرئەنجامی ڕسواییە.

– دوایی دەتکوتم ها؟

– جا بۆ ڕاوەستاوی وەرە دەست و بازوو و پیاوەتیت تاقی کەرەوە. ناوی خۆتت بیستوەتەوە چەندە کەڵەمێردی. شیرین دەکەوتە نێوانەوە: دایە لێگەڕێ. ئەم قەوانە هەزار بارەیە و ئاسنی سارد کوتانە.

– سەبە گوان شۆڕ! گاڵتەم پێدەکەی؟ بەخوا جوانە، مەگەر نامناسیت؟

– با، کەس نییە بەئەندازەی من تۆی نە ناسیبێت. شەرمی منداڵەکانم دەمگرێت ئەگینا سفرەی نامەردییەکانت ڕادەخەم.

– دەی بیانژمێرە.

شەهباز لە پشتی دایکییەوە. دەگریا. شیرین هەر بەدایکی دەوت بێدەنگ بێت.

ڕەحمان چاکەتەکەی دا بەسەر شانیدا و کەوشە چەکەکانی کردە دەم پایەوە و لە ماڵ وەدەرچوو.

بە قەسدی بەدوای دەخەی، دوو مانگە لە خۆتی دەنەی تێرت نەخوارد؟

– وا تێ مەفکرێ، ڕام هێناوە. دوێنێ لەبیرم نەبوو پەنجەی بۆ تێخەم... ڕاوەستاو وتی:

– ئەی پەنجەت کوا؟ دەزانی ئەویشە خۆشە ؟

– ئەمانە هەمووی قسەی قۆڕە و دەتەوێ درێژەی پێ بدەی. قەحپە و شەرەف؟

– دروستە من قەحپەم؛ بەڵام تۆ لە قەحپە قەحپەتری و تازە شتێکت لەمن زیاترە... من بۆنەهات و ڕۆژگار وای بەسەر هێناوم تا وا بم. دایکم خانمێک بوو بۆ بۆ خۆی. تۆ لە قەحپە کەوتوویتەتەوەو قەحپە سفەت و گەوادیشی.

عەباس چەقۆ زامنەدارەکەی دەرهێنا و نایە لا گەردنی سوودابە و لە کاتێکدا دانەکانی بەسەر یەکدا دەوشارد بەتووڕەبوونەوە نەڕاندی:

– شارەگت ببڕم؟

سوودابە ئارام و خوێن ساردانە لەژێر لێوەوە وتی:

– لەوە نامەرد تری. ئەگەر مەردی و پیاوی دەیبڕی، بەڵام حەیف!

– عەباس سەرو زڵفی بەردا و چەقۆکەشی داخست و لەژێر لێو بۆڵاندی: لا ئیلاهە ئیلاڵڵا! دیارە ئەو هەتیوەت چووەتە دڵەوە، چووە؟

سودابە دەستی بۆ ناوگەڵی برد و دووسێ جار دای بەناو گەڵیدا و وتی:

– نا چووەتە ئەیراوە، ئەیرا. ئاخر هەی گوێرەکە باوک من و دڵ؟ ئەو

دەمـــەی بوومـــە هـاولف و هـاولـینـگـی جـــانـەوەرێکی وەک تـۆ دڵـم بـۆ دەمێنێتەوە؟

– باشـە چووەتە ئەوێوە چووە، ئاخری چی؟ نابێت وەدەر بێت؟

– ئاخری ژەهری مـار و هـەڵاوردە. چەند جارم پێ وتی ئارام لەگەڵما بدوە، بەچەقۆ دەمترسێنیت؟ من ئاردم بێژاوە و سوسم ڕێژاوە.

– کەرە گاڵتەم کرد، گاڵتە.

– گـاڵتــەی تـۆ هـەر دەبێ وا بێـت، قـەحـپـەشـیـر هـەر ئەوەنـدی لێ دەزانیت.

– دە لابە بزانم گەیاندووتەتە کوێ...؟

– ئامادە بـووە، مەمەدیم یەک دووجـار بـۆ هێناوە، بەیەکەوە ئوختـیان کردووە.

– ئایای وەڵڵا خۆ مەمەدی دەروێشیش دێنێتە فاڵ.

– هیچیان کرد؟

– بەبەرچاومەوە تێهەڵچوون. مەمەدی لەمن خیزترە.

– مەمەدی بەڵایە بەڵا. ئەی من چی؟

– سـەورکە نۆرەت هـاتووەتە بەرەوە؛ بەڵام خـۆمـانـین حەرامزادە دەڵێی نوقڵە. مەمەدی وەلهانی بووە.

– ناڵێم تەوحتی جوڵاندووە. ئەوسا شاکامی پێ دەبەم.

– تەوح، ئا. دڵ و شـاکامی، خـەیر. هـەفتـەی داهـاتوو بەرنامەکەت بۆ ئەنجام دەدەم، دەەتوانی سواری بیت. ڕاهاتووە.

– بەڵێن؟ جا دەیدەی؟

– ئاخـر هـەی لە جندە بوو هـەرگـیـز درۆت لەمن بـیسـتـوو؟ من فێـرە... دانم دان.

– دان، ئا. بەڵام، ئەشهەدو خاوەنی بەڵێنی خۆتی.

– دە بڕۆ ملت بشکێنە، دوورکەوە. هاکا مەمەدی و فەرهاد هاتن.

– با نەڕۆم و منیش سەیرکەم؟

– دەتەوێ بەکەربازاڕیت ئەوی ڕیساومە شی کەیتەوە؟ تامۆڵ کە تا هەفتەی داهاتوو.

سودابە هەڵساو وردە پاڵی نا بەعەباسی تیغییەوە بەرەو دەرکی حەوشی دووتایی بەڕێ کەوتن. کاتێک لە دەرگای حەوشی دەرچوو بەو دیوا سودابە کلکەیەکی پێوە کرد و وتی: بڕۆ کۆنە حیز!

لای کردەوە لەسەرخۆ وتی:

– جندەی هین خۆر!

سودابە لووتی تەڕبووبوو دەم و لووتی دەسڕی، مشەی دەهات.

هەر کە عەباسی لە دەرگا ڕۆیشتە دەرەوە خۆی گەیاندە ژووری خەوەکەی و لە نێو کیسەیەکی نایلۆنی بچووکدا تۆزێک پۆدرەی سپی دەرهێنا و خستیە نێو کونە لووتی و هەڵیمژی و بەسەر سیستمەکەوە ڕاکشا و چاوانی کەوتنە پرتە پرت و برژانگەکانی دەلەرزینەوە. زۆری نەکێشاو بەسەر کەمەی سیستمەکەوە پای شۆڕکردەوە سەر زەوی و سەریشی بەسەر سنگیدا شۆڕبوویەوە. لەژێر لێوەوە بۆڵاندی:

– سەرئەنجام هیرۆئین دەمکوژێت. جا چی لە دەست دەدەم؟

سودابە لە ڕەگەزدا خەڵکی ئازربایجانی ئێران بوو. دایکی لەبەر خواردنەوەی هەمیشەگی باوکی لێی جوێ بووبویەوە. سەرئەنجام لە شاری کرماشاندا گیرسابوونەوە و بەکاری گرتنەوەی قاوە و فاڵگیری و دەست خوێندنەوە خۆی دەژیاند. جارەوبار سودابەی تازە پێگەیشتووی تەڕتوڵی لەگەڵ خۆدا بەماڵاندا دەبرد لە ڕووی گەنجایەتی

و هەوەسەوە پێوەندی لەگەڵ کوڕی گەورە ماڵێکدا پەیدا کرد و لە نێوانیاندا قەوما و سودابە و دایکی هەرچی کۆشان دەنگیان نەگەیشتە حەق و لە بەدناوی و ڕسوایی زیاتر هیچیان وەچنگ نەکەوت. دایکی پیشبینی و فاڵگرتنەوەشی نەگەیشتە فریایدا لەپڕ بەلادا هات و مرد و هەواڵ بڵاوبویەوە کە کوژراوە؛ بەڵام لە ڕاستیدا تووشی خوێن ڕێژی مێشک هات و سودابەشی تاک و تەنها ناوباوی ڕسوایی و دامێن پێسیشی لەگەڵا هاوهەنگاو بوو. ئیتر بێ کەسی و بێ پشت و پەنایی و نەداری و جوانکیلەییش هەموویان دەستیان تێکەڵ کرد و خستیانە بەر دەستی هەوەسبازان و لەم دەست بۆ ئەو دەست، دەست بەدەست کراو تا لە ماڵەچەیەکدا گیرسایەوە و سەرئەنجام بەناچار بوو بە دنکی عەباسی تیغی.

سودابە تا لێی نەقەومابوو هەوەسێکی زۆری لە خوێندن و خوێندنەوەی شیعر و ئەدەبیاتی فارسیدا نیشان دەدا. زۆربەی شیعرەکانی فرووغی فەروخزاد و ئەخوان سالس و لەم دوا دواییەشدا برێک لە چوارینەکانی خەیامیشی لەبەر کردبوو. مامۆستاکانی مژدەی دوا ڕۆژێکی ڕۆشن و سەرکەوتوویان پێ دەدا. کە دەکەوتە بیری ئەو ڕۆژانەوە دەبووە یەک پارچە کینەو ڕق و بێزیان. ئەوی جوانی با ، بەدوژمنی باوە کوشتەی خۆی دەزانی بیتوانیبا دەیهاڕاندە سەریەکدا ، کوێری دەکردەوە ، ڕیشووی هەڵدەکەند ، تا ئەو دەمە چەند کەسێکی دوچاری هیرۆئین کێشان کردبوو. فەرهادیش جگە لە حیزکردن، هوکارەی کێشانی هیرۆئین کردبوو. ئیتر بووبوو بەئالەتێکی بێزنان و لە ناوبردنی ڕەوشتی جوان و کار و کردەوەی پەسەند و ئەوی پەسەند بایە بەگوێرەی توانای لەناوی دەبرد.

درا لە دەرگا. سودابە ماندووانە هەستایە سەر پا و بەرەو

دەرگاکردنەوە وەڕێ کەوت. مەمەدی و فەرهاد هاتنە مالا مەمەدی ئاوات و ئارەزووی ئەوە بوو ژن بایە تەواوی ڕەفتار و کردار و جوولانەوەی ژنانە دەنوا. سەد ئەوەندەی هەر ئافرەتێک نازو ئەداو ئەتواری ژنانەی وەدەر دەخست لە نێو جندەکانی شاری کرماشاندا بەخوشکە مەمەدی ناو دەبرا. لەم دوا دوایەدا خووی دابووە فەرهاد. بەلای سودابەوە درکاندبووی کە وا ناتوانێت لێی دووربکەوێتەوە، ئەوەندەی خۆش دەوێ. مەمەدی دوولا ڕومەتی سودابەی ماچ کرد، بەلەنجە کەوتە پێشەوە و ئازا گەڕایەوە و دەستی فەرهادی گرت و شان بەشان کەوتنە پێشی سودابەوە. لای کردە لای سودابەوە وتی:

– دنکی خۆمە و بەس هی خۆمە و نایدەمە کەس.

– ئی فەرهاد خان!چۆنی؟ خۆشت پێ دەگوزەرێت؟

مەمەدی وەلامی دایەوە:

– دە لاچۆ بەولاوە بێ مەعریفەت. مەگەر دەکرێت لەگەڵ مەمەدی گیانیدا بێ و خۆشی پێ نەگوزەرێت؟ مەحاڵە. ها.

سودابە لە دلا وتی:

– خوا کەری کەس نەکوژێت.

– وتت چی؟

مەگەر هیچم وتووە؟

ڕاستەوخۆ بمانگرتبا نەدەگەیشتینە ئەم ئاکامانە.

– بێگومـان بەشی گەورەی سـەرکـەوتنەکەمـان قـەرزاری ئەوین، ئەو نەبوایە ئەم تۆڕەمـان بۆ ڕوو نەدەکرا. نافیع بـەڕاستی نافیـعە؛ ئەگینا بۆ چەندین ساڵی دی فریشتەمان نەدەدۆزییەوە، دەماندۆزییەوە؟

– دۆزینەوەی چی؟ ئێمـە ئەوی بەلایدا نەدەچووین ئەبو عیرفـان کورد بێت.

– تا ئێستا ناوی کەسی وتووە؟

– هەڵیان دەدا و دێتە بولبولزمانی. کێ توانا و تامـوڵی ئەشکەنجە و ئازاری لای خۆمانی بەلاوەیە.

بەردیش بێت دێتە زمان. ئەمڕۆ نا سبەی.

– تا زووتر بێت باشـترە. گرتنی ئەبو عیـرفان درێژە بکێشـێت بۆمـان ناشارێتەوە، بۆنی دەڕواتە دەرەوە.

لەوانەش گوزەشـتە، گەورەی گشت بـەئەندازەیەک ئاکامی ئەم تۆڕەی لا گرنگە باسـەکەی گەیاندووەتە یاریدەری سـەرۆک کۆمـار. تـەلیـفـۆنە سوورەکەی بندەستی زرنگایەوە، ئازا هەڵی گرت و وتی:

بەڵێ قوربان و تۆزێک ڕاوەستاو ئینجا وتی:

– قـوربان! ئەوە بۆ چوار شـەو و چوار ڕۆژە نـەمـان هێـڵاوە بـنوێت، ئارامـمان لێ بڕیوە. سـەرەتای هەرووژانی پێوە دیارە. دووبارە ڕاوەستا

و لەسەر یەک دووجار وتی بەڵێ قوربان! تەلیفۆنێ داخست و ئاوڕێکی بێ دەنگی لە بەرانبەرەکەی دایەوە و وتی:

– دەزانی ئەگەر ئەبو عیرفان نەیەتە قسە کارمان زارە و دەروازەی دۆزەخمان لێ دەکرێتەوە؟

– بۆچی گەورەی گشت چی وت؟

– چی وت؟ وتی ئەگەر تا بیست و چوار سەعاتی دی ئەبو عیرفان نەهێننە قسە دەتاننێرمە جێگەی ئەو.

– باشە قسوورمان کردووە؟ تازە بۆ وا سفت و سەختی لێ گرتووە؟

– دیارە ئەویش لەژێر تەوژمدایە، هەڵیان پێچاوە. بۆیە هەڕەشەی وامان لێ دەکا. وتی یاریدەری سەرکۆمار تەلیفۆنی بۆ کردووە و هەواڵی ئەنجامی پرس و جۆکەی پرسیوە و چاوەڕوانە.

– ئێمە هەر ئەوەندەمان لە دەست دێت. مامەڵەی لەمە توندوتیژتری لەگەڵا بکەین بەرگە ناگرێت و دەمرێت. بەڕای من ئەبو عیرفان بۆیە سەرسەختی وا نیشان دەدا تا ئەوانەی هاوکاری بوون فریای خۆیان بکەون و بۆی دەرچن.

– منیش ئەو ترسەم لێ نیشتووە.

– ئەو دانی بەوەدا ناوە هاوکاری یاخییەکانی کردووە و ناوی چەند کەسێکی هێناوە، بەڵام چ سوود. ئەوی ناویانی هێناوە هیچیان لێرە نین و هەموویان لەسەرەوەن.

– باشە خۆ بەباڵی مەلا هەواڵی بۆ نەناردوون... دەبێ پێوەندی لەگەڵ کەسانێکدا هەبێت، وانا؟

– دڵنیام ئەمشەو یا سبەی دەکەوێتە قسە. کابرا لێزانە و لە

دایەرەدا پرس و جۆکەر بووە، ئاگاداری چۆنیەتی کارە.

درا لە دەرگاو یەکێک هاتە ژوورەوەو پای بەزەویدا کوتاو سەلاوی کرد.

لێپرسراوی پشت مێزەکە وتی: ها سەروان سفیان چیت دەوێ؟

قوربان ئەبو عیرفان هاتووەتە قسە. ئەوی وتوویەتی تۆمارمان کردووە، ویستمان ئاگادار بی. لێپرسراو لە پشتی مێز هاتە دەرەوە و کابرای لە خۆی پاین تریشی کەوتە تەک و سێ کەسی بەرەو سارداوی زیندان وەڕێ کەوتن.

پایز گەیشتبووە بەرەوە... برێک لە دارخورماکان خورمایان پێوە مابوو زۆریش کەوتبووە سەر ڕێوە و بەسەر قیرتاوەکەوە پانەوە بووبوون... دارتووەکان مێرووله تێی دابوون پەلەپەل دەهاتن و دەچوون؛ ترسی زستانیان لێ نیشتبوو ئاشوفتە زەخیرە و ئازووقەیان بەرەو شارەکانیان دەبرد. دارتووەکان کەوتبوونە گەلاڕێزان. چەند کەسێکی چاو بەسراوی لە پشتەوە دەست پێوەندکراویان لەدوای پیکابێکی دوا بەئاسن داخراوە دەهێنایە خوارەوە. یەکێکیان پای هەڵکەوت و کەوت کابرای یاساوڵ بەپا لەقە ڕۆیشتە سەر پشتی و بەجنێودان دەیوت: سەگبابینە! کوڕەکانتان لەو سەرەوە دەمانکوژن و دەتانەوێ دەست بەردارتان بین؟ خەیاڵە کردووتانە. ڕێچەڵەکتان وەدەر دێنین.

ئەبو عیرفان هەردوو دەستی لە پشتەوە بەقولابی بنمیچەکەوە هەڵواسرابوو. بەحاڵ چاوی بۆ هەڵدەهێنرا. لێپرسراوەکە ڕۆیشتە ژێر دەمیەوە، هەردوو پای مۆلەقی ئەبو عیرفان گەیشتبووە پشتوێنەی لێپرسراو.

– ئێ ئەبو عیرفانی گوڵ و بولبول و لێزان! ئەشهەدو دان

بەکارامەیی و لێزانیتا دەنەم. ئەم هەموو ساڵە لە دەزگای ئەمنی گشتیدا بیت و کەس پێت نەزانێت کوردی ؟

ئەمە ستایشی دەوێ ستایش. نابینی چۆن ستایش و ڕێزت لێ دەگرین.

ئەبو عیرفان بەحاڵ نووزەی وەدەر دەهات، ئارام و ژمێراو وتی: مانگا کە کەوتووە، نۆرەی چەقۆی قەساوە. لەوانە گەڕێ.

– دەی ئەوانەی وتووتە دووبارەی کەرەوە. با بیبیسم.

– بڵێ با دامگرن. ئیتر نیاز بەهەڵواسین و گاز و تاوە نییە، بۆ من پایانی هێڵەکەیە.

لێپرسراوەکە ئاماژەی بۆ یاساوڵەکان کرد و ئەبو عیرفانیان بەباوەش خستە سەر کاشی سارداوەکە. سارداوەکە بۆنی خوێنی لێ دەهات. چەندین پەڵەی خوێنی وشکەوە بوو لە ڕووی کاشییە چڵکنەکاندا دەبینرا. دوو زنجیری گەورە لە بنمیچەوە بە بەریەکەوە شۆڕ بووبوویەوە. چەندین تەلی کارەبایی پەیوەست بەگازەوە بەسەر تاتەشۆرێکەوە دانرابوو. دوو گازی ناڵکردن بەدیوارەوە چەسپابوو لەولاترەوە لە سووچێکدا بانوویەک دەبینرا... چەندین بۆنی تێکەڵاو دەهاتە لووت: بۆنی خوێن و گوو و میز و عەرەق و تیزاب.

لێپرسراو پاکەتە جگەرەکەی ڕوو بەئەبو عیرفان درێژکرد و ئەبو عیرفان دەست و پەنجەی دەلەرزین نەیدەتوانی جگەرە لە پاکەتە ڕۆسمەنەکە وەدەربهێنێت. کابرا وتی:

– لێگەڕێ من بۆت دادەگیرسێنم.

مژێکی لە جگەرەکە دا و سووری سەر جگەرەکە لە سێوەر و سارداوی تاریکیدا بینرا. جگەرەی خستە نێو دوولێوی وشک و

هەڵقرچاوی. ئەبو عیرفان مژێکی گیانانەی لێدا و هاتە کۆکە و قفەکردن.

- نیاز بەدووبارە کردنەوەی نییە، قسەکانم تۆمار کراو،

- کراوە ئا کراوە لام خۆشە ڕاستەوخۆ لە دەمتی ببیسم. بۆچی بێگانەی لە شێوەی کارمان؟

- وەک لە مێژدا وتم هەرچی هەواڵ هەبووایە دەمدا بەموهەندیس دڵشاد.

- ماڵ و شوێنی کاری لە کوێنەیە؟

- پەیکەر سازە و لە شارەوانی بەغدایە. موچەخۆری بەشی هونەری ئەو جێگەیە. کابرا لەم دەستگادا ناسراوە.

- وەک ئەفسەرێکی ئاسایش بەڕای تۆ ئێستا بڕۆین بۆ شوێنی کارەکەی لەوێیە؟

- عەقڵ دەڵێت، نا. چونکە من ئەم هەموو ڕۆژانە خۆم ڕاگرت تا دەنگوباسی گرتنی منی پێ بگا و بۆی دەرچێت بێگومان بۆی دەرچووە.

- باشە ئەمە وەزعە بەسەر خۆتا هێناوتە؟ چیت کەم بوو؟

- وژدان.

- چی؟

- وژدان.

- کیلۆی بەچەندە؟

- حەقتە وا بڵێیت. بەلای ئێوەمانانەوە وشە و واژەیەکی نامۆیە و نەناسراوە.

- ئەی بەلای جەنابتەوە؟

– من پێی گەیشتووم و تێی گەیشتووم.

– باشە ئەم چەند ڕۆژی ژیانەت بۆ ماوەتەوە یەكدی لە ئامێزگرن و پێكەوە بن و نەكا یەكدی بەرەڵاكەن؟ خۆ نایكەن؟ پیرۆزت بێت وژدان و بنەماڵەی وژدان.

– تۆ نایبینیت و گلاوی. ئەوسا تێكەڵاوین.

كابرای لێپرسراو بەدوو پەنجەی لووتی ئەبو عیرفانی وشارد و پەنجە خوێناوییەكانی لە كەپۆیەوە نزیك كردەوە و بۆنی كرد و بەزەردەخەنەوە وتی:

– ڕاست دەكەی. ئەوسا بۆنی وژدانی لێدیت. خەفەت مەخۆ تەمەنی مێشێكت ماوە. لێپرسراو وەرچەرخایەوە بڕوا ئەبو عیرفان ژمێرا و وتی: شاعیرێكی كورد دەڵێت...

– كابرای لێپرسراو ڕاوەستاو كەمتەرخەمانە وتی:

چی فەرمووە؟

– فەرموویەتی: بۆ خەڵك خۆڵەمێشن و بۆ ئێمە ئاگر. ئاگر پەرست. ئاگر دەیسووتێنێت.

ئێمە توخمی هەتاوین و ڕۆشنایی مژین، شاخەكانیان لە قەبرغەی زەمانا گیری كردووە. دەزانێت خەڵكی چ تەبارێكین پێتان قووت نادریەین.

– هەر ئەوەندە؟

–ـ هەر ئەوەندە.

– قومارچی نەڵێت بەگونمەوە شەق دەبا. تۆیش دڵی خۆت بەو تورەهاتانەوە خۆش كە. ئاماژەی كرد بۆ یاساوڵەكان و لە كاتێكدا پەنجەی هەڕەشەی ڕادەوەشاند بەنەڕەوە قیڕاندی:

هەڵی واسنەوە تا بزانرێت کێ بەڕێوەبەری دەستگای کوردی کوشتووە؟ دای مەگرن تا دێتە زمان.

بەڕێوەبەر لە پلەی قەتڵگای ساردای ئاسایشی گشتیدا سەرکەوت. هەر بەناو هێنانی دڵشاد، دوو دەستەی ئاسایش بەرەو گرتنی دڵشاد، وەڕێ کەوتبوون. یەکێک بەرەو شارەوانی بەغدا و ئەوی دیکەیش بەرەو ماڵی دڵشاد.

سەرپەرشتی هۆبەی «سێ»ی ئاسایشی گشتی، خۆی بەلایەنگری یاریدەری سەرکۆماری عیراق دەزانی و ئەوەندە پابەندی فەرامێنی سەرپەرشتی گشتیی ئاسایش نەدەبوو. لای وابوو سەرپەرشتیی گشتی ئەوەندەی نەماوە و دەستی پێوە دەنرێ و خۆیشاوەندی و پاڵپشتی سەرکۆمار بەفریایدا ناکەوێ و خۆی بەپاڵێوەری جێگەکەی دەزانێ. ململانێکی شاراوە و ئاشکەرا لە زۆربەی دەستگا ئەمنییەکان و وەزارەت خانەکاندا لە نێوان دەسەڵاتدارانی سەر بەسەرکۆمار و یاریدەرە تەماحگیرەکەی کەم و زۆر دەبینرا.

سەرپەرشتی هۆبەی «سێ» ڕاوەستا و ڕوو بەیاریدەرەکەی:

– من ئەمانە نازانم. لەوەی دڵنیام ئەم تۆڕەی وا دەستمان خستووەتە سەر، هەر ئەو تۆڕە دەستوەشێنەیە وا چەند چاوساقێکی کوردی سەربەئێمەیان کوشتووە. بۆ خۆت بڕۆ بۆ دایەرەی شارەوانی بەغدا لەگەڵ لێپرسراوی ئاسایشی ئەوێدا کۆبەرەوە... بزانە ئەم دڵشادە لەو دایەرەدا و بەگوێرەی زانیاری پێوەندی لەگەڵ کێدا بتەوە و سەروکاری لەگەڵ کێدا هەیە و هەبووە. بۆت دەرکەوت پێوەندی لەگەڵ کەسێکدا ئاسایی نەبووە، قۆڵبەستی دەکەی، تۆ ڕایدەپێچیت و یەکڕاست دەیهێنی بۆ ئەیرا. کابرای ئەفسەر پای بەزەویدا کوتا و بۆی دەرچوو.

سەرپەرشتی هۆبەی «سێ» گەیشتبووە پشتی مێزەکەی. وای لا باش بوو جارێک هیچ بەبەڕێوەبەری گشتی نەڵێت تا هیچ وەڵامێکی پێ نەبێت بۆ نووسینگەی یاریدەری سەرۆک کۆمار. چەکمەجەی مێزەکەی کردەوە و تەزبیحێکی کارەبای «ئەبو مێشوولە»ی گوڵەنگ ئاڵتوونی دەرهێنا و دوو دوو دەستی بەژماردنی کرد و نەجارێک و نە دە بەبازنەی گۆڕانگاری دایەرەکەیدا دەخولایەوە. دانی تیژ کردبوو بۆ سەرپەرشتیی گشتی؛ بەڵام پلەی سەربازی تەگەرەیەکی زەق و گەورە بوو بەڕێگای ئارەزووەکەیدا. لەگەڵ خۆیدا دەدوا:

– پلە و ملەی سەربازی بەلای یاریدەری سەرکۆمارەوە بایی فلسێکە. داڵێک و دوو ئەستێرە، خۆ دەتوانێت بیکاتە دوو شمشێری چەپ و ڕاست و یەک ئەستێرە، کورە دوو ئەستێرەش. بۆ ئەو بڵێت ببێت ئازا دەبێت. من ترسم لەم گەمژەی باڵا دەستەم نییە و دەزانم لەسەر وەستایە. ترسم لەوەیە ملهوڕ و موفت خۆرێکی ئەملاولام بەسەردا بچەسپێنن. لەو بابەتانە زۆرن. سێ برای لەژێر باڵدایە هەوەسی هەبێت بەهەموو شتیان دەکا. تەزبیحەکەی لە دەست کەوتە خوارەوە، دوو لەپی بەهێز دا بەیەکدا و قیراندی:

– حەی تڕ! ئەمەم پێوە نەهاتووە. بەخوا بەخوا ڕیش و ڕەگەزی کورد لەبن بهێنم، بەبەڕێوەبەری گشتی ناکرێم، کورە قەینا بەیاریدەری بەڕێوەبەریشم کەن، هەر نەیسە.

پاشاگەردانی و کەس کەسێنە. کەس بیر لەوە ناکاتەوە کابرایەکی وەک من لە یەک ئەستێرەییەوە لەم گۆڕخانەدام پایە، پایە هاتوومەتە کایە. ئەگەر ئەم «ئەبو عیرفان»ە نامەردە داری بەڕوحمدا نەدابا و کورد کوردینەی نەکردبا بەختم یاربوو. حەیف لە کات و ساتێکی

ناوەختدا سەری لە هێلکە وەدەرهێنا. ئەو نامەردانە ئەمە پیشەیانە، دەستبەردارنین؛ لەسەر ماڵیان دەڕۆن. سەیر کە وەک مێشوولە و مەگەز دەیانکوژین، کەچی لە هەزار لای دیکەوە سەر هەڵدەدەن. ڕاستە دەڵێن کورد لە تۆ و توخماتی دێو و جنۆکەیە.

درا لە دەرگا. بەڕێوەبەری هۆبەی «٣» سەری بەرز کردەوە و بەپەلە وتی:

– چیتان کرد؟

– قوربان هێنامان.

– کێتان هێنا؟

– دڵشا.

– ڕای نەکردبوو؟

– نەخێر.

– بێگومان نەیزانیوە «ئەبو عیرفان» گیراوە، ئەگینا بۆی دەردەچوو.

– لەوە دەچێت.

– چیتر؟

– دایکی دڵشادمانیش هێناوە لەگەڵ کابرایەکی ئێرانیدا.

– ئێرانی؟

– بەڵێ قوربان! دکتۆرێکی پەنابەری ئێرانییە کارمەندی شارەوانییە و لەگەڵ «دڵشاد»دا زۆر تێکەڵاون.

– دەستبەکار بن لەگەڵیانا؛ لە بچووک و گەورەی پرس و جوکەتان ئاگادارم کەن.

تەلیفۆن زرنگایەوە. سەرپەرشتی هۆبەی سێ هەڵی گرت و تاوێک

ڕاوەستــاو ئینجـا وتی: کـەی و دووبارە ڕاوەسـتـاو تەلیـفـۆنە کـەی داخـسـت. کـابرای ئەفـسـەر هـەروا ڕاوەسـتـابـوو. بەڕوخـسـاریی بەڕێوەبەرەکەیدا زانی شتێک قەوماوە، بەڵام نەیویست بپرسێت تا بۆ خۆی وتی:

– بوبی ئۆتۆمۆبێل لێی داوە.

– کێ؟

– سـەگـەکـەمـان. ئەمـڕۆ تەزبێحم لە دەست کـەوتە خـوارەوە زانیم شـتێکم لێ دەقـەومـێت. ئەوەسا لـە بۆبی نازدار قـەومـا. حـەیف چەند سەگێکی چاک بوو ئینجا بەتووڕەبوونەوە بەئەفسەرەکەی وت:

– بۆ ڕاوەسـتـاوی ؟ دە ملت بشکێنەو بڕۆ بەدوای ئەو جـانەوەرە حەرامزادانەدا. ئەگەر دڵشاد نەهاتە قسە، بەبەرچاویەوە دایکی ڕووت و قووت کەرەوە و هـەڕەشـەی لێ بکە کە زەلامی لێی دەنەی.

کـابرای ئەفسـەر دووبارە هێسر ئاسا پای بـەزەویدا کوتاو لە ژوور ڕۆیشتە دەرەوە.

سـەرپەرشت دووبارە تەزبیـحـێکی دی وەدەرهـێنا. نـاسـراوانی سـەرپەرشـتی هۆبەی سێ بـەچاکی دەیان ناسـی. بڕێک ئەویان بـدیبـا تەزبیـحـەکـانیـان دەشـاردەوە تـا نەیبـاو بڕێکی دیش بۆ بتـەوکـردنی نیوانیان تەزبیحی گرانی گوڵەنگ ئاڵتونیان دەسـەند و بەلای ئەوەوە دەریان دەخـست و ئیـتر ئەویش وەک پشـیلە مـشـک وەدی کـا چاوی لەسـەر تەزبیـحـەکـە هەڵنەدەگـرت تا بەدەسـتی دەهـێنا. چەکـمـەچەی مێزەکەی پڕ بوو لە تەزبیحی بەزۆر و بەڕەزا داگیرکراو، زۆریشیـانی دەفرۆشت. لـەم دوایانەدا چاوی لەدەست و پەنجـەو تەزبیحـەوە گۆڕی بووە سـەر مـەچەک و بـازوو؛ خـووی دابووە سـەعـاتی سـەردەست،

بەتایبەت ئەوی کورد زمان بایە. جاش و باشی بەموڵکی خۆی دەزانی. بڕێک لە جاشەکان و ئەوانەی سەر بەدەوڵەت بوون، ئافرەت و پارەشیان بۆ دەهێنا. یەک دووجار دای بەسەر مێزەکەیدا و نەڕاندی:

– داکت لە کەر بکێشم «ئەبو عیرفان» چۆن کوڵەمت کوتا. ئەگەر ئەفسەری هۆبەکەی من نەبوایەی... هەر گوویەکت خواردبوو بۆ خۆت خواردبووت؛ بەڵام بەو کارەت گووت نەک دەرخواردی من ، بەڵکو بەڕێوەبەری گشتییش داوە. سەیر منی دەماغ سز و وڵاخ کە، تازە بەتەمایی جێگەی بەڕێوەبەری گشتیشم.

ئەفسەرێک هاتە ژوورەوە وتی:

– گەورەم! سەروان تاریق دەڵێت با بێت بۆ ژووری پرس و جو.

بەڕێوەبەر تەزبیحەکەی بادا و لە ژوور وەدەرچو. خۆی گەیاندە ژووری تایبەت و لێکۆڵینەوە. دکتۆر مینایی لە پشتەوە دەستی بەکورسییەکەوە کەلەبچە کرابوو برەژەکتۆرێکی بەهێز ڕووبەڕووی داگیرسابوو سەرو لەشی عەرەق ڕێژان تک تک دەکەوتە زەوی، چاوێلکە زەرەبینەکەی کەوتبووە سەر نووکی لووتی.

– ناوت چییە؟

– مینایی، عەلی مینایی.

– تەمەنت؟

– شەست ساڵ.

– لە کوێ لە دایک بوویت؟

– تەورێز.

– کوێ؟

- شاری تەبریز لە ئازربایجانی ئێران. لەیرا پەنابەرم.

- لە کوێ کاردەکەی؟

- شارەوانی بەغدا.

- ئێ کاکی مینایی لە کەیەوە دڵشاد دەناسی؟ سەرەتا چۆن یەکدیتان ناسی...؟

- کاتێک لە شارەوانی بەغدادا دامەزرا لەو حەلەوە دەیناسم. وا بزانم لە چوار ساڵ زۆرتر بێت، ئا دەبێت.

- ئێوە، مەبەستم تۆ و دڵشاد زۆر تێکەڵاو بوون، تۆیەک بابایەکی ئێرانی پەنابەر و ئەو کوردێک. ناڵێی هۆی ئەم تێکەڵاوییەتان لە چیدا بووە؟

- بەو شێوەی وا دەیڵێی نە هەیە و نە بوویشە، پێوەندی نێوانمان تەنها هونەرییە و بەس. ئەوەندەش تێکەڵاو نەبووین جگە لە هەشت نۆ مانگی لەمەوبەر نەبێت، ئەویش بەهۆی یاسەمینەوە بووە.

- کێ؟

- یاسەمین.

- یاسەمین کێیە؟

- ئەویش پەنابەری سیاسییە و لە بەغدادا دەژی.

- کارمەندی هیچ کوێ هەیە؟

- بەڵێ لە ڕادیۆ فارسییەکەی عیراقدایە.

- ئەم یاسەمینە چ پێوەندییەکی بەدڵشادەوە هەیە؟

- وا بڕیارە ببن بەژن و مێرد. هەر نەبێت من وادەزانم.

-ماڵیان لە کوێ دایە؟

– هەمان ناوونیشانی منی هەیە، ئێمە چەند کەسێکین لە خانویەکی کۆنی سەر بە وەزارەتخانەی ڕۆشنبیریدا پیکەوە دەژین هەمووماں پەنابەرین و ئێرانیین. دەتوانم پرسیارێک بکەم؟

– دەی؟

– من چیم کردووە؟

کابرای لێپرس ئاوڕێکی لە سەرپەرشتی هۆبەی «٣» دایەوە بێ دەنگ ڕاوەستا. سەرپەرشت سەرێکی بۆ لەرزانەوە.

– ئەگەر ڕاستگۆیانە وەڵاممان بدەیتەوە هیچت نەکردووە بەپێچەوانەوە ڕزگاربوونت بۆ نییە و ئەیرا دەکەینە گۆڕت.

– باشە چ نیاز بەم جۆرە مامەڵەیە. هەر نەبێت من میوان و پەنابەری ئێوەم و تازە هیچ کارێکی ناپەسەند و نەشیاوم لێ نەوەشاوەتەوە پێم وانییە دوان و تێکەڵی عیراقییەک تاوان بێت. تاوانە؟

– بۆت نییە ئەم پرسیارانە بکەی. تەنها وەڵام بدەرەوە و پەنابەر و تری کەرمان لا یەکە.

– ئەی میوان چی؟

– میوانیش.

– باشە ئێوە بۆ خۆتان لە یەکی دەنەوە و هەڵیسەنگیەنن من بۆ درۆتان لەگەڵ بکەم. من دڵشادم وەک هاوکارێک ناسیوە. لە خەڵکی زۆرتر ئێمە یەکدیمان دیوە و یەکدیمان دواندووە لەبەر دوو هۆ بووە: یەکەم هەردووکمان هونەرمەندین، دووهەمیان بەتەنگی بێکەسی و غەریبی منەوە بووە و چ پەیوەستە، نازی کێشاوم. بەهیچ جۆرێک

ئاگاداری شتی دیکەی دڵشاد نیم و هیچیکەی لەگەڵما نەکردوەتەوە.

– تۆ بڵێی یاسەمین ئاگادار بێت؟

– ئاگاداری چی؟

– بۆچی نازانیت دڵشاد چ کارە بووە؟

– وەک وتم جگە لە هونەر و قسەی ئاسایی هیچم لە دڵشاد نەبیستووە. من وەک هونەرمەندێک دەیناسم.

– یانی دەتەوێ بڵێیت ئاگاداری ئەوە نیت کە دڵشاد سەرپەرشتی باندێکی پیاوکوژی بووەو ترۆریستە؟

– من لام وانییە دڵشاد بتوانێت کەس بکوژێت. دەست و پەنجەی دڵشاد هونەری لێ دەتکێت، نەک خوێن. ئەڵبەتە تا ئەویەی من لێی دەزانم و من بیناسم.

– ئەوەندەش خۆتی لێ گێل مەکە... یا ئێمە بەگەوج دەزانیت ؟ یا بۆ خۆت گەوجی؟ سەرپەرشت هەردوو مەچەکی بەرز کردەوەو ئاماژەی بۆ دەست بەندەکانی دکتۆر مینائی کرد کە بیکەنەوە... پرەژکتۆرەکان ڕووبەڕووی «مینایی» دەگڕان و لەشی شەلاڵێ عەرەق بوو.

لە ژوورێکی تردا دڵشاد چاو بەستراو و دەستبەند لە دەست بەبنمیچەوە هەڵواسرابوو. ژوورەکە تاریک بوو، بۆنی مەرگی لێ دەهات. دیوارەکان چڵکن و پەڵەی جۆراوجۆری بەسەرەو چەسپابوو. دەنگی سیسارک دەبیسرا. دڵشاد لە نێوان بێداری و بێ هۆشیدا تەمەلانە چاوی هەڵدەهێنا. تەواوی لەش و ئەندامی ژان سڕی کردبوو قورسی لەشی دەست و بازووی لە بیست سانتیمیتر زۆرتر درێژتر کردبوویەوە. لە مێژدا قۆنەرەو گۆرەوی و جلوبەرگ و هەتاوەکو دەرپاکەشیان پێ داکەندبوو ڕووت و قووت بەزنجیری بنمیچەوە وەک

لاکــە گــۆشــتــێک شــۆڕ بوبـویەوە. ئەو دەیزانی جــارێکی دی هـەتاو نابینێت، پلەو ئەندازەی خـوێنخـواری و ڕق و کینە و بێزیانی دەوڵەتی بەغدای دژ بەکورد لا نامـۆ نەبوو. لەگەڵ خـۆیدا بڕیاری دابوو هـەنجن هەنجنی کەن هیچی بەدەمدا نەیەت. بیر و ئەندێشـەی ئاواڵە کردبوو بۆ هـەر ئازارێکی لـەشی و گــاز و تـاوەو ونجــڕ ونجــڕ کــردن. خــۆی بەزیندوویەکی مردوو دەزانی. هەستی کرد ژوورەکـە ڕۆشن بووەتەوە. بۆ یەکـەمین جـار دیوارە چڵکنـەکانی وەدی کـرد، وڕە وڕێ هـاتە گـوێ یەکێک لە یاسـاوڵەکـان هەردوو ڕانی شـۆڕەوەبووی دڵشـادی گـرت و سـووڕی دا. لەشـی وەک مـیـزراحـێکی خـاوەبوو سـووڕایەوە هێـمـان بەتەواوی لە خـول خـواردن نەکەوتبـوو یاسـاوڵەکە تۆزێک لێی نـزیکتر بوویەوەو وتی:

- ها قەحپە شیر! چۆنی؟ دڵشاد چاوی هەڵهێنایەوە بە دەنگی نەرم نووساوە وتی:

- وەرە نزیکترمەوە.

کـابرای یاسـاوڵ لێی نزیکتـر بوویەوە. دڵشــاد تەواوی هێـزو توانای کۆکردەوە لە یەک خاڵدا ئەویی تەڕایی و تفی گەروو نێو دەمی وشکەوە بوویی هـەبوو گلێـری کـردەوە... کـابرای لای دیوارە چڵکنەکـانی وەدی کرد، وڕە هـاتە گـوێ یەکێک لە یاسەوڵەکان هـەردوو ڕانی شۆڕەوەبووی دڵشــادی گـرت و ســووڕی دا. لەشی وەک مــیــزراحــێکی خــاوەبوو سـووڕایەوە هێـمـان بەتەواوی لە خـول خواردن نـەکەوتبـوو. یاسـاوڵەکـە تۆزێک لێی نزیکتر بوویەوە و وتی:

- ها قـەحپـە شیر چۆنی؟ دڵشـاد چاوی هـەڵهێنایەوە. یاسـاوڵ نزیک بووبوویەوە، پێی وابوو تاو و تامولّی بۆ نەماوەتەوە و پساوە ڕوخساری

بەرەو سەرو لەشیی دڵشاد بەرز کردبوویەوە لەسەر یەکە دەیوت:

– دەی هەتیوە حیزە... دەی...

دڵشاد ئەو هێزەی بۆی مابوویەوە لە دەم و زارو زمانیدا کۆکردەوە تفە گلێرکراوەکەی کردە ناو چاوانی یاساوڵەکە. کابرا وەک فیشەکە شێتە دەرپەڕی و بەنەڕە نەڕەوە دەیوت: ئێستا لە گۆڕت دیەم، تف لە من دەکەی؟

گازی بزماری ناڵکردنی بەرزە وڵاخ. بەدیوارەوە هەڵواسرابوو، کردییەوەو کورسییەکی خستە ژێر پایەوە و سەر و گەردنی بێ هێزی دڵشادی گرت و گازی خستە نێو دەمیەوە و یاساوڵەکە لە کار و کردەوەیدا کارامەو وەستاکاربوو لە چرکەیەکدا سێ دانی پێشەوەی هەڵکەند. خوێن بەدەم و لێوی دڵشاددا شۆڕبوویەوە سەر سنگیدا... هاوالەکەی کەی یاساوڵەکە چرپانی بەگوێیدا:

– لەسەر خۆت، بمرێت زنجیرەکە دەپچڕێت و سەگێک دەتۆپێت. وەک دەزانی بەتەمای زۆریانین.

– بەقیڕەوە وەڵامی دایەوە:

– دەتۆپێت بەجهەنەم! بە ئەسفەلە سافلین!

دڵشاد دووبارە تەواوی هێزو توانای گلێر کردەوەو قاقا پێکەنی. کابرای یاساوڵ لێی نزیک بوویەوە:

– پێکەنە... لە گۆڕت دیەم میرازێکت لێ دەگرم خۆت لەسەر قوون نەگریت... ئەمن غەرگانیم غەرگانی.

غەرگانی بەلای بەرە سیاسییەکان و خەباتکەرانی دژ بەدەوڵەتەوە ناسراوبوو. ئەشکەنجەگەرێکی دەروون نەخۆش و ڕەفتار خوێناوی، لە

ترسی کوشتندا بەخۆی و ماڵ و منداڵییەوە لە حەساری دایەرەی ئاسایشی گشتیدا دەژیا. بەدەگمەن لەو حەسارە وەدەر دەچوو.

هاواڵەکەی «غەرگانی» ژەندی پێوە:

– ئەوە بۆ چوار ڕۆژە ئەوەی بەم کابرایە کراوە، بە گا کرابا دەهاتە زمان. ئەمەی من دیومە بڕیاری مردنی داوە... دەبێت بەشێوەکی دی لەگەڵیا مامەڵە کەین و نەیەڵین بەئاسانی خۆی بەکوشت دا. ئەم جۆرە کەسانە لە ئاوا جێگەیەکدا مەرگ بەپارە دەکڕن. من لام وایە ئەگەر دای بەزێنین چاکتر بێت.

– دایبەزێنین؟

– تۆ کوشتن و تێهەڵدانی خۆتت تاقی کردەوەو نەگەیشتیتە ئاکام، لەیراوە لەمن گەڕێ من لە گۆڕی ئەم جانەوەرەی دیەم.

– دەتەوێ چی بکەی؟ خۆ جادوو و تەلەسمی بۆ ناخوێنیتەوە؟

– با جادووی لێ دەکەم، تۆ بۆم داگرە خوارەوە.

دوو کەس لەشی نیوەگیانی دڵشادیان داگرتە خوارەوەو لەلایەکەوە ڕایان کشاند... دڵشاد وەک تۆپێک گۆشتی خاو و خلیچکی لێهاتبوو، گرمۆڵە بووبوو... غەرگانی بەئاڵۆزییەوە وتی:

– داکم لە کەر بکێشە و پێم بڵێ دەتەوێ چی لەگەڵا بکەی؟

– تۆ کەمێک تەڕو وشکی کە و ئاو و جگەرەیەکی بدەرێ و تا من دەڕۆمە لای بەڕێوەبەر، ئەو کاتە پەی بەتەلەسمی من دەبەی.

ڕانەوەستاو لە ساردواوی وەدەرچوو.

دڵشاد بنمێچ و دەرو دیواری لەبەرچاو پەروانە ئاسا دەسووڕایەوە شانی لە خرتک دەرچووبوو. هەستی بەپەل و پۆی نەدەکرد. ڕۆشنایی

ئومێد لە دڵ و دەروونیدا بزیسکەی دەدا کە توانیویە ئەم چەند ڕۆژە تاو تامولّی کوشتن و هەڵواسینی هەبێت و گیانی هاوولاتی ڕزگارکا و ماوەو مەودایان هەبێت و پاژنەی پیا بهێنن و بۆی دەرچن و خۆیان بگەیەننە جێگەی دوور لە مەترسی. ئاوا وەگیرهاتنێکی بەلاوە ئاسایی بوو، زۆرجار بیری لێ کردبوویەوە کە ڕەنگە ڕۆژیک لە ڕۆژان بکەوێتە داوێکەوە، بەڵام هەرگیز بەبیریدا نەدەهات بەبۆنەی «ئەبو عیرفان»ەوە دوچار و گرفتار بێت. دابووی لە ژێری ئاشنابوونیو پێوەندی لەگەڵ «ئەبو عیرفان»دا . نەچووبووە ژێر دان پێنانەکانیدا و سووربوو لەسەر ئەوەی کە ایناسێت، تۆزەکێک گوڕی سەندوبوویەوە. خوێن تێزابووە پەل و پۆی، بەڵام دەست و بازووی بۆ نەدەجوولا. بەدژوار توانی پشت بەدیوارەوە نێت و چوارمشقی دانیشێت. یاساوڵێک لێوانیک شیری خستە لای زاریەوە.

– دەی زەقنەبووتی کە وەئیلا زمانت لە زارت وەدەر دێنم.

لە دڵا وتی: چەندی بەچەندە؟ دەیانەوێت چیم بەسەر بهێنن؟ ڕاستی لەمە زیاتر مردنەکەیە. سەد ڕەحمەت لە کوردەواری کە دەڵێن « سیروان لێتیش نەدەم هەر دەمبەی...؟ » لێیان گەڕێ هەرچییان لە دەست دێت با بیکەن. مردن مردنە لنگە فرتەی پێ ناوێ. زۆری نەکێشا یاساوڵێک هات و دووبارە لە پشتەوە کەلەبچەی لە هەردوو دەستی ناو پارچە پەڕۆیەکی ئاخنیە نێو زاریەوەو بە لەفافێک توند توند دەمیان جەڕاند و ڕوو بەدیوار ڕایان کشاند هێندەی نەخایاند زرمەی پای چەندین کەسی هاتە گوێ بەپلەکانەی ساردا ودا دەهاتنە خوارەوە. دڵشاد ئەوەندە وزە و توانای ململانێ لە دەروونیدا بەهێزبوو خۆی بەبتەوی. داربەڕۆیەک دەزانی. لە دڵا وتی: چیم هەیە لە دەستی دەم جگە لە سەرم، دەبا هەر لەشکرم لێ کەن. زۆری نەکێشا ڕوو

بەدیواری دی وەریان چەرخاندەوە شێوەو شەمایلی دوو ئافرەتی بەسەر دوو کورسییەوە وەدی کرد. هەردووکیان چاویان بەسرابوو یەکێکیان سەری پاک پاک تاشرابوو. کابرای یاساوڵ چرپانی بەگوێیدا: دەیان ناسیت؟

دڵشاد سەری بەنیشانەی "نا" لەرزاندەوە. دیسان کابرا چپە ئاسا خوێندی بەگوێیدا:

– قەحپە شیر هەیە دایکی خۆی نەناسێتەوە... هەیە ؟ ئەوی دیکەیان یاسەمین خانمە... یاسەمین گیانت... دڵشاد هەرچاوێکی دووبەرانبەر کرایە...

کابرا دیسان چرپاندییە گوێیدا با نەختێکی دی نزیکت کەمەوە... یا دەتەوێ چاویان بکەمەوە نا برەژەکتۆرەکان نایەڵێت تۆ ببینن... ئەگەریش بتەوێ فرەت دەدەمە بەر پایان... باوەڕ بکە... بەوردی وەڵامی پرسیارەکانم نەدەیتەوە گاڵ دەدەم بە بەرچاوتەوە ئەوەندەیان بگێن تا لە پەلوپۆ دەکەون... تێگەیشتی...؟ ئەگەر بەڵێن دەدەی سێ جاران سەرم بۆ لەرزێنەوە تا دڵنیابم. کەرباب دەی. دڵشاد کە سەری لەرزاندەوە دڵۆپی فرمێسکەکانی سنگە ڕووتەکەی تەڕ کرد و گوێی لە هەرووژانیی کۆنگرەو ستوون و بنمێچ شۆڕەو دیواری قەڵای باوەڕو ململانێی بوو وا لەسەردا دەهەرووژێتە سەر یەکدا. کابرای یاساوڵ نووکە پایەکی پێوە ژەند:

– بیانبەمە دەرەوە ؟ دڵشاد دیسان سەری لەرزانەوە. بۆی دەرکەوت ئەوە پایانی هێلەکەیەو لەیرەدا دەبڕێتەوە. بێگومان برادەران بۆی دەرچوونە و خۆیان شاردوەتەوە یا گەیشتوونەتە جێگەی متمانە و قایم.

کابرای یاساوڵ دەمی شەتەک دراوی دڵشادی کردەوەو پارچە

پەڕۆی ئاخنراوی نێو دەمی وەدەر هێناو هەناسەیەکی دوورو درێژی کێشاو یاساوڵەکە وتی:

– ئامادەی وەڵامدانەوەی؟

– ئەوی من بیزانم پێتان دەڵێم؟

– جا دەیڵێی؟ وریا بە بە ئاسانی درۆ و ڕاست لەیەک جوێ دەکەینەوە بەیەکێک لە یاساوڵەکانی وت:

– کورسییەک بۆ جەنابی کاک دڵشاد بێنن. تۆیش بڕۆ چایەکی گەرم و شرینی بۆ بهێنە. ئینجا ڕوو بەدڵشاد:

– باشە خوا بتگرێ ئەم هەموو تێهەڵدان و دژوارییەت بۆ خستە بەر خۆت و ئێمە، لە سەرەتاوە بولبول زمانیت کردبا باشتر نەبوو؟

– لێگەڕێ لەوانە. ئەوانە ئاگاداری هیچی من نین. دایکم لە نوێژ و ڕۆژوو و ستایشی خوا بەولاوە دەرو دراوسێیەکانمان ناناسێت.

غەرگانی قاقا پێکەنی بەدەم کەنینەوە دەیوت:

– بۆچی ئێوەش خوا دەپەرستن؟

– ئەوی دیکەیان کە یاسەمین بێت هەر ئەوەندە دەزانێت کوردم و عارەب نیم، ئاگاداری هیچی دی من نەبووەو نیشە. ڕاستە من حەزم لێ کردووەو ویستوومە بیخوازم، بەڵام ئەو بەڵێنی پێ نەداوم تا شووم پێ بکاو ببینە ژن و مێرد. بۆ خۆی پەنابەری سیاسییە و لەیرا میوانە و لە ئیزگە فارسییەکەدا کارمەندەو جنێو بەدوژمنانی ئێوە دەدا. ئەو دووکەسە بچووکترین زانیارییان دەربارەی من و کارو کردەوەو جووڵانەوەی من نییە و نەبووە. وەعد دەدەن بەرەڵایان کەن ؟ وا دان بەزۆر شتدا دەنێم؟

– غەرگانی دای بەسەر سنگیدا و وتی:

– ئا بەشەرەفم!

– تۆ بە شتێک سوێنم بۆ دەخۆی هەرگیز ڕێگەت لێی نەکەوتووە؟

غەرگانی پەلاماری دڵشادی دا هاواڵەکەی توند توند گرتی و بەتووڕەبوونەوە قیڕاندی:

– دە هەم گووی تێ مەکە، لێمان گەڕێ با کارەکانمان بکەین. غەرگانی بەرداو ڕوو بەدڵشاد:

– من بەناوی بەڕێوەبەری گشتیی دەزگای ئاسایشی گشتییەوە بەڵێنت دەدەمێ. بەرەلایان کەین.

– سوێنی تۆم بۆ بەس نییە، با بەڕێوەبەرەکەتان بێت و سوێندم بۆ بخوات ئەو دەم.

– باشە ئێستا دەڕۆم بەدوایدا. چەند هەنگاوێک ڕۆیشت و دووبارە گەڕایەوە لای غەرگانی و چرپاندی بەگوێیدا:

– خۆت ڕاگرە تا دێتە زمان. ئەم کابرا خۆ دێو نییە نوقم بێت، ئەوەسا دەست بەسراو وەک پارچە گۆشتێک لەبەر دەستدایە. غەرگانی یەک دووجار سەری بۆ لەرزانەوە.

دڵشاد شریتی ژیان و بەسەرهاتی خۆی توندو تیژ تێپەڕاند و کەوتە بیری هاوڵاتێکەوە کە لەم ساردادوەدا چییانیان بەسەردا هێناوەو هاواریان نەگەیشتووەتە ئاسمانی کەڕ و کوێر. باسی ئەو سارداوەی بیستبوو، بەڵام نەک بەم وەحشیگەرییە. هەرگیز بەبیریدا نەدەهات کە وا مرۆڤ ئەوەندە خوو خسڵەتیی دڕندانەی لە دڵ و دەروونیدا مەڵاس دابێت. یان ئەم ڕق و کینەو بێزیانەیان تەنها بۆ ڕەگەزی کورد بەم ئەندازەیە.

بەڕێوەبەری هۆبەی «سێ»ی ئاسایشی گشتی هات و کورسییەکیان

بەرانبەر دڵشاد بۆ داناو لێی دانیشت وتی:

– دەی فەرمووو! من بەڕێوەبەی «هوبەی ٣» یەمم.

– بەڵێن دەدەی ئەو دوو ئافرەتە بێ تاوانە بەرەڵاکەیت ؟

– بەڵێنت دەدەمێ؟

– نا سوێنم بۆ بخۆ.

– دەتەوێ قورئانت بۆ بخۆم؟

– نا قورئان بەلای ئێوەوە ئەرزش و ڕێزی نییە.

– بڵێ بە چی سوێنت بۆ بخۆم تا بیخۆم.

– سوێن بخۆ بەبیروباوەڕی حزبایەتیت و بەگیانی یاریدەی سەرکۆمارەکەتان کە ئێستا ئەو دوو ئافرەتە بەرەڵا دەکەیت.

ئێمەش دەزانین ئەو دوو ئافرەتە بێ تاوانن و ئاگاداری هیچ نین. بەناچاری هێناومانن، تەنها تاوانێکی گەورەیان هەیە کە خۆشەویستی تۆن؛ ئەوە کەم نییە. وەختێک تۆدان بەکردەواکانتا بنەیت، نیاز بەڕاگرتنی ئەوان نییە و بەسەر ئەوەشدا سوێنت بۆ دەخۆم بەبیروباوەڕی حیزبایەتیم، بەشەرەف و کەرامەت و لێهاتووی یاریدەی سەرکۆمار ئەگەر درۆمان لەگەڵ نەکەیت و ئەوانەی دەیزانیت و کەدووتە، دانی پیا بنەیت، بەحورمەتەوە بیان نێرمەوە ماڵ. باشە؟

– باشە.

– یانی ئەوەی بیزانی دەیڵێیت؟

– وتم باشە، یانی دەیڵێم،

– کە واتە دەستی بکەنەوەو خواردن و خزمەتی بۆ فەراهم کەن. هاتە سەرحاڵ و ئامادەی وەلامدانەوە بوو، بیهێنن بۆ ژوورەکەم بۆ خۆم پرس و جۆی لێ دەکەم.

هاتی؟ ئەی بە قوربانت بم! چاکت کرد لەگەڵ خۆتا نەتهێناوە. کورە خۆمە لەیەک جویێ نابنەوە دەڵێی عاشقە و ماشقەن. منت هەر بە جارێک لەبیر کردووە. نامەرد وامان وت؟

– نە بەو خوایە شەو خەوت پێوە دەبینم.

– درۆزن دوژمنی خوایە، وات لێهاتووە تەوحت هەر بەلای نێرەوەیە.

– جا بە ئسی نێر دەزانی؟ تازە تۆ بۆ خوت بە منت ئاشناکردووە و وا بەیەکتر فێر بووگین، مەگەر نا؟

– باشە باوەڕ ناکەم. هیچی پێ بکرێت؟

– با، جارجار دێتە سەر هەوەس و گوڕی بۆ دەسێنێتەوە و دەم لە پیاوەتیش دەدا بە هەزار حاڵ وەک پیاو دێتە سەر هەوەس.

– ئاخر زەمانە ها! پیاوەتی؟

سودابە خۆی بە فەرهادەوە چەسپاند و دەمی خستە بناگوێی و لەسەر خۆ وتی: خۆ وەڵڵا هەر کە دەتبینم ئارەزووم دەجووڵێت و دێمە فاڵ. دەترسم جادووت لێ کردبم؟ نەختێک فەرهادی لەخۆ دوورخستەوەو بە ئاڵۆزییەکی ساختانەوە وتی:

– خۆ نەتکردووە؟

– چی؟

– جادوو.

فەرهاد وەک وابێت گوێزی بۆ بژمێرن ئارام وەڵامی دایەوە:

– هەر نازانم جادۆ چییە و لە چی دەکرێت؟ دەست و پایی سودابە تەڕبووبوو، نازدارانە وتی:

– قەمسەڵەکەت تەڕە دایکەنە، لەوەدەچێ باران بێت؟

– من هاتم پروزە پروزە بەفر دەباری.

– ئای هەم دیسان بەفر؟

شاری کرماشان نرکەو ناڵەی بە حاڵ وەدەر دەهات لەژێر باری گرانیی بەفردا. کووچەو کۆڵان و شەقامەکانی شار بەفری تیا کۆمەڵ بووبوو، بەتایبەت کووچەو کۆڵانەکان بەفری سەربانانیان تێ هاویشتبوو ڕێچکەیەکی مارپێچی لووس و خلیسکی تیا پێکهاتبوو. بەدژوار هاتوچۆی تیا دەکرا.

سۆپای ژوورەکە هاتبووە پرتە پرت. سودابە ڕوو بەفەرهاد:

– تازە ناتوانم خۆم پۆشتەکەمەوە. لە نێو حەوشیدا نەوت هەیە بڕۆ بیهێنە، سۆپەکە نەوتی تیا نەماوە. بەم زووانە دەستبەردارت نابم، ئەگینا تووشی هەڵامەت و سەرما دەبین؛ وەک دەڵێی بەفرو کرێوەیە. فەرهاد بێ دەرپێ پانتۆڵی لە پا کێشاو قەمسەڵەکەشی بەسەردا کرد.

عەباس تیغی لە ژوورەکەی ترەوە هاتە ژووردا. سودابە قیژاندییە سەریدا:

– مەیکە کەر بازاڕی. نەموت هەر وەخت وتم «بەقوربانت بم» ئەو دەم وەرە. جارێک یەشتا دەستمان پێ نەکردووە، مەگەر کوێری؟

– گوێم لێت بوو... دەتوت هەر دەتبینم. بۆت دێمە فاڵ ئەشهەدو قەحپەیەکی ناموحتەرەمیت.

- ئەی دەتەوێ وێردو سەڵاواتی بخوێنم؟ هەر دەبێت وای پێ بێژم؛ لەوانە گەڕێ لە دایکت بەناموسترم.

- چ دەبێژی ؟ بێژیی یا نەیەژیی من دەمەوێ سواری ئەو هەتیوە بم. هەر ئەمڕۆیش و نایخەمە سبەی، تێگەیشتی؟

- سواری دەبیت، ئا سواری دەبیت. بەڵام لێی گەڕێ با دەست پێبکەین، لە سوار بوونی مندا کە وتم (بە قوربانت بم) وەرە ژوورێ. ئەو کاتەیی بەسەر منەوەیە... نیخە نیخیی فەرهاد دەبیسرا. عەباس پەلەپەل خۆی گەیاندەوە ژوورەکەی دی. سودابە ڕووت و قووت لەژێر لێفەکەدا تەنها سەری بەدەرەوەبوو. قەلەڕەشێک بەسەر عەمودی کارەبای شەقامەوە دەیقیڕاند. لە شەقامدا نەوت فرۆش بانگەوازی فرۆشتنی دەکرد. فەرهاد ڕوو بە سودابە:

- سۆپەکە ببەمە دەرێ یا نەوتەکە بهێنمە ژوورەوە؟

- هەرکامیان دەکەی بیکە، بە مەرجێک بۆنی نەوت لە ژوورەکەدا پەنگ نەخواتەوە. دوایی هیچمان پێ ناکرێت.

عەباس تیغی گوێی لە تەواوی قسەکانیان بوو. خۆی ئامادە کردبوو بۆ بیستنی وشەی «بە قوربانت بم». وەک نێرەکەرێکی یەرەق کردوو لەسەرخۆ بە ئەسپایی لە ژوورەکەدا دەهاتو دەچوو ڕق و کینەی ڕەحمان ملکی لە قووڵایی دەروونیدا هاتبووە هەڵهەڵەو کەفکردن. لەژێر لێوەوە دەیوت:

- ملکیی! نامەردی ڕەفیق کوژ! چاوم لێکەو بنوارە چ ئاشێکم بۆت لێناوە یەک ئەنگوس ڕۆنی بەسەرەوەیە. دەبێ کارێکی وات بەسەر بهێنم خۆ بەخۆ ئەم شارە بەجێ بهێڵیت. ئاورێکی لە پەنجە قرتاوەکانی دایەوەو بۆڵاندی:

– باشـــە ملكی بـاشـــە، یـەكـتــر دەبینینـەوە. لەو دیـوە نازونـووكی سوادبەو فـەرهـاد دەبیسـرا ژوورەكە گـەرم بووبوویەوە. سۆپەكـە گڵـپەی دەهات، سـودابە ڕووپۆش و لێفـەی تووڕدابـوویە لاوە. عـەباس چەقـۆیی زامنەداری لە گـیرفـان دەرهـێناو دەسـتی بە زمـانـەكـەیدا ناو چـەقـۆ لە خـشـتــەیی وەدەرچوو، شــەوقی گلـۆپی ژوورەكــەی تـیـا وەدەركــەوت سـودابـەی لێـزان و كـارامــەیی سـەدان بگرە هـەزاران تێ هـەڵچـوونی جـۆراو جـۆر، ئاگاداری تەواوی دەمارە مـووەكـانی ڕەگەزی نێرینە بوو. فـەرهـادی هێنابوویە جۆش و خـرۆش و پـەیوەسـتەش پەنجـەی لە دوایدا دەهێناو دەبرد. نەیدەویست جـارێک فـەرهـادی لە كۆڵەوە بێت یەک دوو جـار گـەیشـتـبوونە هـەڵـهـەڵەی هـەوەس و بەكـەمی دەزانیی و دەیویست جـــارێک واژەی بە قـــوربـانـت بم بە دوا خـــا و بـە تەواوی ئـارەزووی بشـكێنێـو ئـەو دەم نۆرە بـخـــاتە بـەر كـــەربـازاڕی عـــەبـاسـی تیـــغی. عـەبـاسـیش كــەوتبـووە سـمكـۆڵان. خـواخـوای بوو كـەی وشـــەی «بە قـــوربـانـت بم»ی بە زارا بێت. لـەبـەر خــــۆیـەوە دەیـوت: دەی جـندەی ســــۆزانیی خـــۆ لاڵ نیت، لاڵی؟ حــــەقت ئەوەیە ئەو زمـــانـەت لەبن وەدەربهێنم. بڵێ هـەی لامـەسـەب بۆ تێرت نەخـوارد؟ جارێک و دوو سێ ئەوە بۆ چوارەمین دەڕۆن. مەگەر ئاو بە ئاشدا دەكەن؟

لەپڕ گوێی لە وشەی «بە قوربانت بم» بوو.

عەبـاس دەسـتی بە زامنی چەقـۆكـەیدا نا و تیـغـەی چەقـۆ بەل بوویەوە و لە ژوور وەدەرچـوو. فـــەرهـاد بەســـەر ســـودابـەوە بـوو ، عـــەبـاس بە ئـاسـپـایی خـۆی گـەیانـدە سیسـەمـەكـە و چەقـۆی خسـتـە پشت گـەردنی فـەرهـادو گـورگـانە سـوار پشـتی ڕووتی فـەرهـاد بوو نەڕاندییە سـەریا: وەتەواو ئـایین وە ئەبولفەزل جمـە بكـەیت شـاڕەگت دەبڕم. چۆنیی هـەروا

بمێنەرەوە. مەگەر شاری هرتەو هەرکەس بۆ خۆیەتی و بە ئاسانی سواری ژنی خەڵک بێت ؟

سودابە خۆی ترساو نیشان دەدا. فەرهاد لەترسا نیوە ڕۆح بووبوو، دەلەرزی و هیچی بۆ نەدەوترا. جارجارێکیش ڕوو بە سودابە دەینەڕاند: بزانە پارچەی گەورەت ناکەمە گوێچکەت. دەڵەحیزی بێ سەروپا! من لە سەفەر بم ئاوا هەتیو بەسەر خۆتا دەکێشیت؟ سودابە ساختەچییانە دەپاڕایەوە. عەباس پەیتا پەیتا چەقۆی لە گەردنی فەرهاد هەڵدەگرت و دەیخستە سەر لاملی سوادبە. فەرهاد جووڵەی پێ نەدەکرا. عەباس سواری کۆڵیی بووبوو ترس و تۆقیانیش ئەوەندەی دی عەوزەڵ و جووڵەی لێ بڕیبوو. عەباس دەینەڕاند و دەستی لە بەرەزوانەی کەمەربەندەکەی گیرکردبوو دووسێ جار ژەندییە فەرهادەوە:

– مەگەر بەسواربوونت تۆزەکێک قینم دامرێتەوە. سودابە لەژێر قورسایی فەرهاد و عەباسدا بە حاڵ سەرو زوڵفی دیاربوو، لەسەریەکە دەیوت:

– تۆ لەسەرخۆت. ئارام بەرەوەو دەست لەو چەقۆیە هەڵگرە.

عەباسیش چەقۆکەی لە هەوادا ڕادەوەشاندو بەو دەستی بوقەتەی ملی فەرهادی گرتبوو چەسپاندبوویە سەرینەکەدا. فەرهاد هیچی پێ نەدەکرا سودابە وەستاکارانە دەلالکایەوەو دەیوت:

– تو ئەو چەقۆیەمان لێ دوورخەرەوە ئەوی تۆ دەیڵێیت باشەو دەکرێت، مەگەر وانا فەرهاد؟

فەرهاد لەسەر یەکە وتی: با... با... باشە. عەباس دزە ئاوڕێکی لە سودابە دایەوە... سودابە ئارام و لەسەرخۆ سەرێکی بۆ

لەرزاندەوە،عەباس دوو سێ جار بوقەتەی گەردنی فەرهادی وشارد و بەقیڕەوە وتی:

– بەرت دەم نادەی لەژێری و گۆبەن دروست ناکەی؟

– نەخێر.

– جا نەخەیر؟

– وەتەواو مەردانەگی و تەواو ئایین؟

عەباس پشتوێن و دوگمەی پانتۆڵەکەی کردبوویەوە لەسەر پشتی فەرهاد خۆی خلیسکاند و پانتۆڵ و دەرپای داماڵاند. سودابەش لە ژێری فەرهاد وەدەر هاتبوو. عەباس چەقۆکەی بەدەم و دان گرتبوو بەخۆ ڕووتکردنەوە خەریک بوو فەرهادیش ڕووت و قووت نەیدەوێرا بجووڵێتەوە. عەباس تیغی دووبارە نیشتەوە کۆڵی فەرهاد. سودابە بە لایانەوە دەینواڕییە تێهەڵچوونیاندا.

ئەمە دوا بڕیارتە؟ یانی. دەگەڕێیتەوە؟

– زۆرم بیر لێ کردۆتەوە. ئەوە چەند ساڵە دەربەدەری وڵاتانم و ئای دەردی نامۆیی و بێ وڵاتی کوشتمی و کارێکی ئەوتۆیشم لەدەست نەهاتووە. ئەم شێوەی ململانە هیچ گۆڕانکارییەک بەدی ناهێنێت و ئەمنیش پێی ڕازی نیم. دکتۆر مینایی پەنجەی دۆشاو مژیی خستە سەر چاوێلکە داخزاوەکەی سەر لووتی و تۆزێک بەرەو سەروو هەڵی کێشاو بەهەوای تەرازووی پەپوولەکەی گەردنی دەستی بۆ برد و بەڵام خوارتری کرد و وتی:

– من هەڵت نانەم بۆ گەڕانەوە. لەوەی دڵنیام تووشی دەردەسەر و گیروگرفت دەبیت؛ بەڵام ئەوی ئاشکرایە ململانێی چەکدارانەی نێو شارەکانیی ئێران لە هەموو کەسێک ناوەشێتەوە، دەوەشێتەوە؟

– ئەوەی دەزانم هەر هەنگاوێک پڕە لە مەترسی وە ئەوەش دەزانم ناو و ناتۆری بەندەشیان پێ گەیشتووەو چاوساقانیان چ لە ئەورووپا یان لەم بەغدایە ڕاپۆرتی منیان نووسیوەو تازە لەوێڕا ژیانی ئاساییم پێ ناکرێ و بۆ ناڕواتە سەر. ئەوە دڵشادیشیان کوشت و لەیرا مانەوەم بێ مانا و بێ تامە.

– یانی بڕیاری خۆت داوە ؟

– بە برادەرانی ئەوێم ڕاگەیاندووەو لە هەفتەی داهاتوودا دێن بە دواماو دەگەڕێمەوە ئێران و گەیشتوومەتە باوەڕێک ململانێی

چەکدارانەی نێو وڵات چارەسەری ڕاستەقینەیەو وڵات دەگەیەنێتە قۆناغێکی گۆڕانکاری. من هەوڵدان و تێکۆشانی برادەرانی دەرەوەی وڵات بێ نرخ و کەم بایی ناکەم بێ شک ئەویش جۆرێکە لە ململان. تۆ چی؟

– من داوای پەساپۆرتم لە دەوڵەتی عیراق کردووە تا بڕۆمە دەرەوە؛ بەڵام ئەوەندە پیاو نین بمدەنێ.

– ئەمانەی ئەیرا یانی خانەخۆیکەمان دام و دەزگای ساواکی ئێران لە چاویانا بە حەوت ئاو شۆراوەتەوە. دڕندەیەکن بۆ خۆیان، بۆ خۆت ئاگاداری؛ مەگەر نەتدی.؟

– ئاگاداری مامۆستاکانیشیانم. سەگی تەعلیم دراوی «کا. گ. ب»ین بەتایبەت ئەفسەرەکانیان ڕەحم و بەزەیی و ناڵەو نزاو خواو پاڕانەوە لە فەرهەنگیاندا نییە؛ دەڵێی لە دۆزەخەوە وەدەرهاتبن.

– فەرهەنگ...؟ فەرهەنگ و ئەو جانەوەرانە؟

– مەبەستم لە شێوەی ڕەفتار و کرداریانە.

– بتەوێ من بەبرادەرانی خۆمان ڕادەگەیەنم لەو ڕووەوە یارمەتیت بدەن، با بگەمە ئێران.

– لەوە نامەردترن. لە مێژدا داوام کردووەو وەڵامیان نەداوەتەوە. دڵنیام ئەم داوایەشم بەلایانەوە تڕی بن گۆمە. وەزعی منیان بۆ ڕوونکەرەوە کە ئەوە چەندین ساڵە لەم کاول بووەدا گرفتارم و ناتوانم بەرەو هیچ لایەک هەنگاو بنێم؛ وەک وا بێت هەر نەبم. نە ناوێک، نە نیشانێک، نە بەڵگەیەکم بە دەستەوەیە. ئەگەر لەیرا ڕزگارم کەن ئەوی لە دەستم بێت دەیکەم و درێغی لە هاوکاریتانا ناکەم؛ وەک دەزانی کە سیاسەتمەدارێکی کۆنەکارم، نیم؟

– دڵنیابە کارێکی وا دەکەم برادەران بە تەواوی توانایانەوە پشتت بگرن و لەم چاڵە مەرگ ئاسایەدا ڕزگارت کەن. هاتە ژوورەوە، ڕۆژنامەی «الثورە»ی بە دەستەوە بوو، دای بەسەر ڕۆژنامەکەدا و وتی:

– دوێ شەو قەوماوە و خراپیش قەوماوە. پەنجاو دوو ئەندامی دەستەی باڵای حزبی «بەعس» گیراون و هەر ئەو شەوەش هەر هەموویان تیرباران کراون. بەرەکەت کەن ئیشەڵڵا.

دکتۆر مینایی یەک دووجار سەری لەرزانەوە و ئارام چپە ئاسا وتی:

– ستالینی زەمانە، ئەویش تەواوی هاوالان و هاوقەتارانی خۆی هەر یەکە بە جۆرێک لە ناوبرد و ئەوی وتی لەل، سەرنوقم کرا.

یاسەمین هاتە جواو:

– مەسەلە کاتە و بەس. دڵنیام لەوەی سەرکۆماریش ئەوەندەی نەماوەو لە نێوی دەبا کابرا دەعبایەکە بۆ خۆی...

– لەسەر خۆتان. دیواریش گوێی هەیە، مەگەر بە چاوی خۆتان نەتاندی چەندە لپ و لەوس خوێناوین ؟ سەد ڕەحمەت لە ساواک.

دکتۆر مینایی دیسانەوە چاویلکە داخزاوەکەی سەر کەپووی خزاندە سەرەوە و لەسەرخۆ وتی:

– شێوەی مامەڵەی ئەم دەوڵەتە شێوەیەکی ستالینییە. ئا، وایە بەیەک جیاوازی. ئەم دەعبایە باوفیشالێکی ڕەگەز پەرستانەی «پان عەرەبیسم»یش لە خولیایدا شەپۆل دەدا و ئەم وڵاتەش دەکاتە گۆمی خوێن و زەڕەیەک ڕەحم و ڕەوا دەربارەی کورد و توێژەکانی دی غەیری عەرەب لە دڵ و دەروونیدا بە میکروسکۆب بگەڕێی نایدۆزیتەوە. هەر بە خۆمانا هەڵی سەنگێنە، ئێمە پەنابەریانین و لەیەک تای تەرازوودانین و هەردووکمان دوژمنی شاو دەوڵەتی ئێرانین؛ کەچی لە قووڵایی

دەروونیدا ئێمە و شاو دەوڵەتی ئێران یا هەر کەسێکی دیش بێت، بە دوژمنی بابە کوشتەی خۆی دەزانێت. هەی لەو ڕۆژەی زەڕو زۆری زۆر بێ و قسەی لێ ببیسرێت، خۆ کەوڵیی عالەمێک دەکەنێت، نایکەنێت؟

– باو، گۆشتەکەشی دەخاتە بەر سەگ. من وا ئەم کاول بووەی بەجێ دێڵم لەژێر باڵی ئاوا ڕژێمێکدا ناگەینە هیچ و ڕسوای سیاسییشی بە دواوە دەبێت و ئەم ڕای خۆمەشم گەیاندووەتە برادەران. یاسەمین بێ تاقەتانە هەڵسا بەرەو ژوورەکەی بەڕێ کەوت غەم لە ڕوخساریدا مڵقی دەدا. هاژەی با و خوڕەی شەپۆلەکانی دیجلە دەبیسرا. تۆزو غوبار دایدابوو، ماشێنەکان بەناچاری چرایان هەڵکردبوو. سارای عەرەبستان هێرشی هێنابووە نێو شارەکان، بەغدا خۆڵاویی تەنگە نەفەس لەژێر توێژێکی تۆزیی بەقەفات و گەرمایەکی سووتێنەردا پەلی دەکوتا. یاسەمین بندەست و ناوشانی شەلالی عەرەق بووبوو بە گەیشتنە ژوورەکەی جلو ملی لەبەر داکەند و لە ئاوێنەدا لەش و لاری تەڕبووی عەرەقی خۆی دی و تێفکرا:

– ئا خراپم بەسەر هاتووە، لەش و ئەندامم یەکجار عەرەب پەسەندە... فریای خۆم نەکەوم تیا چووم بەم هەیکەلەوە ململان و چریک بازیم لە نێو شاردا پێ ناکرێت... دەکرێت.؟ نا، ناکرێت. ئەمەش دەخەمە نێو پرۆگرامی ململانەوە. مرۆڤ بیەوێ بەدەگمەن شتی لێ یاخی دەبێت. هەردوو مەمکی بەرز کردەوەو بە «کلینیکس»ێک ژێر مەمانی سڕی و ژێر باڵ و ناوگەڵیشی کزر کردەوە ڕوانی ئەگەر ئاوێکی سارد بەخۆدا کا باشتر بێت. خۆی گەیاندە سەرشۆرگەکە. زەمانێک بەسەر گەردن شکاوی دوشەکەیدا تێپەڕیبوو، بەلوعەی ئاوی بەردایەوە نێو قازانی ژێر دەمیدا. سینیی فافۆنی خستە سەر

تەپلەکیی ئاسنی نێو حەمامەکە تا خۆی لە لێواریی تێژی بپارێزێت چەند جارێک گۆپکەی دوای و لاڕانی بریندار کردبوو... پاڵی دا بە کاشییە تاو گرتووەکانەوە. ئاو خوڕەی دەهاتە نێو قازانەکەوە وەک هەمیشە کەوتەوە بیرەوە و لەژێر لێوەوە وتی:

– نفرین کراوەکان! خۆ لە کوشتن بەولاوە نامۆی تەواوی زەمانەکانن... بۆیان ناڕواتە سەر. تاکەی دەیرانن؟ نازانم. ئومێدەوارم درێژە نەکێشێت. دڵنیام ئاکامی تەواوی دیکتاتۆرەکان هەرووژانە؛ درەنگ و زووی هەیە... یاسەمین خۆی ئامادەو گورج و گۆڵ کردبووەوە. کتاو و شت و مەکەکانی بەخشیبووە هاوالانی، تەنها ژانتایەکی سووکەڵەی دەستیی نەبێت ئەوی جلوبەرگی هەبوو بەخشیبووە ناسراوانی. خۆی ئامادەی گەڕانەوەو سێ چوار سەعات بە پێیان ڕێکردن و لە سنوور تێپەڕبوون کردبوو. جامێک ئاوی کرد بە سەرخۆداو لەبەر خۆیەوە وتی:

– تاران بمگرە و هاتم.

گەللەو گەلەو گەللە هەی هەی لەو گەلاوێژە... شەهباز سەمای دەکردو پای بە زەویدا دەکوتا. سەبری لە ئاشپەزخانەدا دەفرو دەوری دەشوشت. شرین لەو سەربانەوە دەیقیژاند: دەنگی ئەو ڕادیۆیە کەم کەنەوە. ڕەحمان لە ماڵ وەدەرچوو بوو. فەرهاد شەو بەدایکی ڕاگەیاندبوو شەوسوو قوتابخانەی نییە؛ قوتابیان ڕۆیشتوون بۆ گەشت و سەیرانی تێکڕایی بۆ دەشت و دەری شار.

دایکی نەیدەزانی لە نزیکی تاقیکردنەوەدا قوتابخانە گەشت و سەیرانی قوتابیان ڕادەگرێت. شرین دەیزانی فەرهاد درۆ دەکا؛ لەو درۆیانەی زۆر بیستبوو، ئیتر نەیدەویست بە درۆی خاتەوە. دەستی لەوە شۆردبوو فەرهاد لە «کونکور»دا سەرکەوێت. دوو ساڵ بەشداری کردو سەرنەکەوت. ڕەحمان هێندە پابەندی خوێندن و زانکۆ و بەڵگەنامە نەبوو، جار جار بەلای منداڵەکانییەوە دەیوت: منەی نان بکەن خەربزە ئاوە. سەرئەنجام دەبنە مامۆستایەک مووچەکەتان بەشی دەستێ جل و بەرگی خاوێن ناکا. شیعر نووسین نابێتە نان و پووڵ و پارە. ئنجا ڕوو بە فەرهادی کوڕی دەستی دەکوتایە سەر سنگیداو دەیوت: با چەکوش و بەردەکەی لای من نەبوایە ئەو دەم ماڵی خۆتت دەدی. فەرهاد هەر لەوەدا وتەی باوکی دەسەلماند. شرین وەڵامی دەدایەوە... کە زیندەگی تەنها پارەو زەڕ نییە، ملیۆنەها مرۆڤ لەم سەرزەوییەدا دەژین و نە زەڕیان هەیەو نە زۆریش و هەزاران

ئەوەندەی زەرداران و زۆرداران بەختەوەرترن. دونیا بەرەو قۆناغێکی دی دەڕوا. ڕەحمان بە زەردەخەنەوە وەڵامی دەدایەوە:

- ژاوە ژاو! قۆناغی چی و ترِی کەری چی؟ ئەوەتەی مرۆڤ بەسەر ئەم زەوییەوە خولقاوە هەستی دەسەڵات و تەماح و دارایی لە دڵ و دەروونیدا پەنگی خواردووەتەوە، لە پێناویدا کاری وای بۆ دەکەن لە فەرهەنگی دێو و درنجیشدا نەبینراوە. سەبری دەیزانی ڕەحمان ئەوکەی کوشتووە؛ بەڵام خۆی لێ وەکەڕ کردبوو. لەبەر منداڵەکانی هیچی نەدەدرکاند. ڕابوردووی ڕەحمانی لە منداڵەکانی دەشاردەوە کاری نایاب و ناشرینی فەرهادیشی پینەو پەڕۆ دەکرد. هەفتەی پێشوو گەردانەیەکی زێڕی لێ بزربووبوو، شرین پێی ڕاگەیاند بە چاوی خۆی گەردانە زێڕەکەی بە دەستی فەرهادەوە دیوەو... لە نێوان سەبری و فەرهاد و شرین بووبوو بە کێشمە کێش و هەراو هوریا. سەرئەنجام سەبری کۆتا هات و دزییەکەی بۆ داپۆشیی، بەوەی دەست بەرداربوو کە تف هەڵدا ناوچاوانی خۆی دەگرێتەوە. شرین چووبووە باوەڕێکەوە فەرهاد کارێکی بە سەرداهاتووەو سەری لەبەر وەدەر نەدەبرد. ئەوەندەش پابەندی زانینی نەبوو. تێگەیشتبوو فەرهاد لە دەست دەرچووەو فڕی بەسەر خوێندن و زانکۆ و تەحسیلاتەوە نەماوەو ئەوەندەشی بۆ خۆی بەکاری خوێندن و پەیمانگاو خوێندنەوەی کتاوە چەپگەراکان و گفتوگۆی سیاسییەوە خەریک و سەرقاڵ بوو نەیدەپەرژایە سەر گەندەڵکاری فەرهادی برایەوە.

شەهبازیش گەورەبووبوو، پەیوەستە لەگەڵ گۆرانیدا زرمەی پای دوور دوزێک دەچوو. هێندە قەڵەو بووبوو چاوە بادەمییەکانی بە دژوار دەبینرا لەرەی دەهات لە گۆشتدا. کەس لە پورە و گلمەگلمی

تێنەدەگەیشت، دایکی نەبێت. شەهباز کە دەڕۆیشتە ژوورەکەی فەرهادەوە لە دواوە دوو گوێی دەگرت و بە تێهەڵدان دەیکردە دەرەوە. دایکی بە تووڕەییدا خۆی پێدەگەیاند و لە چنگی وەدەری دەهێنا. شیرین کە بۆڕەی شەهبازی دەبیست بێ ئەوەی لە ژوورەکەی بێتە دەرەوە لەوێڕا تفێکی دەکرد و لەژێر لێوەوە دەیوت: نامەردیی دێو ڕەفتاری زەبوون ئازار! هەروا بووە، خوویەکی ڕیشوودارە، فەرهادیش یەکێکە لەم کۆمەڵە. وای دیوەو وا فێربووە، وایش گەورە بووە. کوڕی باوکی خۆیەتی. دایکم لای وایە پەیم بە ڕابوردووی باوکم نەبردووەو نازانم چ کارەیە و چۆن چۆنێن بووە بە شاری و ڕووی لای عەشاماتی تایفە و لادێکانی لای خۆی نییە. لێشی دەگەڕێم، با هەروا بزانێت نامەوێت لەو هەستە ناسکە بێوەریی کەم، ئەو بە گوێرەی بۆچوون و تێفکرینی خۆی هەمیشە باوەشی گەرمی بۆ ئێمە ئاواڵەیە و بەخشەندە. خوا شتێک دەبا و شتێک دەدا. دایکێکی لادێیی نەخوێندەواری بێ ئازاری دەرد ئاشنا، لەولاشەوە ڕەحمان ملکی ڕابوردوو گڵاوی، ملهوڕ و زۆرگوێ ئێستاو پشت گەرمی ساواک. من لە دووکەسی ئاوا کەوتوومەتەوەو. هۆکارەی تێڕوانینی پڕ لە پرسیاری بڕێک لە هاوکلاسییەکانم هەم. بەڵام چی بکەم؟ هیچم پێ ناکرێ و باوکمە. پێم دەکریت.؟ شرین کتاوەکەی داخست و ویستی لە ژوورەکەی وەدەر بێت، بەچاکی زانی بەدوای خا... تا لەماڵ وەدەرچوونی فەرهاد.

## ٨١

– پێت وایە ئامادەبیت؟

– لە چ ڕووییەکەوە؟

– ڕوحی، چوزانم تەندروستی، بیروڕا؟

– لە بارەی بیروڕاوە ئەوەندە سوورم، لە چوارشەممە سووری مانگی سەفەر سوورترم. تەندروستیش، خۆ مارەتۆن ناکەین... چەند تەقەیەکە لە پا جێگەیەکدا ئەنجامی دەدەین و بەکرێگیراوێکی لپ ولەوس خوێناوی دەسپێرینە قووڵایی دۆزەخ و ئاو بێرە و دەست بشۆ. لەوە زیاترمان لە پێشە؟

– وەک وتت وایە. دەمەوێ بیزانم ئەوی دەمانەوێ بیکوژین دەزانی کێیە...؟

– هەی بابا، ئەو پرسیارە لە من بۆ دەکەی؟ بەلای منەوە خاڵێک هەڵدەبژێرن و دەیکەنە مەبەست. دەزانم سەرسەری هەڵی نابژێرن و ژیرانە بیریان لێ کردۆتەوە. لەوەی دڵنیان شایان و شایستەی لە ناوچوونە. ئیتر بۆ من کێ بێ و کێ نەبێت گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە زووتر لە ناوچێت. یاسەمین هەڵسایە سەرپا و هەردوو لەپی خستە سەر کەلەکەی و ڕێک ڕاوەستاو وتی:

– حەوت کیلۆ لاواز بوومە. لە بەغدا بماماوە دەبوومە بەڵخەگامێش. دەستی بەرداو بەرەو ئاشپەزخانە وەڕێ کەوت، لابەلا ڕاوەستاو ڕوو بە فەریدوون:

– قاوە دەخۆیتەوە؟

فەرەیدوون سەرێکی بۆ لەرزانەوە. بەهمەن نارازییانە وتی:

ئەی بە من بۆ نالێی؟

– تۆ بەنووسینەوە خەریکی لام وابوو دەستبەرداری نووسینەکەت نابیت، دەبیت؟

– تۆ بیهێنە؟

فەرەیدوون سەیرێکی کاتژمێری سەر دەستی کرد و لەژێر لێوەوە وتی: ئاهید درەنگی کردووە، بۆ نەگەیشت؟ بەهمەنیش نوارییە کاتژمێرەکەیدا و وتی:

– زۆری درەنگ نەکردووە، هاکا گەیشت.

یاسەمین لە ئاشپەزخانەدا گوێی لە وتەی بەهمەن بوو بە سینی قاوەوە هاتە دەرەوەو وتی:

– ڕەنگە بەدوای شتومەکەکانیی مندا بگەڕێ و خەریک بووبێت سفارشی بڕێک شتم پێ کردبوو. هەرسێکیان بێ دەنگ بە قاوە خواردنەوە خەریک بوون. بەهمەن قەڵەم بە دەست تاو تاو دەینوارییە نووسینەکەیدا فەرەیدوون لە خەیاڵی درەنگ کردنی ناهیدا بوو. یاسەمین دوای گەڕانەوەی بۆ نێو ئێران و شاری تاران وەک جاران نەیدەتوانی لە کووچەو کۆڵان و شەقامدا خۆی وەدەرخا بە وردەکاری و پارێزەوە شەوانە بۆ کارێکی گرنگ نەبوایە نەدەڕۆیشتە دەرەوە. نێوی لە لیستی ساواکدا تۆمار کرابووە لە ماڵیی ژیانی بە کۆمەڵی ڕێکخراودا دەژیا. دەمێک ڕووسەری و سەرپۆشی دەداو دەمێک عاباو جل و بەرگی جۆراوجۆری لەبەر دەکرد. ئەو چەند ساڵەی لە دەرەوەو بەغدادا مابوویەوە، نێوی خستبووەو نێوانەوە. برادەرانی ڕێکخراو

ئامۆژگارییان کردبوو تا لە فەلامەرزەوە دوور کەوێتەوە. ئەو دەمانەی لە دوور وڵاتان دەژیا هێندە غەمی دووری فەلامەرزی نەدەخوارد. لە شارێکدا لە بندەستیدا چەندین شەقام لە فەلامەرزەوە دووربوون و نەبینینی بووبووە خورەی دڵ و دەروونی. پەیوەستە هەواڵ و دەنگ و باسی فەلامەرزی لە برادەران دەپرسی و دەیزانی یەشتا پێوەندی نێوان ئەو و لیلی هێڵە دەکاو بەردەوامەو بتەوتریشە.

زەنگی ئەپارتمانەکە زرنگایەوە. هەرسێکیان دەستیان دایە چەک و یاسەمین لە کونە زەڕەبینەکەی سەر دەرگاوە نواڕییە دەرەوە. ناهید لەبەر دەرگادا ڕاوەستابوو. لای کردە لای برادەرانییەوەو بە ئاسپایی وتی:

– ناهیدە.

ناهید کیسەی نایلۆن بەدەست خۆی کرد بە ماڵدا. پێش ئەوەی دانیشێت ڕوو بە فەرەیدوون:

– دەزانم درەنگم کرد و هەمووتانم نیگەران کردووە. یەکەم تاکسیم ئازا بە دەست نەکەوت، دووهەم بە سەندنی بڕێک شتومەکی یاسەمینەوە خەریک بووم.

فەرەیدوون دووبارە نواڕییە کاتژمێری سەر دەستی و وتی:

– لەوانەگەڕێ، درەنگە با فریاکەوین. بێ ئەوەی ڕوو بەلای کەسیانەوە کا وتی: هەر کەسێک ڕۆڵی خۆی دەزانێت ؟ ڕووی بەلای بەهمەنەوە کرد و بەنیشانەی بەڵێ سەری بۆ لەرزانەوە، یاسەمین و ناهیدیش هەروا.

فەرەیدوون چەپڵە ئاسا دوولەپی دا بەیەکداو هەڵساو وتی:

– وادەزانم قۆناغی چۆن و کەی و لە کوێمان بڕیبێت. سبەی سەعات

شـەش و نیـوی بەیانی لـە جـێگەی نیـشـانکراودا یـەکـتـر دەبیـنین. لە خانووی کۆ ژیانـی نـهێنی وەدەرکـەوت. لە لایەن دەسـتگای سـاواکـەوە نەناسـراوبوو. ناهیـد یەکـێک لـە براکـانی لە شـەڕی نێـو شـەقـامـدا کـوژرابو، بەهـمـەن لە بنەچـەکـەدا لە بنەمـاڵـەیەکی چەپگەرای تودەیی هاتبـووە دنیـاوەو پێناسـیی تەک تەکی بنەمـاڵەکەی دەست نیشـان و هەڵسەنگێنرابوو. یەک دووکەسیـان بڕیاری مەرگیان بەسـەردا ئەنجام درابوو، بۆ خـۆیشـی دەسـتی لە زانکۆ و تەحسـیـلات کێـشـابوویەوەو چەنـدین جــار دەست بەسـەرو بەرەڵاو گــیـرابوو تا ئەم دوا دوایە بە یەکجاری لە دەسـتـەی دەسـتوەشـێنی نێـو شەقامـاندا نێوی کەوتبـووە نێوانەوەو بووبووە خاڵێکی گرنگ و ناسـراو بەلای ساواکـەوەو ناچاری کـۆ ژیانـی پەنهـانـی خــانووە نەناسـراوەکــان بـووبوو. زەمــانێـک بوو کـۆمـیـتـەی هـاوبەشی دژ بە تیـرۆریـست بەدوایدا دەگـەڕاو دەیـویست شـوێن پای هـەڵگرێت. سـاواک یەشـتـا ئاگاداری گـەڕانـەوەی یاسـەمین نەبووبـوو، بۆ خـۆیشـی پارێزی لە دەرکـەوتن و هـاتوچـۆی ئەو شـوێن و جێگانەی دەکرد ناسـراوی تیادابا. سـۆز و سـۆیی دەروونیی پڕ لـە گڕو گڵـپەی جار جار ئارام و ئۆقرەیـی لێ دەبڕی و ناڵەو نزای کۆنە عیشق و یار تۆراویی دوور و نزیک دەگەیشتە کەهکەشان و بەدوایدا ئەستێرە بە ئەستێرە دەگەڕا. ئەو دەیزانـی عشقەکەی سنگ بە چۆکەو لە پەی و بواری دونیـای عشـقدا بـێ بەر و نەزۆکـەو عـشـقـەکـەی نیشـتـەجـێی ئەسـتێـرەیەکە لە کۆمەڵگایـە هەزاران ساڵی تیشکی دوورەو بەزیوە. تا ئەو حــەلە هەرچی دیوە سـەرەتای یەکـەمین هەوارگـەی ئێش و ژان و دەرد و ئۆفـە کە بیری لـە ئاکام و سـەرئەنجامی خـۆی و عـشـقـەکـەی دەکردەوە، ڕهێـڵەو تۆفی ناخی بـرژاوی دەکـردە قین و تۆڵە دەرحـەق بە دەوڵەتی شـاهـەنشـاهـی حـەمەڕەزاشـاو سـاواک و تەواوی ئەوانەی سـەر

بە دەوڵەت و ڕژێم بوون.

یاسەمین عابا بەسەر، مەلا بانگدان لە ماڵ وەدەرچووبوو. بە پارێزەوە ناهید و بەهمەن هەریەکە بەتەنیا بەدوویدا وە دەرکەوتبوون.

لە چوارڕیانی عەباس ئابادا فەرەیدوون ماشێنی ڕاگرت و یاسەمین وەسەرکەوت و لە مێژدا بەهمەن ناهیدی سوارکردبوو. لە دەوروبەری کووچەو کۆلانیکدا ماشینەکەیان ڕاگرت و کەوتنە چاودێری خانوویەکی تایبەتەوە. زۆری نەخایاند ماشینێک لە خانووی نیشانکراو هاتە دەرەوە. ناهید لە دوورەوە چاودێریی دەوروبەری دەکرد. فەرەیدوون و یاسەمین و بەهمەن پێشیان لە ماشین گرت و بێ یەک و دوو ڕیزی کلاشینکۆفیان دەست پێکرد. دەرو شووشەو لا و تەنیشتی ماشین گوللە کردیە بێژنگ، ئەوەندە ژاژۆریان پیا کرد.

فەرەیدوون نەڕاندی:

- زووکەن بڕۆین.

یاسەمین بێ دەربەست لە تێخوڕینی فەرەیدوون، لە ماشین نزیک بوویەوە دوا گوللەی نا بە سەری یەکێکیانەوە کە گەورەکەیان بوو. ئازا دوور کەوتنەوە. ئێوارە ڕۆژنامەکان بە مانشێتی گەورە گەورەوە هێنرانە بازاڕەوە، ڕۆژنامە فرۆشان بە شەقامدا ڕایان دەکردو دەیانقیڕاند:

- سەرتیپ زەندی پوور لەلایەن تیرۆریستانەوە کوژرا. سەرۆکی کۆمیتەی هاوبەشی دژ بە تیرۆریست لەبەر دەرگای ماڵەکەیدا لەگەڵ لێخوڕەکەیدا تیرۆر کران. کوڕەکەی لە مەرگی سەد لە سەد ڕزگاری بوو.

٨٢

«ئەگەر لە ئەوپەڕی شادی و بەختەوەرییەکانا بتوانی نزا و ناڵەی ڕۆحی ماندوو و مەلوولت بێتە گوێ و گوێی لێی بگری، ئەگەر بێدەربەست لە هەراو هەڵپەی زەمان بەرانبەر بە ئارەزوو، هەوەسە هەرزانەکان هەسویاوی و دەستەپاچەگیت هەست پێ کردوو بێت، ڕۆحی من سەوداگەری ئەبەدییەتە. ئەگەر هەستت کرد ڕۆحی سەرگەردانت لە بازاڕی هەوەسەکانا برسیتر لە هەمیشە لۆژ لۆژێک دەگەڕێتەوە، بزانە گومبووی نێو چوارتەنشت و چوارڕیانەکانی و بەدوای بزنەڕێدا دەگەڕێیت تا دەست لە ئاسوودەگی گیرکەیت.

ئاوڕ بدەوە، بەربلاوتر تێفکریە، خەڵەفاوی حەزە زوو گوزەرەکان مەبە ملکەچی هەوەسی تەوحی خۆ پەرستی و هاواری هەی من هەی من لە خۆت دوورخەرەوە. پەنجە لە ڕۆشنایی گیرکەو سەری تەسلیم بۆ غەمەکان دامەنوێنەوە غەم فریات ناکەوێ ژیان و زیندەگی هانە بۆ خولقاندن... ئەگەر ئەوانەی وتمان بکرێت، بزانە لە خەڵوەتگای ژانا لە میحرابی وجودا بێ ئەوەی دەعوەتنامەت پێبگا سەرین نشینی کۆڕی عوشاقانیت. لەوێڕا چاو دادەخەیت و دووبارە دادەخزیەیتە نێو دامێنی زیندەگییەوە و نم نم کانیاوی چاکەکان ئاونگی حەقیقەت دەکەوێتە سەر زارت. دامێنی تەواجودی زات بە ئاوی وژدان و حەیات دەشۆرێتەوە، لێیان گەڕێ و بیان بەخشە. تۆ لەوان بەرز و بوڵەندتر و خاوێنتری. خاوێنی تیشکی خوایە، بەشێکە لە خودی خوا. ئامان

توخنی نەشیاوەکان مەکەوە. ئەو دەمەیە زستانی بێ هەتاو و سەرما و سۆڵە و بەستەڵەک دەروونت دەمەیەنێت و دەرچێت و دەرچێت لێگەڕێ با سەگ ئاسا با زمانت بگاتە زامەکانت. دڵنیا بە زمان گەیشتە زام، زۆر ناخـایەنێت سـارێژ دەبنەوە. پێت وا نییـە کـاتی ئەوە هـاتبێت شیعرەکانت لە دیوانێکدا بە چاپ بگەیەنێت...؟

لیلی بە زمان لێوانی تەڕ کرد و غەمگینانە سەری بە نیشانەی نا سەر و خوار کرد و نەرم نەرمیش بە پەنجەی دۆشاو مژەی دەیدا بە سەر کەمەی مۆبلەکەدا.

فەلامەرز لە کاتێکدا بەرەو لای دەستگای تەلیفۆنەکە دەڕۆیشت بەدەم ڕێوە و ڕۆیشتنەوە بێ ئەوەی لابەلای لیلیوە کا وتی:

– ئەوی ڕاستی بێت ئەو شیعرانەی وا لە چاپ دەدرێن چ وەک دیوان یا لە گۆڤارەکاندا ناگەنە پای هەڵبەستەکانی تۆدا. فەلامەرز بە ژمارە وەرگرتنەوە خەریک بوو. لیلی وەڵامی دایەوە:

– فەلامەرز خان! لە کویەی کاری؟ من هیچم نەکردووە، بڕێک تۆمەتی نارەوام پیادەکەن و سەدان بەن و باوم بۆ دەسازێن هەتاوەکو بە چەپگەرایی و مافی مرۆڤ و گۆڕانکاریی ئەمڕۆیانە و چوزانم پێکهێنانی ئارام و سکەخشکە و سەرئەنجام داڵدەی چەپگەرایان و عاشق بوونیان...

فەلامەرز دەستەی تەلیفۆنەکەی داخست و ئارام ئارام گەڕایەوە سەر جێگەکەی خۆی و لەسەرخۆ وتی:

– یانی مەبەستیان منە؟

– کەسێکی دی شک دەبەی من عاشقی بووبم؟

– نا، بەس ئەمە لە ڕاستییەوە دوورە.

- دوور بێت یا نزیک قسەیە و دەکرێت. من ئەمە لە خۆمەوە ناڵێم. تیمسار ئەسیری ماوەیەک لەمەوبەر چووەتە لای ئاغای عەلەم و سکاڵای خۆی لە دەستی من و ڕەزاخانی قوتبیی کردووە گوایە هەرچی توودەیی و چەپگەراو کۆنفدراسیۆنی هەیە لە دەستگای تەلەفزیۆن و پەروەردەی منداڵاندا کۆمان کردووەتەوە. من بەوەشەوە ڕانەوەستاوم کۆنە چەپگەرایەکم هەڵبژاردووە و لەگەڵیا دەژیم، کە حەزرەتی عالی بێت.

- یانی من چەپگەرام؟

- ئەوسا، نەک ئێستا. گوایە کە لە کۆلێژدا هاودەم و هاوکاری قوتابییە چەپگەراکان بوویت.

- هاودەم، ڕەنگە. بەڵام هاوکار خەیر. بۆخۆت دەزانی ژیانی قوتابییان لە کۆلێژدا ژیانێکی بە کۆمەڵ و تێکڕاییە.

- گوێی مەدەرێ. بە منیش وایان دەوت، هەتاوەکو بە خودی شابانویشیان وتووە کە لە پاریسدا کاتێک قوتابی بووە دژ بە سەڵتەنەت جووڵاوەتەوە.

بۆ ئاگاداریت ئاغای عەلەم ئەم باسەی بە عەرزی عەلا حەزرەتی گەیاندووە.

- چی فەرمووە؟

- نە بە باش و نە بەخراو وەڵامی نەداوەتەوە. خۆمانین هەم من و هەم جەوادی و هەم قوتبی و هەم نەهاوەندی لەگەڵ شابانودا لەم ڕووەوە زۆر دواوین و شابانویش لەسەر ئەو باوەڕەیە دەبێت گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە ڕەوشت و مامەڵەکردنی دەوڵەت لەگەڵ خەڵک و خواو گرفتارییەکاندا بکا؛ ئەگینا دەشێوێت.

– من لە سیاسەتدا هەرِ لە برِ ناکەمەوە. بەڵام ئەوەم لا مەعلوومە شابانو چوار چمکی خزمەتی لێ کردووە بە دارا ئازانە بەرەو سازندەگییەکی زۆرتر و بەربڵاوتر دەڕوا. ئەمە قسەی تەنها من نییە خەڵکەکە وا دەڵێن.

– تەواوی گرفتاری و نارەزایەتی خەڵکە زۆرەکە هۆکەی چەند کەرکەدەنێکن. سەیر لەوەدایە دەستبەردارنین و لەسەر ماڵیان دەڕۆن و عورف و ئاداب و نەریت و مێژووی ئێرانیان کردووەتە پرد و سەدان ساڵە بە سەریا دەڕۆن. لایان وایە میللەتانی دی دۆمەڵان ئاسا ژیاون و نە ڕیشوویان هەیە و نە ڕابوردوو؛ ئەمانە دەبێت دوور بخرێنەوە. کورە هەتاوەکو فیستیڤاڵی هونەریی شیرازیان کردووەتە گۆبەنێکی گەورە.

– جا شابانو لەسەر ئەو باوەڕەیە کە گۆڕانکاری ئەنجام درێت؟

– نەک تەنها لەسەر ئەو باوەڕە بێت، بەڵکو تا ڕادەیەک عەلاحەزرەتیشی نەرم و ڕازی کردووە. شتێکە شاهەنشا فەرموویەتی کەم کەم. خەڵکە زۆرەکە نەخوێندەوارن و بەرگەی گۆڕانکاری کوت و پڕی ناگرن و دەیکەنە بەلبەشو.

– من لام وایە شاهەنشا لە ڕووی لێزانی و کارامەییەوە وا دەفەرمووێت. زۆری ماوە بگاتە ئەو جۆرە گۆڕانکارییانە.

– نەخێر، زۆریش درەنگە. ئێمە سوورین لەسەر نەمان و توانەوەی دەستگای ساواک و دوورخستنەوەی دز و دەخەڵ و مارخۆرەکان.

– ئێ ئێستا منیش بوومە چەپگەرا و ناباب؟

– ناوی تۆ هێنان، مەبەستیان منە. منیش دەزانم چۆن دار دەدەم بە ڕۆحیاند. تا شابانوم هەبێت بە قەرانێک نایانکرِم و... ترسیشم لێیان

نیـیـە. لـە بیـرم نەبـوو... دوێنـێ باسـی تەڵاق وەرگـرتنم لەگـەڵ شـابانودا کردەوە.

- ئێ... چی فەرمووی؟

- قاقـا پێکەنـی و بەدەم پێکەنینەوە وتـی: جا ئـەو داماوە چ ڕێگەیەکی لە تۆ گرتووە؟ مەگەر خەیاڵێکی دیت لەسەردا بێت. منیش لەژێر لێوەوە وەڵامیم دایەوە چیت عەرزکەم؟

فەرمووی... دەتەوێ شووی پێ بکەی؟

وەڵامم دایەوە: دەمــەوێ دامــەزرێم و ئـارام گـرم. باوەڕ بکە ئـەوەندە پێکـەنی منیـشـی هێنایـە پێکەنین لـە دواییـدا فـەرمـووی مـەیلی خـۆتە، بەڵام ساڵ و جیاوازی نێوان تەمەنتان لەبیر مەکە و بە گاڵتەی مەگرە، تۆ چی دەڵێیت؟

- دەربارەی چی؟

- وەک شابانو فەرمووی، تەمەن.

- پێت وا نییە لەم ڕووەوە زۆر دواوین، نەدواوین؟

- دواوین وەلـی نیــازمــان هـەڵســەنگاندنێکی زۆرتر و لێــدوانێکی چڕوپڕتر هەیە. پیریمان لە ڕێگەدایە، پیری. نەتبیستووە دەڵێن پیری و هەزار عەیب. ئەو دەم چی؟

- ئەمنیش پیر دەبم. لەوانە گەڕێ ئەو نانە نانە ئەمڕۆ لە خوانە. وای بۆ مەچۆ.

- بچـین و نەچین زەمــان بۆ خــۆی ڕۆیشــتــووە و شــوێن پاشـی لە ڕوخسار و کردار و گفتار و ڕەفتارماندا هوەیدا و نمایانە، مەگەر نا؟

## ٨٣

هەرچی قورسایی لەش و بیر و ئەندێشەم هەیە پەڕ ئاسا لە ئاسمانی بێ بن و بێخدا لە فڕینایە و بە تیژی تیشک ئەم ئاسمان بۆ ئەو ئاسمان دەروونم دڵنیایە پاڵی داوەتە دیواری باوەڕەوە، گەڕاومەتەوە بەخۆدا وەک گەڕانەوە لە گەشتێکی چەندین ساڵەی پڕ لە دەربەدەری و ئاوارەگی و کوێرەوەری. تەنها خورپەیەک بە دڵما دێ و دەڕوا و بێ بەڵگە و چوونە دوودڵی و دوور لە یەقین بوونە. خۆزگە دەمزانی داهاتوو چی بۆم ناوەتەوە لە کام تل و دەوەن پام هەڵدەکەوێ و گیرۆدەی داو و تۆڕیی خۆم دەبم؟

عەجەو وازی و یارییەکە تێی تلاوم. لەم ڕێگوزەرانەدا هەر کڵاوە با بردوویەتی و پێم سەیرە چۆن ماوم تا بگاتە کڵاوم. قەینا هۆکارە و چەشەی زەمان و دووبارە بوونەوە و تاقیکردنەوە و ململان و ئومێد و سەرئەنجام عشقم. ئەوانە هەموو بەلایەک ، ترسەکان هانم دەدەن و جەسوورانە دەنیشنە ملم. لایان وایە سبەی کەنارگیر و گۆشە هەڵبژێرم و خام و شلم. من هەرگیز بە هەمە و نیمەوە خۆم خەریک نەکردووە لە بنەڕەتدا هەر بیرم لێی نەکردۆتەوە. بۆ من بەو ئەندازەیە چێژ لە ململانە و تەقالاکە دەبم، خودی سەرکەوتنم بەلاوە پێنجەم و دوا قۆناغە. ئەو ناهەموارییانەی دەیبینم، ئەو پێچ و پەنایانەی پیادەڕۆم دەبنە هان و دەروونم زاخاو و تیغی دەستم دەمەزەرد دەکەنەوە. لام خۆشە تێم بگەیت و پێم بگەیت.

با ڕاستگۆ بم لەگەڵتا تۆم خۆش دەوێ، ئا. من و تۆ توخماتی کێڵگەی حەرامین. هەیکەل و وجودم پڕە لە زام. لە چوار دیواری ئێمەدا جەبری زەمان هاوارەکانی خنکاندووە. خەڵکەکەش بۆ خۆیان کوێرن و کەڕن. وایان لا چاکە وا بن؛ ئەمما من تاڵی چێژم، ژان ژمێرم. ئەم نامەم تا ئەیرا بەسە و سبەی دووبارە لەگەڵتا دەکەومەوە ڕاز و نیاز.

شیرین قەڵەمەکەی تووڕدایە لاوە، دەست بە ئەژنۆ ڕوو بە پەنجەرە بازوانی بەسەر ئەژنۆیەوە کردە سەرینی سەر و ڕوخساری. غەمزەدانە دەینواڕییە ئەودیوی پەنجەرەکەدا. دەیزانی لە ماڵێکدا دەژی جگە لە خوێشاوەندی خوێنی هەست بە هیچ جۆرە پێوەندییەک لە نێوان خێزان و دەوروبەریدا ناکا. پەیوەستە چاوی بڕیوەتە دوور و دەستی بەسەر سنگییەوەیە وەک وابێت بەری خوێن ڕێژی برینێک بگرێ و چاوەڕوانی گەیشتنی دەوا و دەرمان و دکتۆر بێت، تەنها دیمەنی دایکی بیر و خەیاڵی پچڕ پچڕ دەکرد و دڵ و دەروونی ونجڕ ونجڕ و بەسەزمانانە دەینواڕییە لێوە لەرەو گیان گیانی دایکیدا و لە دڵا دەیوت: بێ چارە دایکە غەمزەدەکەم دایکە بەخشندەکەم خۆ باوکی... بە چوارلادا تەپوتۆز و... هەی من هەی دەوڵەتی چەند گووریس بەولاترەوە دەبیسرا. فەرهادی گیرۆدەی هیرۆئین و هەوەسی نەنگین و خاو و خلیچکی و دزی و دەخەڵی نێو ماڵ و زێڕ و زیوەر و خرخاڵی دایکی و لۆژ لۆژگەڕان و بێ کارەیی و بێ هوودەگی. شەهبازی شێت و وێتی پەلوپۆ قرتاوی بە هەوەسی تەواوی شەهوەتاوی، وەک دەرد و ژان و ئافەتێکی ڕۆژانەی پڕ لە ناسۆری ناتەواوییەکی زکماکی تەمەڵ و بنەڕەتی ژیانیانی هاڕابووە سەریەکدا و تێکڕا پێکەوە دوور لەیەک دەژیان. بۆڕە بۆڕی شەهباز چواردیواری پڕ کرد و ئەی خوا مەرگ و

مەرگ لە گوێی دایکی تێکەڵی بۆڕە و نەڕەو هاواری شەهباز بووبوو. ئەو بەزمە ڕۆژانەیە بیر و ئەندێشەی «شیرین»ی خستبووە خانەی بەربەرەکانێ و ململان و بە دوای تاوانبارێکدا دەگەڕا تا ڕق و کینەی دڵی خۆی پیا بڕژێنێت. هەرچی دەگەڕا و قوژبنەکانی لە یەکدانەوەی دەپشکنی، نەدەگەیشتە ئاکامێکی ڕەزامەند و دڵنیا و پەسەند. وەک ماری پێشێلکراو بە دەوری خۆیدا لوولی دەخوارد و پێچی دەدا و سەری تەسلیمی دانەدەنواندەوە و بێ دەربەستانە نفرینی ڕابوردوو نارەوایی و ڕێکەوت و سروشت و ناعەدالەتی دەکرد. لەبەر خۆیەوە وتی: تەقدیر، کام تەقدیر؟ بە شەرمەوە دەستە لەرزۆکەکانی بردەوە بۆ پێنووسەکە و دەفتەری یاداشتەکانی دووبارە خستە سەر ئەژنۆی و نووسینی دەست پێکردەوە.

تۆ هەقتە کەنارم لێ گریت و بەڕێزەوە تێم نەنوارِی و بە خۆشەویستم نەزانی و... من بەری داری زەقنەبووتم. ئاشوفتە و پەرێشان و پەرپووتم جوزەی نەمامی ڕواوی نێو جەنگەڵی غەمستانم. من کاکڵەی ژانم.

لە ئاژەی ئێمەدا ئەوی ڕەنگە ، تێکڕا بە ڕەش دەبینرێت. تەرازوو لارە سەنگە، ئێمە هەموومان گشت. نفرین کراوین نفرینی خوا، نفرینی ڕێکەوت، نفرینی سروشت. هەرچی ناو دەنێی ئەوەسا یەک و دوو شەش و حەوت دەبیژێرین. هەریەکەمان بە جۆرێک دوور و نزیک بەرەو ڕێکەوت ، بەرەو هەوارگەی بڕیار پەیکی خەیاڵ دەنێرین. پاش ماوەی ڕاوین، چوزانم دۆڕاوین، نفرین کراوین. ئا، باوەڕ بکە ئازار نییە بگاتە ژیان لەگەڵ گیانلەبەرێکی ڕێک نەخوڵقاوی ، بێ تاوانی وەک شابازی براما.

ڕامینی ئازیز!

لە مێژا وتم هیچت لێ ناشارمەوە. تۆ تەنها پەنجەرەی قەڵای بێ دەر و دەروازەی دڵ و ئەندێشەمی. ئاسوودەگیم لەوەدایە خەونەکانیشم بگێڕمەوە تۆی هاوڕاز و هاودەم و هاونیاز، بڕیارم دابوو سبەی لەگەڵتا بکەومەوە گفتوگۆوە؛ بەڵام پۆڕە و گریان و ناڵەی ئەمڕۆی شەهباز و ڕۆڵە ڕۆ ڕۆڵە ڕۆی دایکم ئارامی لێ بڕیم و ئۆقرەی بۆ نەهێلام. ئێمە، یانی من و فەرهادی برام و باوکم لە ناڵە و نرکەی شەهباز خۆمان کەڕ کردووەو تەواوی بەدبەختی و کوێرەوەرییەکانمان وەک هەمیشە هەواڵەی دایکمان کردووە. نازانم چۆنت بۆ باس بکەم و چۆن چۆنین بۆت ڕوون کەمەوە. کاتێک دەڵێم «شەهبازی ناتەواوی شەهوەتاوی» بیرت بەرەو دونیا و سەودای جۆراوجۆری دی دەڕوا بەڵام دەردی شەهباز و گرفتاری ئێمە شتێکی دییە. شەهباز زگماک بێ دەست و بازوو هاتە دونیاوە و وردە وردەش بۆمان دەرکەوت عەقڵ و هۆشیشی ناتەواوە. تا منداڵ بوو بە گرفتارییەکانییەوە ڕاهاتبووین گرفتاری منداڵانە. دەمانتوانی بەری چوونەدەرەوەی لێ گرین و بیلاوێنینەوە. ئیدی گەورە و گەورەتر بوو گرفتارییەکانیشی لەگەڵا گەورەتر و بەربڵاوتر بووە. لە فرسەتێکدا بۆی هەڵکەوتبا فرتەی لێ دەکرد و لە ماڵ وەدەر دەچوو. لە کۆڵانانا منداڵان و مێرد منداڵانی لێ گلێر دەبوویەوە گۆرانییان بۆ دەوت و ئەویش مەیموون ئاسا بۆیان هەڵەپەڕی. ئێستا وا گەورە بووە ئەو خوانەناسانە فێری هەزار فیعلی ناجۆریان کردووە. دەیهێننە سەر هەوەس و یاری بەناوگەڵی دەکەن و فێرە دەستپەڕیان کردووە کە هەوەسی دەجووڵێتەوە و نازانێت دەری بڕێت و ناتوانێت بگاتە مەرام، ناڵە و نرکە و گریان و بووڕەی لێ

هەڵدەستێت. سەرەتا نەماندەزانی ئەو هەراو بەزمەی لە چییە... تا دەر و دراوسێ پێیان ڕاگەیاندین. کارەسات لەیرەدا نەبڕاوەتەوە، بەدبەختییەکەی ئێمە ڕۆژانەیە ئەوسا لەم کاتەدا دایکم بە دەم گریان و ڕۆڵە ڕۆوە یاری بەناوگەڵی شەهباز دەکا تا ژانی هەوەسی دامرکێنێتەوە و لە بۆڕە بۆڕ کەوێت. دوو شت لە ژیانی شەهبازی لای ئێمەدا گرنگ بوو ساتێک دەستبەرداری نابێت خواردن و شەهوەتە. تەنها وشەیەک بزانێ و بتوانێت گوێی کا و بیڵێتەوە «ئەخۆم» و بەس.

ڕامێنی ئازیز!

بڵێم زیندەگیمان زەمهەریرستانە، باوەڕ بکە. من خۆم بە پرزوولێک لە تەقینەوەیەکی ڕەش داگەڕاوی بێ ڕۆشنایی دەزانم. ئەوی توانای بزە و کەنین و بەهار و گوڵچنین بێت لە ناخما مردووە. هاوارەکانم لە قورگی یاخیبوونا گیریی کردووە. دێوانە ئاسا وێڵ و سەرگەردانم، کلیلی مەتەڵی هەڵنەهێنراوم لە سکی ماسی و نەهەنگ دایە و دەریا بە دەریا سەرگەردانە. ڤاسا لەهەر کوێ بێت، دەساگیرسێی بە گڕ و گڵپەی موحەبەتم کردووەتە ڕێنما و بە کوێرەڕێی نێو هەڵدێرگای دژوارا ڕێچکەی بێ پشت و پەنایم کردووەتە بەرو توێ. تەنها ترووسکەی شەوەزەنگی ژیانم و هاندەری هەنگاو و ئیلهامم جارەوباریش دەکەومە سەرزەنشتی خۆمەوە. «ئەوە تەماحێکی زۆرە» خۆم دەلاوێنمەوە «خەون مافی ڕەوای هەمووانە، وا نا...؟».

ئەی ئەی خۆمە لیلی دەگری. یەکەمین جارە فرمێسک بە چاوانتەوە دەبینم. چ خەوەرە؟ چ قەوماوە؟ چاوە جوانەکانت فرمێسکاوی دەبینم،

– هیچ، هەروا دڵم تەنگە.

– لی لی ئازیزی من لە خۆڕا ناگری، لێم مەشارەوە.

– نا، بە گیانی تۆ هیچت لێ ناشارمەوە. تەنها ئەوە نەبێت ترسم لێ نیشتووە، ترس.

– ترس؟

لیلی هۆن هۆن فرمێسک بە چاویدا دەهاتە خوارەوە، دووسێ جار سەری لەرزاندەوە.

– ئاخر دەبێت شتێک ڕوویدابێت وا ترست لێ نیشتووە؟

– دوێنێ یەکێک لە پیاو ماقووڵانی ساواک هاتە لام و باسی یاسەمینی بۆ کردم.

– کێیە؟

– یاسەمین، ئا یاسەمین ئەوسای لای تۆ. فەلامەرز یەکسەر بیری چەرخایەوە لای برادەران و کارو باریانەوە. دووسێ پەنجەی تەقاند و وتی:

– یاسەمینی لای من و ئەوسا و چیتر؟ بۆچی گەڕاوەتەوە؟

– خۆ کوشتنی تیمسار زەندی پوورت بیستووە؟

- ڕۆژنامەکان بە درێژی نووسیبوویان.

- ئەوەشیان نووسیبوو یەکێکیان ئافرەت بووە و ئەو دوافیشەکی ناوەتە کەللەی زەندی پوورەوە.

فەلامەرز تۆزێک تێڕاماوە ئینجا دووسێ جار لە سەریەکە وتی: ئا... ئا... لە بیرمە. مەگەر چۆن؟

- ئەو ئافرەتە یاسەمین بووە.

- کە... ئاوا... تێفکرانە لێوی هەڵقورتاند و لە لیلی نزیک بوویەوە و بە پشتی دەستی نەرم نەرم هێنایە ڕوومەتی لیلیدا و وتی:

- جا تۆ بۆ دەترسی؟ ترسەکەت لە جێگەی خۆیدا نییەو بێ خودە. ئەوە بە من چی؟

- لات وایە؟

- سەد لە سەد. چەندین ساڵ لەمەوبەر لە کۆلێژدا پێکەوە بووین و ڕەنگە حەزمان لەیەک کردبێت. ئەگەر حەزو عشقەکەمان پایەدار بوایە خۆ دەبووینە ژن و مێرد، نەدەبووین؟

- دەبوون. ئایا ئەمە بەلای ساواکەوە دەخوات؟

- ساواک بیەوێ بیتاشێت، دەیتاشێت. ڕەنگە لە نێو هاودەورەکەی مندا چەندین تیرۆریست و پیاوکوژ و هیرۆئین فرۆشیشی تیا بووبێت ئەوانە بە من چی؟ دەکرێ منی لەسەر بگرن؟

- گوێت لێم بێت. تۆ بەچاکی دەزانی ساتێک بێ تۆ ئارام و ئۆقرە ناگرم. سەرتاسەری ژیانم خستووەتە ئۆغرەوە. ئەگەر دەزانی بە شێوەیەک لە شێوەکان تووشی گرفتاری و گیروگرفت دەبیت بۆی دەرچۆ و لەم وڵاتەدا مەمێنەوە. من دەردی خۆم دەواو دەرمان دەکەم...

زمانم بگاتە زامم چاک دەبمەوە، تۆ بگرن ئاگا...

– بەم ئاسانییە دەتەوێ دەستم پێوە نەیت؟ لیلی تا ئەو دەمە چوارمشقی لەنێو مۆبلێکدا دانیشتبوو هەڵسایە سەرپاو باوەشی بەفەلامەرزدا کرد و سەر و ڕوخساری چەسپاندە سنگییەوە و لەسەرخۆ وتی:

– هەرگیز وا نەترساوم. نازانم بۆ وا تووشی ئەم ترس و تۆقیانە هاتووم. ڕاست دەکەی بێ خودە و لە خۆڕا نیگەرانم، ئەم هات و هوتێی جەماعەتی ساواکە مەبەستیان منم، نەک تۆ. تا ئێستا دەرەقەتم نەهاتوون و (سەری بەرەو پاپووچەکانی ئاماژە کرد) بەو سولانەم نەزانیون. هێز و توانای من بە شابانووەیە. ئەوڕۆکە ئەو هێز و توانایەکی بێ سنوورە. ئەگەر بڵێم لە خودی شایش بەدەسەلاتترە، درۆم نەکردووە. شتێکە درم و دەردی من دەواو دەرمانی لای تۆیە ، ئەوانیش پەییان بەمە بردووە و دەکۆشن پەنجە بخەنە سەر خاڵی لاوازی و زەبوونیم... پیاوی چاک بە، ئەگەر شتێک لە خۆدا شک دەبەی بۆی دەرچۆ بۆ ئەو ئەوروپایە. من بە ئاسانی خۆمت پێ دەگەیەنم...

– با ڕاستگۆبم لەگەڵتا. لە سەرەتاوە سەرسەری و ڕووکەشانە دەمنواڕییە پێوەندیی نێوانماندا و لام وابوو یەکێکە لەو پێوەندییانەی نێوان ژن و پیاوێک و پێخەف و ڕۆژگار ئازا ڕیشووی لەبن دێنێ و دەبڕێتەوە، کەچی بە پێچەوانەوە ئەمڕۆم لا لە دوێنێ لەزەت بەخشتر و پڕ سەوداو جووڵانەوە ترە. زۆرم بیستووە کە گوایە عشق و عەلاقەی من و تۆ لەسەر بناغە و تەمەڵی بەرژەوەندی هەیە و هانیەی کورتە زەمان و شەهوەت و خۆنوان دامەزراوە. هەتا وەکو دایکم چەندین جار یەخەی پێگرتووم: ئەرێ ڕۆڵە بەس نەبوو؟ زۆری دیکەیش وەک دایکم

تێدەفکراو تێدەفکرێت و بەسەرسامییەوە دەنوارِنە چۆنیەتی پێوەندیی نێوانمانا. ئەوسا بۆ «ساواک»یش بووەتە مەسەلە و بە دوای بچووکترین مەسەلەماندا ڕێچکەمان هەڵدەگرن و بە دوای بەڵگەدا دەگەڕێن. ئەمن بە دووری نازانم ئێستا یان بۆ لەمەولا تەلیفۆنەکانمان بخەنە ژێر چاودێری و ڕەنگە لە پێچ و پەنای ماڵەکەماندا دەنگەوەرەی وردیلانەمان بۆ داڕێژن.

– وای بۆ دەڕۆیت؟

– وەک بۆ خۆت دەڵێیت و خەڵکیش پێی وایە ساواک ئامانی نییە.

– ئامانیان نییە. ئا، نیانە. بەس لەوەی دڵنیا بە پێمان ناوێرن.

– بە تۆ نا، بە من دەوێرن.

– لە خۆڕا و هەروا؟

– بیانەوێ، ئا. سەدان تیرۆریستیان لا بەند و دەست بەسەرە. وا دوانیان ناچار کرد و ناوی منیان پێ هێنا، ئەو دەمە چی؟

لیلی لێوی سەرەوەی هاتبووە لەرزین و بە پەلە ڕۆیشتە لای پەنجەرەکەوە و سەرسامانە تێدەفکرا. قەلەڕەشێک بەسەر پۆپەی درەختی نێو باخچەکەوە پەیتا پەیتا دەیقریواند فەلامەرز هاتە لای لیلییەوە لە پشتەوە باوەشی پیا کرد و سەری لار کردەوە. لای سەریەوە دڵۆپی فرمێسکی لیلی یەک دووانێکی کەوتە سەر دەست و بازووی. بە توندی وەری چەرخاندە لای خۆیەوە، چاوانی لیلی تەڕی فرمێسک بوو بوو. بەرەهەنسکی دەدا.

– ئەوە دەڵێی دەگریت.

لی لی وەک منداڵێک دایکی دۆزیبێتەوە سەری لە نێو سنگی

فەلامەرزدا نووقم کردبوو، پچڕ پچڕ دەیوت:

– هـ... هـ... هـەرگـــیـــز... وا نەترســـاوم. نازانم بـۆ... بۆ وا تـرسم لـێ نیشتووە...؟

فــەلامــەرز ئارام و لەســەرخــۆ یەک دوو جــارێک لیلی ڕاوەشــاند و دڵنیایانە وتی:

– ئەی... ئەی... ئەی... ئەوە بۆ وادەکەی؟ بۆ وا دەڕۆیتە پیری غـەم و ڕووداو. هیچ نەقەوماوە، قەوماوە؟

– دەترسم بقەومێت و تۆم لێ دوورخەنەوە.

– تۆ شـتـێکت بیسـتـووە و بە من ناڵێی. ئەگینا ئەم نـاڕەحـەتی و نیگەرانییەی پێ ناوێ، پێی دەوێ؟

– ئا پێی دەوێ... نیگەرانیی «عاشق» لە خۆڕا نییە و هەستێکی بەرز و باڵایە بە ئاسانی هەست بە مەترسی و پێبینی دەکا.

– لەم قسانە گەڕێ. وا بڕوا دەبیتە فاڵگیر.

پێش خـزمـەت ڕۆژنامـەی کـەیهـان و ئیتـیلاعـاتی خسـتبـووە سـەر سینییەکەوەوە و لەسەر مێزی هۆڵەکەی دانا...

خـانووبەرەکـەی لیلی بە شـێوەیەکی مـۆدرێن ڕازابوویەوە لە گـەڕەکی ساحیب قەرانیدا بەسەر بەرزاییەکەوە دەینواڕییە شاری تارانا. دوای ئەوەی مێردەکەی لیلی جوێ بووبوویەوە و فەلامەرز لە هەفتەیەکدا سێ چوار شەوێک لەوێڕا دەخـەوت. لیلی دامرکابوویەوە... فەلامـەرز ڕۆژنامە بە دەست پێچی تەلەفزیۆنی چەرخاند و خستیە گەڕ. هەواڵی دا ئەمڕۆ ســەر لە بەیانـی دوو تیـرۆریست مــاشـینێکی گـەشـتی پۆلیـسـیـان گوللەباران کرد و ئەفسەرێک و دوو پۆلیسیان کوشت و بە ماشینێکی

پەیکانی ئالوبالویی دوور کەوتنەوە، یەکێک لە تیرۆریستەکان ئافرەت بووە.

هەروەها لەم ڕووانەوە دوێنێ چەند سەد قوتابی زانکۆی تەوریز خۆپیشاندانێکی پڕ لە کێشە و توندوتیژیان ئەنجام داوە. بوون بە مایەی ئازار و ئەزیەت و زەرەرو زیانێکی زۆری خەڵکی.

دونیا گـەلێک گۆڕاوە. لە هەمـوو بارودۆخێکەوە وەک ئەوسـا نەمـاوە و پەیوەسـتـەش لە گـۆڕانـدایە. بەندە ئەم کـۆبوونەوەیـە بە هەل دەزانـم و ڕاسـتـەوخـۆ دەڕۆمـە نێـو چەقی باسـەکـەم و دەمـەوێ باسـی مێـژووی مـرۆڤـایەتیـتـان بۆ بکەم. بێگومـان باس بەو بەربڵاوییـە لـە کـێـشـی دانیشـتنێک و دووان و سیـاندا نییـە. لەو لایەنی دەدوێم کە پێوەندی بە ملمـلانـی ئێـمـەوەیە. ئەوسـا بێدەنگ و بێڕەنگ مێرووله ئاسا دەمانیـان پلیشـاندەوەو دەنگمـان نەدەگـەیشـتـە هیچ جێگەو شـوێنێک و هـاوار و نزاو نـاڵەمـان لە سـارداوەکـانی دەسـتـگای سـاوکـدا بە هـیـچ کـوێ نەدەگەیشت، دونیامان لێوە کەڕبوو. جیهانمان لێ گۆڕاوە، دەڵێم دونیا گۆڕاوەو پەیوەستەش لە گۆڕانکاریدایە. دڵنیـابن لەوەی ئەگەرچی تا بە ئەورۆ هەنگاوەکـان ئارام و لەسـەرخـۆ بووە، لەم سـاڵانی دواییـیـەدا هەنگاوەکان بڕێک بەربڵاوتر و سـازندەتر و ئاشـناتر و ڕۆشناتر نراون. ئەمـەش مـایەی خـۆشـبـەختیی ئێمـەیەو هـەروەها تەواوی تێکۆشـەرانی جیـهان، هەمـووتان دەزانن مرۆڤ و مرۆڤایەتی لە بن بەست و قووڵایی مێژوو شـپرزانە بێ پشت و پەنا وەحشـییانە سـەری وەدەر هێناوە. لە برسـا ئـەوی وەچنگی کـەوتووە، خـواردوویەتی. لە ترسـا ئـەوی لە خـۆی بەهـێـزترو سـەرسـوڕێنەر بووە، پەرسـتـوویەتـی. لەگـەڵ ئـەوانەدا دانەکەوتووەو لە ململانێی ژیان و مـەرگدا گـاجووت ئاسـا پای لە زەوی گیرکردووەو بەدوای خۆیدا گەڕاوەو پەنجـەی لە هەموو شت گیرکردووە

دەستی بۆ هەموو شت بردووە. لە ئامازەو قیرەو نەرەو مینجەمینج ماندوو بووەو کەوتووەتە بیری دۆزینەوەی وشە و واژەی جۆراو جۆرەوە تا لەگەڵ یەکدا پێی بدوێن و بەپێی زەمان بووە بەخاوەنی زمان. بەوە دانەکەوتووە و تێفکراوە کەوتووەتە وێنەکێشان و دیواری ئەشکەوتەکانی بەوێنەی ڕەنگاو ڕەنگی جۆراوجۆر ڕازاندووەتەوە. بەوەش ڕازی نەبووەو پەی بە شێوەو ڕەواڵی نووسین بردووەو لە مێژووی بەشەرییەتدا قۆناغی نووسین بە قۆناغێکی یەکجار گرنگ ناسراوە. باوباپیرە هەرە گەورەکانمان فرە تەماحکارو سووربوون لەسەر باوەڕ بەخۆبوون. بە دوای قۆناغی نووسیندا سەردەمی چاپ و چاپەمەنی هاتووەتە کایەوە، بێگومان ئەم قۆناغە لە مێژووی میللەتاندا زۆر دەق و سنوور و وڵاتی دوور و فەرهەنگە جیاوازەکانی لە یەکەوە نزیک کردووەتەوە و بوو بەهۆی لەناو بردنی زمانە کۆنەکان وەک «لاتینی» و هەروەها پێکهاتنی زمانی تازەی ئەیراو ئەوێ.

فەرەیدوون مژێکی لە لیوانە ئاوەکەی بەردەستی دا و دووبارە کەوتەوە قسە: ئەم بەشەرە سەیرن، سەیر. ئێزگەی خستەگەڕ، هەرچی سنوور هەیە هاڕاندییە سەریەکدا لە چرکەیەکدا دەنگ و فەرهەنگی گەلانی گەیاندە یەک، ئەوەسا تەلەفزیۆن و تەلەفۆنی نێو ماشێن و هەزار تەشقەڵەی خزمەتگوزاری ڕەنگاو ڕەنگی دیکەی بەدەستەوەیە. ئەمانە هەمووی ئەوە دەگەیەنێت دونیا ڕۆژ بە ڕۆژ بچووکتر و بچووکتر دەبێتەوە و لە داهاتوویەکی نزیکدا گرفتارییەکانی مرۆڤ دەبێتە گرفتاری خێزانی. ڕەنگە بڵێن ئەمە خۆش بینییەکی بێ سنوور و دوور لە هەڵسەنگاندنێکی وردە و دوورە لە تەرازوو. حەق بە ئێوەیە، ئێمە لە ڕوانگەی گیروگرفتی خۆمان و ڕێکخراوی خۆمان و شار و ناوچەی

خـۆمـانەوە دەنوارینـە مـامـەڵەکـەدا . ئەگـەر چەند سـاڵێـک لەمـەوبەری خۆمـان لەگەڵ ئێستـاماندا بەرئاورد کەین، زۆری جیـاوازە. ساواک بەو توانا و دەسـەڵاتەوە، دەوڵەتی شـاهـەنشـاهـی حـەمەڕەزا شـا بەو هـەمـوو پەیوەند و هـانیـــەو هـەبەوەو بیگرەو بەردەوە... بە دەسـت ئێـمـــەوە، بەدەست پڕوپاگـنـدەی دەســــتگـاکـــانـی هـەواڵ و هـەواڵدەران و ڕۆژنامـەنیگارانەوە کە نەناسـن و بە زامنتر دەدوێن، دەوڵەتیـان زەبوون و بێدەرەتان کـردووە. ئەمـە مایەی دڵگـەرمیی هـاندانە بۆ ئێمەی گیـان فیدایانی خـەڵک و وڵات. جا بەقوربانە فرسـەتە. هـەمـوومان بۆ یەکێک و یەکێکیش بۆ هـەمووان.

سـەرجەم هـەشت کەس دەبوون یاسـەمـین دەستی بەرزکردەوە وتـی:

– دەتوانم قسـە بکەم؟

فەرەیدوون وەڵامـی دایەوە:

– من قسـەکانم تەواو کردووە فەرموو.

– ئەوانەی وا کـاک فـەرەیدون فـەرمـووی هـەمـووی وایە و وتـەکـانی جێگەی ڕێز و متـمانەی ئێـمەیە، لە یەک دووخـاڵدا نەبێت ئەمن ڕایەکی جیاوازم هـەیە، دەمەوێت باسـی کەم.

فەرەیدوون قسـەکانی پێبڕی:

– وەک چی؟

– ئێـمە زۆرمـان ماوە دەسـتگا و دەوڵەتـی شـاهـەنشـاهـی زەبوون و بێ دەرەتان کـەین. ڕێکخـراوی ئێـمـە کـەمکارەو بێ جـووڵانەوە. بێ گـومـان هـەرنەبێت من لام وایە ئێمە خـۆمان هـەڵبژاردووە بۆ ئەرکی گەورەو زۆر شتمان خستووەتە ئەستۆی خۆمان.

ئێمـەین دەدەین لە دەرگا داخـراوەکان . هەر یەکە لە ئێمە گیانی خستووەتە نێو لەپی و تۆماری مەرگ یا ژیانی بە خوێن ئیمزا کردووە لە شار و لە دێ دەنگمان بگاتە هەرکوێ، بۆنی خوێنی لێ دێ. خوینە داینەمۆی تەواجود و ململان و دیوەخانمان ، مۆمی مەرگ ڕۆشنی کردوەتەوە، خوانمان جگە لە هیچ، پڕە لە ژان. بەرەژانی پێش لە دایکبوون، لە دایکبوونی زیندەگییەکی نوێ و تازە.

ئیتر لە هەرکوێڕا بنواڕی خەڵکەکە دەست بە ئەژنۆ سەر لەسەر چۆکە. ئازیزان! سەوداکانمان بەربڵاوەو تەقالاکانمان نەزۆکە. سەد کۆنە زاممان پێوەیە... زامی تازەش بەڕێوەیە... دەبێت لە پلەو پایەو ئەندازەی ڕووداودا بین، ڕاستە لە ئێزگەیەکی ڕاست و چاوەڕوانی شەمەندەفەری تایبەتی خۆمانین؛ بەڵام ئەگەر لەمە گورج و گۆڵتر و چالاک و چاپووکتر نەبین، دەستمان لە دەستەگیرەی دەرگای شەمەندەفەرەکە گیر نابێ و توندو تیژ لێمان دەگوزەرێ و ناچار لە خانەی چاوەڕوانیدا دەمێنینەوەو ڕاو دەکرێین، ڕاو. بەندە نائومێدانە نانوارمە هەڵوێستی خۆمانا، نا، بەڵکو بە پێچەوانەوە دڵ و دەروون و بیرو ئەندێشەم یەکپارچە ئومێدو هان و گڕ و ململانە. ئەوی تەماحگیریم، تەقالای زۆرترو دەست وەشاندنێکی بەربڵاوترە. ئەگینا دەرەقەتی ئەرکەکە نایەین، دێین؟

لە دەنگەوەرەوە دەنگ هاتە گوێ:

ساختمان چوار دەور گیراوە، ڕێگای ڕاکردنتان لێ بڕاوە. بێ دەردەسەر و کێشە دەستتان بەسەر سەرەوە وەرنە دەرەوە ئەگینا تا پێنج دەقیقەی دیی پەلامارتان بۆ دێنین.

هەشت کەسەکە هەر یەکەیان دەستیان دایە چەک و کەوتنە

سووتانی کاغەز و بەڵگە و لیست و ناو و تۆمارەکانیان. یاسەمین ڕوو بەبرادەران:

– هەرچۆنێک بووە با فەرەیدوون لە بازنەی گەمارۆکە وەدەرچێت. لەناوچوونیی فەرەیدوون، گەلێک گران بۆ ڕێکخراو تەواو دەبێت. یاسەمین لە فەرەیدوون نزیک بوویەوەو یەخەی ڕاوەشاندو بە تووڕەبوونەوە وتی:

– لەیرەدا تۆ دەبێت بە گوێی ئێمە بکەیت و قارەمان بازی وەدەر نەهێنیت و لەم ناوە دووربکەویتەوە. لام وایە لە سەربانەوە بتوانی خۆت بگەیەنیتە ساختمانێکی دیکە و لە بازنەی گەمارۆ وەدەرچیت. ئێمە سەرگەرمیان دەکەین. ڕامەوەستە دەی، بکەوە خۆت و بۆی دەرچۆ.

فەرەیدوون بەرەو سەربان وەڕێ کەوت... دووکەڵ لە پەنجەرەی ئەپارتمانەکەوە تەنوورەی بەست و یاسەمین خۆی گەیاندە بالکۆن و تەقە دەستی پێکرد... لە هەر چوار لاوە بوو بە تەقە. لە مێژدا بەئاسپایی دانیشتوانی ئەپارتمانەکانیان دوور خستبوویەوە. شەڕ بەردەوام بوو، تا دەبوو ئەڵقەی بازنەکە تەنگترو تەنگتر دەبویەوە. لە چەند لاوە تەقە بێ دەنگ بووبوویەوە. تەنها لەیەک لاوە تەقە دەبیسرا. زۆری نەکێشا ئەو قوڵەش بێدەنگ کرایەوە بە پارێزەوە لە ئەپارتمانی تەقەکەرانەوە نزیک بوونەوە. هەر هەموویان کوژرابوون، تەنها یاسەمین نەبێت هەناسەی تیا مابوو چەندین گوللەی بەرکەوتبوو. هەرچی بە دوای تەرمی فەرەیدووندا گەڕان، نەیاندۆزیەوە.

جەنابی سەروان! زەمانێکە دەزانم ئەم هەتیوە دەستی پیسە، بەڵام نەمدەتوانی بە بەڵگەوە بیگرم. خستبوومە ژێر چاودێرییەوە، ئا خستبووم. ئەوەسا یەک و دووی تیا نییە کۆسرەکەمی دزیوە. باوەڕ بفەرموو بەشەش سەد تمەنم کڕیوە. ئەوەسا وا شەقڤەی لێ دام و تەواو.

– باشە ئەگەر وەبەرچاوت کەوێتەوە دەیناسیتەوە؟

– ئەرێ وەڵڵا لەناو سەد کۆسرەدا بێت دەستی دەخەمە سەر.

حەبیب دەستبەند کراو بەسەر کورسییەکی ئەرجەوە ڕووبەڕووی ئەفسەرەکە دانیشتبوو...

– ئێ کاک حەبیب! لەم ڕووەوە چی دەڵێیت؟

– جەناب سەروان! ئەمە چوار ساڵە من بە لای کاک ڕەحمانەوە کرێکارم، لەو چوار ساڵەدا چی لە من دیوە...؟ سەدان جار ناردوومیەتە دوای تەحسیلی پوول و پارەدا یەک ڕیاڵی کەم بووە؟ من دز بم و دزیی بکەم، کۆسرە دەدزم؟ ئەویش بەم ئاشکەرایە؟

ڕەحمان سەری هاتبووە لەرزین... بە تووڕەبوونەوە:

– ئەی باوکم دزیویەتی؟ بۆ خۆت سەرپەرشتی جەڕ و ئالاتی نێو کارگای. هەمووی بەلای تۆوە بووە، خۆ بەفر نییە بتاوێتەوە، دەتاوێتەوە؟

– جەناب سەروان! ئەو كۆسرەیە لە كاك ڕەحمان نەدزراوە. لە منیان دزیوە. هەر بە بەراوردێكی سەرەتاییانە لەیەكی دەنەوە بزانن عەقڵ ڕێی تێدەبا من كارێكی وا گەوجانە بكەم و لەبەر پێنج سەد تمەن، ئەحمەقانە خۆم گیرۆدە بكەم، ئەویش ئاوا؟

– ئەی ئەو كۆسرەیە بۆ كوێ فڕی؟ چۆلەكە بوو؟

– جەناب سەروان! ئێمە پێنج شەش كرێكارین لە كارگای بەردتاشینی خاڵۆ ڕەحماندا كرێكارین. جارەو باریش فەرهاد خانیش كارمان لەگەڵ دەكا

– فەرهاد خان كێیە؟

– حەبیب ڕوو بە ڕەحمان ملكی بەسەر ئاماژەی بۆ كرد و لەژێر لێو وتی:

– ئاغا زادەیە.

ئەفسەرەكە تا ئەو دەمە سەری بەسەر نووسینەوە شۆڕ كردبوویەوە پێنووسی خستە سەر نووسینەكە و وتی:

– دەی چیدی؟

– هیچی دی ئەوە نەبێت باوكی نازانێت هیرۆئینییە. ڕەحمان گڕی گرت و لە ئاڵۆزییدا سوور هەڵگەڕایەوە، دەماری لاگەردنی وەك بۆرییەكی شین بەلاگەردنییەوە ڕەپ ڕەپێك خوێنی تێ زاو نەڕاندییە سەر حەبیبدا: توخمی سەگی وەڵەدزنا دزیت كردووەو... بوختانیش دەكەی؟

سەروانەكە ڕوو بە ڕەحمان:

– كاك ڕەحمان! لەسەر خۆت. لێمان گەڕێ كارمان ئەنجام دەین. وا

نابێت. ڕەحمان دانیشتەوە سەر سەندەلییەکەی. لە پێشدا قیت قیتک بەسەر کەمەی نشینگای سەندەلییەکەوە پای لەسەر پا دادەنا و دادەنیشت، ئارام ئارام پاڵی دایەوە، جغارەیەکی داگیرساندو کەوتە بیرەوە:

– بێت و نەبێت. ئەم هەتیوە ڕاست دەکا. من بۆ تا ئێستا بیرم لە خەو و خاویی و خلیچکی و خوماریی فەرهاد نەکردتەوە؟ ئەی دادی بێداد! دیارە خوا دەیەوێ هەقم لێ بسێنێتەوە. ڕەحمان بە دەنگی سەروانەکەدا شریتی بیری پچڕا...حەبیب دەڵێت من هیچم نەدزیوە، بەڵام لەبەر ئەوەی جەڕ و ئالاتی کارخانە بە من سپێراوبووە... ئامادەی بژاردنی «کۆسرە»ەکەم. نرخی چەندە؟ دەیدەم.

– باشە. بەم جۆرە منیش لێی خۆش دەبم... حەبیب ڕوو بە سەروان:

– قوربان من داوایەکم هەیە؟

– دەی.

– ئەمە بۆ من دەست نادا سبەی شتی دیکەیان لەوێڕا دزی و بیخەنە ئەستۆی من. دێم تەواوی ئەوانەی بەمن سپێراوە دەیدەمەوە خاوەنی و بۆشم ئیمزاکا.

– لە پێشدا ماڵە دزراوەکەم بۆ ببژێرێت، ئەو حەلە چی بڵێت بۆی ئیمزا دەکەم.

سەروانەکە ڕوو بە حەبیب:

– هەتە بیبژێریت؟

– یەک دوو ڕۆژێک مۆڵەتم دەوێت ئەو پارەیە پەیدا کەم.

– بەم حیسابە کەفیلت دەوێ، تا بەرەڵات کەین.

- کەفیلم هەیە. ئەگەر لێم گەڕێن تەلیفۆنێک بکەم.

سەروان بە پەنجەی شایەتمانی ئاماژەی بۆ تەلیفۆنە ڕەشەکەی بەر دەستی کرد و وتی:

- دەی تەلیفۆنی خۆت بکە.

ڕەحمان خاو بووبوویەوە. بە سەخڵەت هەنگاوی بۆ دەنرا. کەوتە کاوێژی ڕابوردووی خۆیەوە. ئەشهەدو نامەردییەک من کردوومە کەس نەیکردووە ئەوە سا دوای ئەم هەموو ساڵانە خەڵکی هەر دەیگێڕنەوە: «ڕەحمان ڕەفیق کوژ». ئێستایش وێردی سەر زمانانە... سەری هاتبووە لەرزین. بە دەنگ وتی:

- تف لە ڕابوردووم. کابرایەکی ڕێگوزەر بە سەرسامییەوە دەینواڕییە وڕێنەی ڕەحمانا.

- ئێ چی لەم هەتیوە سەرەڕۆیە بکەم...؟ دەری کەم ناکرێت... هەروا بێت، نابێت. ئەی چی.؟

با خۆی بدوێنم تا بزانم چی پێیە بۆ وتن ئەودەم چارەی دەکەم. چارەی چۆن دەکەی؟ دارێکت بە دەستەوەیە هەردوو سەرەکەی گوییە.

چاوی چەپی یاسەمین بەر گوللە کەوتبوو. دەزگای تەندروستی تایبەتی ساواک بەناچار گلێنەی چاوی چەپیان هەڵکۆڵا بوو. پڕناخیشی کەلی تێ کەوتبوو. ساواک بە تەواوی توانایەوە دەیویست یاسەمین بکەوێتە بولبول زمانیی و ناو هەڵدان. ناوی زۆر کەسی هەڵدابوو، ئەوانەی وا لە دەرەوەی ئێران دەژیان و ئەو کەسانەی لەگەڵیا کوژرابوون. ئەوانەی ئەو ناویانی هێنابوو بەلای «ساواک»ەوە ناسراوبوون. ناچار کەوتنە ڕووبەڕوو کردنەوەی لەگەڵ گیراوەکانی مێژدا. زۆریان یاسەمینیان دەناسی. لەو پرس و جۆیانەدا چەندین جار ناوی فەلامەرز هاتبووە نێوانەوە. دوای لێدان و لێدوان و بیگرەو بەردەیەکی فراوان، ساواک پەی بە بەرنامەی فڕاندنی «وەلیعهد» برد و بێ یەک و دوو فەلامەرزیان قۆڵ بەست و لە سیاچاڵی لای خۆیاندا نیشتەجێ کرد.

لیلی کەوتە تەقەلاو ئەملاولاو پرس و جووەوە. سەرەتا پێی وابوو داو و پیلانی ساواکە و بەشێکە لە زۆرەملێیەکانی دەسەڵاتداران و سەروشاخی یەکدی گرتن. هەرچیی دەکۆشا سەری تاڵە مەچیرەکە وەدەستەوە بگرێت و سۆراخێکی فەلامەرزی دەست کەوێ بۆی نەکرا بوو بە دڵۆپێک ئاو و چوو بوو بە قووڵایی زەویدا. دوو هەفتە پشکنین و ئەملاو لا چەندین کەسی گەورەی ناردبووە لای «تیمسار نەسیری». بە هیچ جۆرێک نەچووبووە ژێر کە ئەو کابرایە بەلای ئەوانەوە بێت ناسیارانی، پێشنیازی پۆلیس و ساردخانەی مردووان و «ئەنتەرپول»

پێ کــرد. لایان وابوو بێ پرسی لیلی لە وڵات وەدەرچوو بێت. ســا لە ڕێگەی ڕێگەوبانی ڕوو بە دەرەوە بێت یان فـڕۆکــەخــانەکـان. لی لی دەیزانی کـوێنەی دەیەشێت و دەمێک بوو دڵی لێی دابوو... کـە لەگـەڵ خۆیدا تاک دەبوویەوە، دڵۆپی فرمێسکی چاوانی بەرۆکی نمدار دەکرد و دەیوت:

– ئازیزم! چاکت کـرد وات بەســەر خـۆت و منیــشـدا هێنا...؟ چەند جارم وت هەڕۆ بڕۆ دەرەوە. من بەرگەی دووریت دەگرم، زمانم دەگاتە زامم و چاک دەبمەوە. بە قسەمت نەکرد و نەکرد. تا وا خۆت و منیشت زەوی گیر و کۆڵەوار کرد. دەست لە دامێنی کێ گیرکەم؟ شابانو؟ لام وایە جارێک زوو بێت. با لێ گەڕێم تا نیشانەیەکی وەدەر دەکەوێت ، لەوەی دڵنیـام بەلای ساواکـەوەیە. «ساواک»یش بەڵگەی ڕەق و زەقی بەدەســتـەوە نەبێت دەست بۆ فـەلامـەرز ناهێنێت. هەرچی بێت لەژێر سەری ئەو کچەتیوەدایە... تۆ بزانە دامرکا... خۆ بووبووە کتکە نەوتینە. تەپوتـۆزو دووکـەڵەی نەک تەنـها لە ئێـراندا بەڵکو و لە نێـو دەوڵـەتانی دوورو نزیکدا پـەرچەمدار و سـەرقـەتار بـوو دەبڕۆ ئەوە جێگەت بێت و شایانی ئەو کون و قوژبنە تەنگ و تاریکانەی تا بزانیت سزای خەڵک کوشتن مەرگە و بەس. سیسارگ!

لیلی چاوانـی سڕی و لەبەر خۆیەوە وتی: جا ئەوە چی لەمن دەکا.؟ هیچ لە مـەسـەلەکە ناگۆڕێت. تازە ڕووی داوە، ئا. داویە چییە و چۆنە، نازانم. هێندەم لا ڕوونە تۆمـەت و پا پێـچـەکـەی فـەلامـەرز گـەورەیەو ئاسان نییە. ئەگینا ساواک دەستی بۆ نەدەبرد، دەبرد؟

تەلیـفـۆنـە سـوورەکـەی لادەسـتـیی زرنگایەوە، هەرگـیـز وا لە دەنگی زەنگی ئـەو تەلیـفـۆنە نەتۆقـیـاو بوو. لەرزۆکـانە دەسـتی بۆ دەسـتـەی

تەلیفۆنەکە برد و زانی شابانوە. هەر ئەوەندەی گوێ لێ بوو کە بڕوات بۆ لای. خۆیشی نەیدەزانی بۆ وا ترساوە، ئیدی شابانو هەمانەو تەلیفۆنە سوورەکەش هەمان، ئەو ترس و تۆقیانەی لە چیدایە؟

بە ئەسپایی دەرگای ژوورەکەی شابانوی کردەوە، شابانو لە تەلیفۆندا قسەی دەکرد.

لیلی هەروا ڕاوەستابوو. بە دوو پەنجە ئاماژەی بۆ کرد کە دانیشێت. دەنگە کەرخ و پیاوانەکەی «فەرەح» بەرز و نزمی تووڕەبوونی تیا دەبیسرا: «ناوی چییە؟ ئەم قسە قۆڕانە باوی نەماوە». دەستەی تەلیفۆنەکەی داخست و لەبەرخۆیەوە وتی: قورمساغ! بەم ڕفتارەیان وڵات بەرەو هەڵدێرگا دەبەن. فەرەح تۆزێک ڕاوەستاو پەنجەکانی دەستی ئارام ئارام بە زوران داو ڕوو بە لی لی:

– ئەوی پێت دەڵێم فکری لێکەرەوەو ژیرانە وەری گرە. دوێنێ شەو شاهەنشا نەوارێکی پێدام وتی: مەڕۆ هەر لێرەدا گوێی لێگرە.

پێم سەیر هات و نەمتوانی هیچ جۆرە پێشبینییەک بکەم. ئیدی گوێ لە چی دەگرم و ئەو نەوارە ئاخۆ دەبێ چی تیادا تۆمار کرابێت و بۆچی دەدوێت؟

نەوارمان خستە گەڕ و «فەلامەرز خان»ی لای جەنابت دەی ڕێسا و دەیوت.

لیلی هەناسەی سوارو ڕیخوڵەکانی هاتبوونە قرم و هۆڕ و تەواوی لەشی کەوتە گڕو گڵپەوە؛ هەستی کرد دڵۆپی عەرەق لە بنی پرچی سەریدا کەوتووەتە ڕێ.

وا من هەمان نەوارت بۆ دەخەمە سەرو بۆ خۆت گوێی لێ بگرەو بزانە چ ئەژدیهایەک لە بندەستماندا خپکەی دابوو.

شابانو پەنجەی نا بە دوگمەی «ڕیکورد» دا و کابرایە وتی:

– ناوت چییە؟

فەلامەرز هاتبووە خۆناسان. ناوی خۆی و باوکی و شار و تەمەن و ئایین و ئیتر شتی دی.

– چەند ساڵە لە ڕێکخراودای؟

– حەڤدە.

– لە چەند بەرنامەی ترۆریستیدا بەشداریت کردووە؟

– وەک ئەنجامدەر هیچ بەڵام ئاگادار و بەشدار بووم لە دووان سیانێکیدا.

– دووان یان سیان...؟

فەلامەرز بۆ تاوێک بێ دەنگ بوو ئەو دەم وتی:

– سێ.

– چی و چی؟

کوشتنی تیمسار «فەرسیو» و خنکاندنی برادەرێکی لای ڕێکخراوی خۆمان و... کابرای لێکۆڵەوەر بە توندی پرسی:

– ڕۆڵت لە کوشتنی تیمسار فەرسیودا چی بووە؟

– ئەو ماتۆڕەی کە سواری بووبوون بە پوول و پارەی من سەنرابوو.

– بۆ خۆت لەگەڵیاندا نەبوویت؟

– نەخەێر...

– ئەی خنکاندنی هاوڕێیەکەتان؟

– با، بووم و ئۆتۆمۆبێلم بۆ لێ دەخوڕین. لە ڕاستیدا لە نێو ماشینەکەی مندا کوشتیان.

– تۆ چی؟

– وەک وتم، ماشینم بۆ لێدەخوڕین.

– چی دی؟

– لە بیرم نەماوە ئەو کارانە چەندین ساڵی بەسەرا چووە.

– بیخەمەوە بیرت؟

– لە ڕووی ڕێکەوتەوە کەوتیتە ناو دەربار یا لە ڕووی بەرنامەڕێژییەوە؟

– هەردووکیان.

– یانی چی؟

– من کارمەندی شرکەتێکی موهەندسی بووم کار و پڕۆژەی کۆشکی «وەلیعهد» خرایە موسابەقەوە، لە نێو نووسینگە گەورە میعمارییەکانداو نووسینگەکەی لای ئێمەش یەکێک بوو لەوانە. خاوەنی نووسینگەکەمان لەبەر ئەوەی بۆ خۆی ئاکتەرێکی جەنتلمانە و باوەڕی بەخۆ بوو، ئەو کارەی کردە کارێکی بەرانبەرکی لە نێو ئەندازیارەکانیدا. با وەک بەندە ئەو دەم یەشتا هەر قوتابی بووم و نەبووم بە ئەندازیار، پڕۆژەکەی من بەسەر هاواڵەکانمدا سەرکەوت و سەرئەنجامیش بەسەر کار و پڕۆژەی نووسینگەکانی دیداو... ئەنجام دان و پیادە کردنی کۆشکەکەم پێ سپێراو تەواومان کرد.

– ئیتر چی؟

– ئیتر بۆ خۆت دەزانی؟

– من هیچ نازانم و دەمەوێ بیزانم باسی کە

– ئیدی پێوەندی من و لیلی دەستی پێکرد. برادەرانی ڕێکخراو هەروەها «یاسەمین» کەوتنە هاندانی بتەوکردنی ئەو پێوەندەوە.

– یاسەمینیش؟

– لە ڕاستیدا ئەو هاندەری سەرەکی ئەو پێوەندە بوو. زۆری لەگەڵا کۆشام تا لە وڵات بڕۆینە دەرێ، زۆرم هەوڵ دا ببینە ژن و مێرد تەقالایەکی فراوانم لەگەڵدا کرد و بە گوێی نەکردم.

– بۆچی هانی دەدای ئەو پێوەندەی نێوان تۆ و لیلی بتەوتر بێت؟

– لای وابوو لە ڕێگەی «لی لی»یەوە ڕێکخراو پەی بە کارو بارو ڕازو نیاز و ڕووداوەکانی نێو دەربار دەبا.

– جا وابوو؟

– تا ڕادەیەک دەتوانم بڵێم لە سەرەتاوە وابوو.

– ئەی دوایی؟

ـ دوایی کێشانەکان لارە سەنگ و تێک چوون بەسەریەکدا.

– ڕوونی کەوە؟

– سەرەتا شێوەی پێوەندییەکەی نێوان من و لیلی هەر هی نێو پێخەف بوو، لە دواییدا گۆڕاو بوو بە شتی دی.

– شتی دی، وەک چی؟

– وەک پێوەندییەکی ژیرانە و ناسکی نێوان دوو مرۆڤی ڕۆشنبیری ئەمڕۆیی.

لی لی ئارام دەگریا.

– یاسەمین چی؟

– ئەویش لە نێواندا بوو. لیلی دەیزانی من و یاسەمین دەزگیرانی یەکدیین و وەک ژن و مێردیش پێکەوە دەژین.

– یاسەمین وەک ئافرەتێک ئاڵۆز نەدەبوو.

– بە پێچەوانەوە.

– دەتەوێ چی بڵێیت؟

– ناچاری دەکردم لە سیرەوە تا پیازی بۆ بگێڕمەوە. بەوە دەهاتە سەر هەوەسێکی توند و تیژ؛ یانی لە ڕاستیدا پێوەندیی نێوان من و لیلی کردبووە دەستەگیرە و بەڵگەیەکی هەوەس ئەنگێز. ئەمن بە درێژی لەو ڕفتارەی بێزار بووبووم و لەگەڵیدا دەشکۆشام. دەکۆشام ڕازی کەم و پێکەوە بڕۆینە دەرەوە... نەدەڕۆیشتە ژێر...

– ئەی بەرنامەی دزینی «وەلیعهد» چی؟ هیچی لێ دەزانی؟

– ئەو بەرنامەیە لە قۆناغی وتووێژ و لەیەکدانەوە نەڕۆیشتە دەرەوە، زۆرتر من نەدەچوومە ژێر. برادەرانی لای من لایان وابوو لە ڕۆژی ڤیستیڤاڵی سینەمای منداڵان کە «لیلی » سەرپەرشتی و چاوساقی ئەو بەرنامانەیە و ئاگاداری وردەکاریی ئەو بەرنامەیە و زۆر گرفتاری ئاسان دەکاتەوە.

– یانی لە ڕێگەی تۆوە؟

– ئەڵبەتە، لە ڕێگەی منەوە

– بۆ ئەنجامتان نەدا؟

– بەندە توانیم بە برادەران بسەلمێنم ئەو کارە زەرەرو زیانی گەلێک لە سوودی زیاتر دەبێت.

– ئەمەیە پێوەندیی ژیرانەی نێوان دوو مرۆڤ؟

دەی کاکی مرۆڤ! باسی مرۆڤایەتی خۆتمان بۆ بکە ئەدی تۆ بەم کردەوانەت نەک تەنها پیاوکوژ بیت بەڵکو دزی وژدانیشی.

– هەرچیم نێو لێ دەنێی ئازادی. گا کە کەوت، چەقۆی باران ئاسا دەبارێتە سەردا. دونیا هەر وابووەو هەرواش دەبێت.

– ئەی چەقۆکانی ئێوە بەسەر خەڵکدا چی؟ ئەو پێوەندەیی نێوان تۆ و «لی لی» خانم، شەرەف و وژدانی نێو دەنەی؟

– من هەم خاوەنی شەرەفم و هەم وژدانیش لە هیچیش پەشیمان نیم و بۆ هیچیش نارەحەت نیم تەنها بۆ «لی لی» نەبێت.

لیلی خۆی پێڕانەگیراو دای لە پرمەی گریان. شابانو ڕیکوردەکەی ڕاگرت و هەستایە سەرپا و لە پشتی شووشەی پەنجەرەکەوە ئارام دەینوارییە دار و درەختی دەوروبەری ساختمانەکەدا. لی لی دامرکابوویەوە. شابانو دووبارە ڕیکوردی خستەوە گەڕ.

– ئەدی تا ناقرەو بینەقاقەت غەرقی درۆکردن بووە لەگەڵیا تازە بۆچی «لی لی» نارەحەتیت؟

– من «لی لی»م خۆش ئەویست. زۆرێکی زۆر.

– هەتیو درۆکردن بەسە. دڵی ڕەشی ئێوەمانان لە کوێڕا جێگەی خۆشەویستی تیا دەبێتەوە؟

– تۆ لات وایە درۆبکەم یان ڕاست، هیچ لە مەسەلەکە دەگۆڕێت...؟ تازە بۆ یەکێکی وەک منی ئاوا گیرۆدە، ئەو خۆشەویستییە بووە بە ڕابوردوو. تۆ بۆ خۆت دەتوانی گیانم لێ سێنیت، تیربارانم کەیت، بەڵام بیرو بیرەوەرییەکانم هی خۆمە و تا دوا هەناسەم لەگەڵیا دەژیم.

– ئەڵبەتە لە سیاچاڵا لە قووڵایی دۆزەخدا خەوی پێوە ببین.

شابانو دووبارە ڕیکوردی کوژانەوە و ڕوو بە لیلی:

– ها چی دەڵێیت؟

– چیم هەیە بیڵێم؟

– هەر هیچ؟

– هەر هیچ.

ئێ یاسەمین خانم. نەختێک باسی ئاغای ئینتیزامیان بۆ بکە. چەند بەرنامەی ترۆریستیتان پێکەوە ئەنجام داوە؟

– ئەو پریسیارەم پێ گەوجانەیە. ئیدی بۆ خۆتان بە چاکی ئاگاداری کار و کردەوەکانی من و ئەوانەی وا هاوکاریشم بوون. بۆچی لە خۆڕا دەتانەوێ ناوی فەلامەزری تێ گونجێنن؟

– فەلامەرز گیانت؟ ئاغای قۆزو قیتی دەرباری؟

– لادێیی بێ یا دەرباری زەمانێکە لەیەک بڕاوین و هیچ جۆرە پێوەندییکمان پێکەوە نەبووە، چ بە نامە و چ بە دیتنیش.

– وەک ئێمە ئاگاداربین یەشتا مەیلت بەلایەوەیەتی و خۆشت دەوێ؟

– لام وایە لە حەز و بیرکردنەوەمدا ئازاد بم، هەم؟

– بە مەرجێک ئازار و ئەزیەتی نەگاتە خەڵکانێکی دی. ئەوە نییە لە وشاردە و ئاکامی بیری خوێناویتا چەندین کەسی بێ تاوان لە نێو چووە؟

– من وەک تۆ تێنافکرێم؟

ـ کوشتنی بێتاوانان بە فکری پەسەندو قارەمانییەت دەزانی؟

– بۆ چاکی و خراپی تەرازوو خەڵکەو بیرکردنەوە جیاوازە.

– قسە لەگەڵ ئێوەمانانا ئاسنی سارد کوتانە. ئێوە نەک بە خەڵکیدا هەتاوەکو بە خۆتانیشدا بەزەییتان نایەتەوە. بڕوانە چیت بەسەر خۆتا هێناوە.

– چیم بەسەر هاتووە؟ هەرچیم بەسەردا هاتووە لە ئێوەی دەزانم. چاوێکم لە دەست داوە، خەڵکانێکی زۆر هەن لە چاو بێوەرین.

– وا بکەی ڕۆحیشت لە دەست دەدەی.

– دەتەوێ چی بکەم...؟

– دەمەوێ وەکو زۆربەی زۆری هاوالآنت هاوکاریمان لەگەڵ بکەی.

– چەند خـوێڕی و دۆڕاوێک نەبێت، لام وانییە کەس خۆی فرۆشتبێت.

– بتەوێت نەوار و تۆمارەکانیان دەخەمە بەردەستت.

– من ئەوی زانیومە... وتوومە...

– نەخێر... نەتوتووە... بتوتایە باسی فەلامەرزی ئینتیزامیت دەکرد...

– وەک وتم، پێکەوە هاوکلاس بووین. وەک هەزاران هاوکلاسی.

– هەر ئەوەندە؟

– حەزمان لەیەکدی دەکرد.

– ئیتر چی؟

– نەگونجاین و لەیەکدی جوێ بووینەوە.

– ئەو وا ناڵێ.

یاسەمین ژڵێژا. کابرای لێکوڵەوەر هەستی بە گۆڕانی ڕەنگ و دەنگی کرد و مۆڵەتی پێنەدا بێتەوە سەر خۆی بۆیە وتی:

– ئەوەسا لە نزیکی تۆدا ترنجاوەتە ژێر زەوییەکی تەنگ و تاریکەوە. ئەوی زانیویەتی وتوویەتی و هەڵی هێناوەتەوە.

هەتاوەکو دەنگ و فەنگی نێو جێگەی نێوان تۆ و خۆی و لیلی

خانمیشی باس کردووە.

– درۆ دەکەی. فەلامەرز هیچ پۆ و پێوندییەکی لەگەڵ ڕێکخراوی ئێمەدا نەبووە، تا وا ساویلکانە بیترنجێننە نێو کاروباری ئێمەوە.

کابرا وردە وردە بە نووکی پێنووسەکەی دەیدا بەسەر مێزەکەیدا. کەنینێکی موزیگەرانەی کرد و بێ ئەوەی لا بە دواوە کا بە قەڵەمەکەی دەستی ئاماژەی بۆ وێنە هەڵواسراوەکەی پشتی سەری کرد و وتی:

– خۆ ئەو وێنەیە دەناسی؟

یاسەمین وەڵامی نەدایەوە.

– لەگەڵ تۆمە؟

– بێ گومان دەیناسم.

– بە جوقەی عەلاحەزرەت! ئەوی دەربارەی فەلامەرز وتوومە درۆی تیا نییە و بە ئاسانی دەتوانم نەوارەکانی بخەمە گەڕو گوێی لێ بگرێ. لەوانەش گوزەشتە، بۆ خۆیشی لە دوورەوە بوینیت. ئێوە چەندە خۆتان بە وردەکارو کارزان بزانن ناگەنە وەستا کاری ئێمەدا. خۆ ئێمە لە ئاسمانەوە هەواڵ و پەیاممان پێ نەگەیشتبوو کاتێک لەو ئەپارتمانەدا گەمارۆتانمان داو تەنها تۆی بە زیندوویی تیا وەدەرچوویت، وانا؟

– چەم بێ چەقەڵ نابێت.

– لەم قسە قۆڕانە گەڕێ، چەمی ئێوە پڕە لە چەقەڵ. ژیانت بە تاڵە موویەکەوە بەندە. ئێمە دەمانەوێت لە مەرگ ڕزگارت کەین...

– بە چی نرخێک؟

– نرخی هاوکاری. ئەویش کارەکە لە دەست ئێمە دەرچووەو دەبێ لە بارەگای شاهەنشاهی داوای بەخشینی ملوکانەت بۆ بکەین؛ یانی

یەک پلە بەخشین بە زیندانی هەتا هەتایی.

– جا مەرگ و بە زیندوویی مردن و کۆڵێکیش بەدناوی، کامیان شەرافەتمەندانەترە؟

– تۆ باسی شەرەف مەکە... تێ هەڵچوونەکانت ناو دەنەی چی؟

– ئێوە ئەوەی ناڕەوایی و نەشیاوی هەیە دەیکەن و تەواوی پینەو پەڕۆی هەرچی بێ شەرەفی هەیە هەر هەمووی لەناو گەلا کۆتان کردۆتەوە. من حەزم لە فەلامەرز کردووەو ئەویش هەروا چۆن پێکەوە ژیابووین زەرەر و زیانی بۆ کەسانێکی دی نەبووە، هەبووە؟

– ئا هەبووە. بۆ دایکت بۆ بابت بۆ فامیلیات بۆ ئاداب و نەریت بۆ دین و ئایین و پێوەندیی کۆمەڵایەتی و هەزار شتی دی...

دەڵێم تەرازو و جیاوازە.

– لە وڵاتانی ئیسلامیدا لەم بارودۆخانەوە کەیل و کێشانە یەکە.

– ئێوە بەرگ دوورن.

– چی؟

– خەیاتن... خەیات... بۆ خۆتان دەیبڕن و بۆ خۆتانیش دەیدوورن، ئەگینا وڵاتێک بەم هەموو پەرپووتی و نابەرابەرییەوە بەم هەموو زوڵم و زۆرەوە چ پێوەندی بەناوگەڵی منەوە هەیە. ژن بم یان کچ دەرحەق بە خەڵک مایەی تاوانە یا دەواو دەرمانە؟

– ئەوروپایانە تێ دەفکریەیت؟

– چۆنن لەگەڵ ئێمەدا؟

– سەد ڕەحمەت لە خەیام.

– خەیام؟

- ئا خەیام کە دەفەرموویّت:

مـنـی گـــــــیـــــــرۆدەی تـاوانـی ئـەم ژینـه
گەر بە نـویّژەوە بمبەخشـی کەی بەخشـینه
مـامـەڵەیە ، سـەر بەسـەرە ئەوە سـەودایە
سـەوداش نیـشـانەی لیّ نەبەخـشـینه

- زانیـارییـەکی تازەیە، ئیّمـە نەمـان زانیـوە شـاعیـریشـی. ڕەنگە تەنهایی عیراق و نیّو جیّگە و پیّخەف کردوویّتیە شاعیریش.

- جا بۆ ناڵیّی زوڵم و زۆرو دوور لە وڵاتی؟

- ئیّمە ئاگادارین هیّندەش لە بەغدادا تەنهای تەنها نەبوویت. جار جار کاک «دلشاد» خۆی لیّ دەدای. نەیدەدا؟

- نەخـەیر، دڵشـاد لـەوەی خـاویّنتـر بوو. ئەو بـەتەمـابوو شـووی پیّ بکەم...

- جا بۆ نەتکرد؟

- شووم بکردبا دەمکردە فەلامەرز.

- ئەی بەوت بۆچ نەکرد؟

- ئاخـــر عـــاشـــقم، عـــاشق. مــرۆڤی عــاشق ســەر ســـوپوردەی دڵدارەکەیەتی.

- مەگەر ناڵیّی فەلامەرزت خۆش دەویّت؟

- بەڵام من زۆرتر عـاشـقی وڵات و خـەڵک و بیـرو ڕا بـووم ئەوانەم لە فەلامەرز زۆرتر خۆش ویستووە.

- باسی دڵشادم بۆ بکە؟

- لام وایە وەک منی لیّ دەزانی. هـەر ئەوەندە دەڵیّم کـوشـتـیـان و

نموونەیەکی ڕاستەقینەی ململان بوو. عاشقی وڵات و میللەتەکەی بوو.

– ئەمن نازانم بۆ چ ناوت بووە بە هاوڕاو هاولفی مەرگ و مردن و ترۆر و کوشتن و خوێن و خەم؟ بۆ خۆت لەوەی ڕازیت؟

– ڕازی نەبووما دەستم پێ نەدەکرد و خۆم دوور دەخستەوە. ئەو کێشانەو کەیلیی ئێوە وای دەردەخا... بۆیە وەزعەکە وا لارەسەنگە...!!

– کەواتە. دەستبەرداری «مردن» نابیت و وا پەنجە مۆری مەرگی خۆتت کردووە. لە بیرت نەچێت سەڵاومان بگەیەنیتە ئازیزانمان.

– منیش وەک سەدان و هەزاران شەهید.

– بۆ ئاگاداریت بەم زووانە دادگایی دەکرێیت و بڕیاری مردنیشت بەسەردا دەدرێت.

– جا ئیتر چ نیاز بە دادگا، لە ئێستاوە بڕیاری خۆتان داوە...

– خوا لە سوڵتان مەحموود گەورەترە.

– جا باوەڕت بە خوا هەیە؟

– خوای حەقیقەت ئا و دەشی پەرستم.

– جا ڕاست دەکەی؟

– چیت عەرزکەم.

– لات وایە چیت کوشتبێت؟ بەشەر یا کاوڕ؟

– ستەمە ئەو بەشەرانە لەگەڵ کاوڕدا بەرئاوردکەی.

– عومری درێژت دوو مانگە.

– ئیـتـر ژیان و زیندەگی لەم مـاڵەدا بووە بە زەمـهـەریر. گـیـانمان دەرچوو، پسـاین بە دەست شـەهبازەوە. لەژێر دەوارێکدا ژیان هـەزاری خێرەو دوو هـەزاری بەرەکەت.

ڕەحـمـان فـووی لە چای ناو ژێر پیـاڵەکـەی دەکـرد. شـیـرین چاوی بڕیبـووە خـوڕەی ئاوی سـەمـاوەرەکە تۆزێک ئاو لە پیـاڵەکە ڕژاو دایکی چاکەی دا بەدەستییەوە.

ڕەحمان دوو سێ مژی لە چایەکەی داو لەسەر خۆ وتی:

– فەرهـادخان بەم ژیانە ڕازی نیت، نافەرموویت چی بکەین؟

– چی بکەین؟ هەزار کـار هەیە دەتوانین بیکەین. ئەوە بۆ بیـست ساڵە ئێمـە لەگەڵ گـایەکدا دەژین ناوی شـەهبازە. بە سـەنێرو قـۆڕەو بۆڕەیەوە، دەبا ببڕێتەوە.

– دەفەرموویت چی بکەین؟

– بیخەنە شێتخانەوەو تەواو.

سەبری بە هـەردوو لەپ دای بەسـەر سنگیداو تێکەڵ بەگریان:

– چی؟ شـێـتـخـانـە؟ خـۆ دوای سێ ڕۆژ ئەمرێت. ئەوە تۆ بەشـەری کوێیت؟ شـیـرین بێدەنگ مـژی لە چایەکـەی دەداو نەیدەویست سـەری هەڵبڕێت...

– بەشـەری کـوێم؟ هـی ئەم سـەرزەوییـە، هـی ئەم جـەنگەڵەی نێومـان ناوە ماڵ و حاڵ. لێم مەکەنە هەرا، ئەمە زیندەگی نییە ئێمەی تیادابن.

ئەمــە ژیانی نێــو مــاڵمــانە. کــاک شــەهبــاز یا دەبورێنێ. یا دەبێت پەیوەسـتـە دەسـتـمـان بەسـەر کێریەوە بێت و دەسـتـپـەڕی بۆ بکەین و ئەوەش کـووچـە و کـۆڵان و گـەڕەکـە، ڕابواردنیـان کـەوتووەتە سـەر مەیموونەکەی لای ئێمە نە ئابڕوومان بۆ ماوە و نە حەیسییەت. لە من دەپرسن شایستەی شێتخانەش نییە.

ڕەحـمـان دەسـمـاڵ هەوریشـمـەکـەی بەرباخـەڵی دەرهێناو تـەوێڵی عەرەق کردووی سڕی و لەسەر خۆی ڕوو بە فەرهاد:

– دەفەرمووی بیکوژین؟

سەبری کوڵی دەدا و دەگریا.

– زۆری تێناچێت... تۆزێک مەرگەمووش و تەواو.

– جا بۆ ڕاوەستاوی؟

– شـیـرین هـەروا بێـدەنگ تێ دەفکرا دەبیـسی چی دەڵێت؟ تۆ بڵـێی ئەو خووی پیاوکوژییە لە خوێن و هیموگلوبێنی منیشدا بێت و بڕوا؟ بۆ نا. مـەگـەر منیش لە تۆ و توخـمی ڕەحـمـان ملکی نیم؟ بێگومـان دایکم نەیدۆڕاندووەو لە داوێن پاکیدا نموونەیە.

سەبری بە گریانەوە:

– جا ئەو کۆڵەوارە لەگەڵ منداڵێکی یەک ساڵاندا جیاوازی چییە؟ کێ نانی دەداتێ؟ کێ دەیخـــەوێنێ؟ کێ تەڕو وشکی دەکــا؟ خـــوا هەڵناگرێت وا دەڵێن. بەخـوا پەنجـەی بۆ درێژکـەن هیـچم لە دەست نەیەت خـۆم دەسـووتێنم. ڕوو بە فـەرهـاد: خـوێڕی بێکارە! تۆ چیت نەکراوە. چێشت تەنگاو لە خەو هەڵدەسی، لوژ لوژی دەکەریەی ئەو بەسـەزمانە چ ڕێگەیەکی لە تۆ گرتووە؟ کومەڵێک گۆشتەو لەو لاوە کەوتووەو...

ڕەحمـان قیـڕاندی: ئەم باسـە ببـڕنەوە. ڕوو بە فـەرهـاد: ئەم پارچە گۆشتـە لە تۆی بێکارە چاکتـرە. هەرنەبێت لە ئاوابـوونیدا بێ تاوانەو خـوا وای خـولّقانـدووە. نەختێک ئاوڕوومـان لەم شـارەدا ناوەتە یەکەوە دەی بیدە ئاوا. بەخـوا جـوانە سبـەی چاو داگـرتنی خـەڵکمـان بهـێننە سەرو بڵـێن ڕەحمان خـوێن و گۆشتی خۆی پێ نـەپارێزرا. لە یەکێک لە ژوورەکاندا گڵمە گڵمی شەهباز دەبیسرا.

– دەی فــەرمــوو یەک وشــەی لێ تێگەو بمکوژە. جـانەوەرێکی وا چ پێـوەندییـەکی بە ئاوڕوو حـەیسیـیـەتەوە هـەیە. چ بتـەوێ و چ نەتەوێ خەڵکی قسەی خۆی دەکا. ئەو گیانلەبەرە ژیان و ئاژەمانی هاڕانووەتە سەریەکدا. دەبێت ئەم کارەساتە چارەسەرکەین.

– فڵتە فڵت. وتم بیبڕەوە.

– دەیبڕمەوە. ئەمە ئەوە ناگەیەنێت تراژیدی ئێمەش ببڕێتەوە.

ڕەحمان تاکێک لە کەوشەکانی گرتە فـەرهاد. فەرهـادی نەپێکاو دای لە سەماوەری سەر سینییەکەو سەماوەر و ئاوی گەرم چەند پرشکێکی بەردەست و پلی سەبری کەوت و سەبری زیڕەی لێ هەستا.

فـەرهـاد بە بۆڵەوە لە مـاڵ دەرچـوو. شـەهبـاز بەلارە لار هـاتە پێشـەوە چاوە بادەمـیـیـە نەرمـەکـانی قـەتیـسـێکی مـابـوویەوە غـەبغـەبەی ژێر چەناکـەی دوو لۆچی تێ کـەوتبـوو. لەرەی گـۆشـتـی دەهات. لە دایکی نزیک بوویەوە. ئەخۆم. ئەخۆم.

دایکی دەستی ڕاستی بەو دەستەکەیەوە گرتبوو دەگریا.

ڕەحمان دەیبۆڵاند و وردە وردە کردیە نەڕە نەڕ:

خوا شتێک دەداو شتێک دەبا، تف لە ڕۆژگار.

شیرین بێ دەنگ دەکولا. ڕۆیشتە لای دایکیەوە:

- لێگەڕێ بزانم زۆری سووتاوە؟

سەبری دەگریا. شەهباز خۆی چەسپاندبووە دایکییەوە و سەبری ئارام پاڵێکی پێوە نا: دەبڕۆ بەولاوە.

شەهباز بۆڕەی لێ هەستا.

شیرین بێدەنگ بە پلەکاندا سەر کەوتە سەرەوە.

خانووبەرەکەیان لە دوو نهۆمی چەند ژووریی پێک هاتبوو. دوو ژووری نووستنی سەرەوە تەرخان بوو بۆ شیرین و فەرهاد. شەهبازو دایکی لە ژوورێکدا دەنووستن. بە دەگمەن ڕەحمان و سەبری تاک بوونایەتەوە. ڕەحمان لە لایەکی دیکەوە خۆی سەرگەرم کردبوو. هێندە لەگەڵ سۆزانی و پەتیارەدا تێ هەڵچووبوو دووسێ جارێک تووشی نەخۆشیی سوسەنەک و چلک چۆڕی زەکەر هاتبوو. سەبریش بەو دەردو ئازارە وا گیر و تووش هاتبوو. دوای هاتوچۆی بەردەوامی لای دکتۆر، سەبری چاک بوویەوەو ئیدی نەدڕۆیشتە ژێر تێهەڵچوونی ژن و مێردیدا. ڕەحمانیش لەو ڕووەوە هێندە پای دانەدەگرت و هێز و گوڕ و جۆش و خرۆشی هەوەسی لەم لادا دادەمرکاندەوە. شیرین بەوی زانیبوو. دەیزانی دایکی وا گیری ئاوا نەخۆشییەک هاتووە. دایکیشی کە جل و بەرگی خۆی و منداڵەکانی دەشووشت، هی خۆی و ڕەحمانی جیا دەکردەوە. ئەو جیاکردنەوەیە سرنجی شیرینی ڕاکێشاو تا لە دایکی پرسی و سەرەتا نەڕۆیشتە ژێر و سەرئەنجام دانی بە واگیری خۆیدا ناو هێندەی دیکە گڕی ناخ و دەروونی شیرینی گڵپەو بڵێسەدارتر کرد بەرانبەر باوکی. دەرگای ژوورەکەی پێوەداو دەست بە ئەژنو لێی دانیشت و دیسانەوە فرمێسکەکانی بەرەڵاو بەسەر گۆنایدا تک تک چۆڕایە سەر دەست و چۆکیدا. لەبەر خۆیەوە یەک دووجار وتی:

- تا کەی؟ ئیدی بەس نییە ئەم زەمهەریرستانە؟

پێنووسی هەڵگرت:

بابەکی ئازیز!

نەغمەو ئاوازی سروودی زیندانی من گۆڕانی گومان و ئومێدە بەدرێژایی شەو چاوەڕوانی تێکەڵاوی تاریک و ڕوونم و بەبەرچاومەوە شادی و کەنین و ئاوات دەدەن لە شەقەی باڵ و ساڵ بە ساڵ ئاواتەخوازی پارم. شاری غەمزەدە و بێ پشت و پەنای ئارەزووەکانم هەرچی دەرو دەروازەو پەیکەری هەیە بووە بە پاشماوەی بۆمباردومانی ڕووداوەکان.

ڕاستی، ڕووداو بەشێکە لە سەرنویشت یا وشاردەی فکر و زکر و کار و کردەوەی خودی مرۆڤە؟ هەرکامیان بێت من نادادی تیا دەبینم. بۆچی برێک کەس و خەڵکانێکی یەکجار زۆر دەبنە هەوارگەی ڕووداو شەپۆلی تەسانومی وایان ڕادەماڵێت ناوونیشانیان لە تەواوی تۆمارەکاندا دەکوژێنێتەوەو برێکیش بە خۆڕایی و موفت خۆرانە بێ تەقالا بارانی ڕێکەوتنی چاک و نوقمی ژێر دەست کەوتەکان دەبن و ئەوی نەشیاوە بۆیان شیاوەو تازە بە مافی ڕەوای خۆیانی دەزانن و ناز و فەخریش بە چوارتەنیشتدا دەپرشێنن. سەیر لەوەدایە زۆربەی زۆری خەڵکەکەش پەنجە مۆر پێکەوتنیان دەکەن و ئەشهەدو... ئەشهەدو پەپوولە ئاسای دەوری چرا لە دەوریان دەگەڕێن...

بابەک گیان! ئەم ناڕەوایانەم لا تاوانە. تەرازووەکە لارە سەنگە. تۆ لات وایە بەردەوامیی ئاوا کۆمەڵگایەک ساختەی دەستی خودی مرۆڤە یا یاساو سیستەم یا دەوڵەت یا ڕووداو یاخودی خوا؟

## ٩٠

تیشکی چلچرای تالار دەبریسکایەوە. لە جووڵانەوەدا جریوەی ئەستێرەو تاجی زێڕینی سەرشانان دەیدا لە چاوان سێ زرتە زەلامی جل و بەرگی ئەفسەری لەبەر لەسەر بنی تالارەکەوە لە پشتی نێو خوانێکەوە بازوو و مەچەکیان خستبووە سەر نێو خوان. ئەوی ناوەڕاست لەسەر چاوێلکەکەیەوە تاوتاو بە چپەکردنی چەپ و ڕاستیدا وای دەردەخست چاوساقیانە. لەولاترەوە ئەفسەرێکی دی تەنها لێی دانیشتبوو و جارەوبار بەسەرە ناخۆن دڵنیایانە ڕوومەتی خۆی دەخوراند. وێنەی شا بەسەر بنی تالارەوە لە پشتی سەری سێ ئەفسەرەکەوە هەڵواسرابوو.

ژنێک و دوو پیاو لە نێو تەلبەنێکی ئاسنیندا بە پاوە وەستابوون. لە تالاردا سەرجەم بیست کەس پەخش و بڵاو بەسەر ڕیزە کورسییەکانەوە بێدەنگ ڕوو بە سەرن و سێ کەسی نێو تەلبەند بێدەنگ دەیاننواڕی. ئەفسەرە تەنهاکە کەوتبووە جم و جۆڵ. دادگا وردە وردە دەستی پێکردبوو. دوو کەس لە پاینی نێو خوانەوە بەسەر کورسی و مێزێکی کۆتاو و بچووکەوە دەیاننووسی. ڕاوەستاوان ئەوەندە نیگەران و دڵەبەسی نەبوون، ئەنجامی خۆیان دەزانی و ترس و تۆقیان و دڵەکوتەیان پێوە نەدەبینراو دەیانزانی پێشەکی بڕیاریان بەسەردا دراوە.

ئەفسەرە تەنهاکە دەستی پێکردبوو، دەربارەی یەک یەکیان کار و

کردەوەیانی دەژمارد. جار جاریش بە پشتی دەست دەیدا لە پەڕەکانی نێو دەستی و دەدواو دەیوت: ئەمە تەواوی دان پیانانەکانیانە و... بە دەنگیش تۆمارکراون. ئینجا ئاماژەی بۆ سێ کەسەکە کرد و ئالۆزانە نەڕاندی:

– ئەم سێ جانەوەرەی وا لەبەر دەستی دادگادا سەرشۆڕانە ڕاوەستاون، نابێت تەنها ناوی پیاوکوژیان لێنەین، بەو نێوە پلە و پایەیان بەرز و بوڵەند دەکەینەوە.

دڵنیابن ئەمانە ڕوحی سەرکێشی خوای تاریکین و لە قووڵایی دۆزەخەوە هاتوونەتە دەرەوەو بەرەڵا کراون. بیری لێکەنەوە ئەم دڵ ڕەقانە ویستویانە نووری دیدە و سۆمای سەرتاسەری میللەتی ئێران کوێرکەنەوە، کۆشاون وەلیعەهدی ئێران و ئومێدی دوا ڕۆژی گەلی ئێران بفرێنن و لەناو ببەن. لێتان دەپرسم کام یاسا، کام شەریعەت، کام وژدان مافی ژیان بەم دڵ ڕەقانە دەداو لە دونیای بەزەییدا نەختە ڕەحمێکیان پێ دەبەخشێت؟ دەمی گەرم و ڕوخساری سوور هەڵگەڕابوویەوە، بەرەو گڕگرتن دەچوو، لەو لاشەوە گڕ و بڵێسەی ناخ و دڵ و دەروونی یاسەمین و فەلامەرز پاشماوەی تاوو سوتاو پروزەی بە چوار لادا دەپەخشاند. ئەوی بیریان لێ نەدەکردەوە تۆمەتی مەرگاوی کابرای ئەفسەر بوو. لابەلا دەیان نواڕییە یەکدا. چەندین ساڵ بەسەر لەیەک تەرازانیاندا تێپەڕیبوو. سەودای لەبیرچوو ، ئارەزووی نووستوویەک کەوتوو ، خۆڵەمێشی بیرەورەییەکانیان بووبووە گڕێکی مەرگ بزوێن، بۆنی هەناسەو لەش و پەیکەری یەکدییان دەناسی. شەوگاری تەنهایی و لە یەک دووربوونیان هاتبووە جم و جۆڵ، حەشوکەو جەوەلان. دونیایەک پرسیار و هەڵسەنگاندن و

بۆ و بۆچی و چۆن کەی کوانێ لەبیر و ئەندێشەیاندا ژاژۆر ئاسا دەیاندا لەیەک.

– چاوە کوێرەکەم... خۆ دەبینی...؟ دەنواڕی چیم بەسەر هاتووە؟

– باشت دەبینم. ئەوە نەخشی دەست و پەنجەی زۆردارانە، هەرگیز بەم جوانییە نەتم دیوە. بەوە پەسەندی نێو شەهیدانی لە کەژاوەی مەرگ و ژیانا لە پەری وێڵ لە بەهەشت دەچی. یاسەمین بزەیەک کەوتە سەر دوولێوە گۆشتنەکەی و: ئایا وام لێدەفکریەت؟ کەواتە، مەرگ بمگرەو هاتم. ئەم زرتە زەلامانە خەساون، گەوجن، نازانن ژیان لە مەرگدایە.

پەلە مەکە. ئەوەندەمان نەماوە لە دونیای دیکتاتۆریەتدا. زۆری زەمان و بۆنەهات لەیەکی تەرازاندین. وا بەرەو باوشی مەرگ دەڕۆین و زیندەگی ئێمە لە ئاسوودەگی وژداندایە. کێ دەڵێت مەرگ چاوگەی هەست و زیندەگی هەتا هەتایی نییە؟

– ئەمانە خام و خرچن. گوێت لێیانە هەڕەشەی مەرگمان لێ دەکەن. بەمردن دەمان ترسێنن؟

– لێیان گەڕێ.

– حەرامزادە! دەنگوباسی «لیلی» خانمت لە چیدایە؟

فەلامەرز کەنینێکی شاراوە کەوتە سەر زاری.

– لەوەش گەڕێ... ئەویش بووە بە بەشێک لە ناسۆری تراژیدیای ژیانمان. تێکەڵەیەکی جۆراو جۆری پڕ لە سەفاو گریانین، مەگەر نا؟ پرسیار و وەڵامی بێ دەنگ لە نێوان فەلامەرز و یاسەمیندا بەردەوام و بە دەگمەن تۆمەتەکانیان بە گوێدا دەچوو.

سەرئەنجام سەرۆکی دادگا کەوتە چپەکردن بە چەپ و ڕاستدا زۆری نەخایاند کەوتە خوێندنەوەی بڕیاری دادگا:

یاسەمین بە سێ جار مەرگ بڕیار درا بەسەریداو دوو جار زیندانی، بەدرێژایی ژیان. یاسەمین پڕ بەدەم قاقا پێکەنی.

فەلامەرز یەک جار مەرگ و دوو حەوت ساڵ زیندانی. هاو تەلبەندەکەی دیکەیان ئەندامی گرووپ و سەر بەڕێکخراوێکی دی بوو دوجاران مەرگیان بۆ بڕییەوەو بە پێی ڕەوشتی هەمیشەیی ئەوی دادگایی بکرێت و بڕیاری بەسەردا بدرێت یەکراست هەواڵەی زیندانە تێکڕاییەکانیان دەکەن. فەلامەرز و یاسەمین هەواڵەی زیندانی قەسری قەجەر کریان و ئەوی دیکەیان بەرەو زیندانی ئەڤین. بە ئێوارەدا مانشێتی ڕۆژنامەکان هەواڵی دادگایان لە لاپەڕەی یەکەمدا تۆمارکرد و بڵاویان کردەوە: «یاسەمین ترۆریستی جوانکیلە بڕیاری سێ جار مەرگی بە قاقا وەڵام دایەوە».

بەناوبانگترین ئەندازیاری میعماری بە مردن مەحکوم کرا. لیلی پێشەکی لە بڕیارەکانی دادگا ئاگادار و دەیزانی ئەوا خۆشەویستەکەی لە لێواری گۆڕدایە و پەت لە مل چاوەڕوانە.

# فەرهەنگۆک

بانی: سەری.

پۆڕە: پوژە وشەیەکە بو ولاخ بەکار دەهێنریت .

پیاڵە: چەقوکێش و ملهوڕەکان و برێکی تر ڤۆدکا لە پیاڵەدا دەخۆنەوەو بەیەک مژیش هەڵی دەدەن.

دوغرمە: ماس و خەیاری هەنجێنراو.

جوجە: جوجەڵە، بە ئەوانەی دەوترێت گچکەو وردیلانەن.

دەست و پا: نەوچە، فەرمان بەردار، شاگرد.

زرنگی: زیرەکی.

هێڵ: خەن.

مووزیگەرانە: ئازارمەئاب.

ئەو وەخت: ئەو کاتە.

بێ سیرەت: بەدناو، بێ حورمەت.

قاوەخانە: چایخانە.

بەتانیا: پەتوو.

نیوچوارمشقی: پەک چۆک لە باوش گردن.

قاپێن: جۆرێکە لە قومار کردن.

فلان فلان لێکراو: واوا لێکراو.

شەڕنین: ئەوانەی بە پارە دەڕۆنە گژی خەڵکیدا.

نەقاش: رەسام، وێنەکێش.

بوزورگەوار: گەورە سفەت، بەخشەندە.

ئیمام ڕەزا: ئیمامی هەشتەمی شیعەیانە. مەزاری لە شاری مەشهەد دایە.

سیامەست: سەرخۆشی تەواو، ڕەشەمەست.

چەقۆی زامنەدار: چەقوی یای دار.

نەفەس کێش: ئەوی خۆی بە پیاو دەزانێت.

چەکەرە: ترس، تۆقیان.

سەفا بکا: ڕابوێریەت.

میراز گردن: لێدان.

ئورزە: توانا، غیرەت.

ئەمیر کەبیر: سەرەک وەزیرانی سەردەمی ناسورەدین شای قاجاڕ.

مەردانەگی: مەردایەتی.

کارگا: مەعمەل.

نەقشی: وشەی گچکەی نەقاش.

تەوح: هەوەس.

پیران وەیسە: سەرەک وەزیرانی "ئەفراسیاب" لە شانامەی فردەوسیدا.

خاسە: باشە، چاکە.

مەچەک: دوای لەپ.

سفت: توند، سەخت.

شکۆمەندی: بەرزو شیاوی.

بێزیاند: لاناخۆش، ناپەسەند.

گولە سیخن: کورتە بالا، پیرپەنگ.

حەیزەران: جۆرێکە لە درەخت زۆرتر لە باشووری ڕۆژهەلاتی ئاسیادا دەڕوێت.

گەز: ئەندازەیەکە لە مەتر کەمترە.

قەیچی: مەقەس.

ئاسقی: چل چلی ئاسنی جل و بەرگ پیا هەڵواسین.

ئەحمەد حەسەن بەکر: سەرەک کۆماری پێش سەدام حوسەین لەلایەن سەدامەوە

دەرمان خوارد کرا.

پەت پەتی: چەرمە سەری.

یاساغە: قەدەغەیە، مەمنوعە، بڤەیە.

خەزنە: قاسە، خەزێنە.

تەڵکە: پاپێچ.

ڕاپۆرت: گوزارش، تەقریر.

ناخۆ ئاگا: لا ئیرادی.

مەن: ئەندازەی پێوانە.

فەتیرە: کولیرەی بچووک، پەپکە.

دەست پێچ: پەروەندە دروست کردن.

چیکێش: گەواد، مەنگوز، ماف لتگ.

سامیە جەمال: سەماکەرێکی ئافرەتی عەرەبی بەناوبانگ بووە.

ڕێنمای: چاوساقی.

رینو : جۆرێکە لە ماشینی سواری کاری وڵاتی فەرانسە.

حافز: شاعیری بەناوبانگی ئێرانی مەزارەکەی لە شاری شیرازە.

گاردی شاهەنشاهی: حەرەسی مەلەکی، پارێزەرانی دەسەڵاتی شاهی.

شیراز: هەوارگەی دڵانە، مەزارگای حافزو سەعدییە.

لیسانولغەیت: یەکێکە لە نازناوەکانی شاعیری بەناوبانگ حافزی شیرازی.

نزا: رجا، تکا.

گروپ: کۆمەڵ.

نوێ گەرایی: مۆدیرینزە، نوێخواز.

تەبار: وڵات، ناوچە.

سەرسوپوردە: پەیڕەوی گیان فیدا.

سەرمەست: سەرخۆش.

ئەزەلیەت: ئەبەدیەت.

بۆن: کۆنە پایتەختی ئەڵمانیا

کۆلن: شارێکی گەورەی ئەڵمانیا

گۆتە: شاعیری گەورەی میللەتی ئەڵمانیا خۆی بە موریدی حافزی شیرازی دەزانێ "دیوانی شەرقی" نووسیوە بە وردەکاریەوە حافزی ناساندوتە میللەتی ئەڵمان.

سوکر: سەرخۆشی.

ڕێگای ئاوریشم: ڕێگایەکی بەناوبانگی بازرگانی نێوان ئاسیای ناوەڕاست و ڕۆژئاوای ناوەڕاست بوە.

کەیکاوس: شایەکی بەناوبانگی شانامەی فیردەوسییە.

ئەنگیزە: بیروڕا، بۆچوون.

موتاعە: بەڕێوە دەچێت.

چاله مەیدان: گەڕەکێکە لە نێو شاری تاراندا جێگەی چەقۆکێش و ملهوڕ و شەڕەنگیزەکانە.

توتو: جۆرێکە لە تفەنگ فیشەکی ورد دەخوا.

تەشقەڵە: گەڕ پیاکردن.

لەل: ورتە.

لمیان دابو: شان دادان.

تریبون: سەماعە.

هامون: ڕوبارێکە لە ئا سیای ناوەڕاست.

کێلون: نیرومێی دەرگا.

نک نا ئومێد: نائومێدی تەواو.

ڕموزن: عاجباتی.

فرەفرە: زۆر زۆر.

ناپورێت: ناشێت.

تەکساس: ولایەتێکی ئەمریکایە، خەڵکەکەی بە کەللەشەق بەناوبانگن.

کانگستەر: یاساشکێن، زۆرگۆ، ڕێکخراوێکی تاوانکردن.

سارمانی ئەمنیەت: ساواک.

مەسخەرە : قەشمەر، گاڵتە.

"TNT": مادەیەکی تەقینەوەیە.

سلێخ: گەڕەکێکی شاری بەغدایە.

شوریجە: بازاڕێکی بەناوبانگی بەغدایە.

کوتاڵ: قوماش.

جومە: قەرەباڵخ.

سرک: زیت و چالاک و ئامادە.

حەمە عەلی کوردی: کەسایەتیەکی بەناوبانگی کورد بوو وەسیەتی کرد کە مرد لە چیای "حەمرین"دا بینێژن کە سنووری نێوان کوردو عەرەبە، لەوێ نێژراو عەرەبەکان گۆڕەکەیان هەڵگەند .

حەمرین: سنووری جوگرافی نێوان کورد و عەرەب ئەم زنجیرە چیایە کەوتوەتە نێوان شاری قزرەبات و شارەبانەوە

دووز: شارێکی سەر بە لیوای کەرکووکە

تازەخورمانو: شارۆچکەیەکی تری سەر بە لیوای کەرکووکە.

باوە گوڕ گوڕ: ئاگرێکی هەمیشە هەڵگیراوە هەزاران ساڵە گڕەکەی بەردەوامە لە لیوای کەرکووک دایە.

پرێس: وشاردن لە نێو دوو هێزدا پلیشاندنەوە.

سەروان: نەقیب پلەیەکە لە سوپادا.

پەتاتە: یارئەلماسی، سێوزەمینی.

کەوش: قۆنەرە.

چەک : کەوشی چەک کردن، دوای کەوشی سافکردن.

هەتک: بێحورمەت کردن.

بوئین زەهرا: ناوچەیەکە نزدیک بە شاری قەزوین بومەلەرزەیەکی وێرانگەری تیا ڕوی دا بەهێزی نۆ پلەی ریختەر.

عولیا موخەدەرە: ناوێکە بۆ ئافرەتێکی بەدەسەڵات دەوترێت

بێ سەروپا: هەرچیو پەرچی

وەڵهانی: عاشق بوون

بەردە تەرام: بەردی تێژ

سوهان: شرینییەکە زورتر لە شاری "قوم"ی پێ بەناوبانگە.

یابو: ئەسپی ناڕەسەن، بارگیر.

مەدائین: پایتەخی ئیمبراتوریەتی ساسانیەکان بووە عەرەبەکان پێی دەڵێن مەدائن.

بانی برسی: ناوچەیەکی نزیکی شاری خانەقینە.

پەرت: کەوتوەتە لاوە.

بەڕتەڵە: شارێکی مەسیحینشینە سەر بە لیوای موسڵە.

بەتاوین: گەڕەکێکی مەسیحینشینە لە شاری بەغدادا.

گەواڵە: بۆ هەور دەوترێت.

ئەروەند رووود: دوو ڕووباری دیجلە و فورات تێکەڵاو دەبن پێی دەڵێن شەتی عەرەب و بە فارسی ئەروەند ڕوودی پێ دەڵێن.

ڕەزامیر پەنج : ناوو ناتورێکی پێشینی ڕەزاشا بووە.

بومدیەن: سەرۆک کۆماری "الجزائر" بووە لە سەردەمی بەستنی پەیمانی نەنگینی نێوان عیراق و ئێران لە "الجزائر".

کەرەویتە: تەمەنەی تاک سێ کەسی لەسەر دادەنیشیت.

پاپیون: پەپوولەی گەردن.

دەرئامەد: دارایی کەس.

دەنوا: دەرەکەوت.

کوردی عەرەب: لە ئێراندا عەجەمەکان بە کوردی کوردوستانی عیراق دەڵێن.

جەڵەو: ڕەشمۆ.

لات: شەللاتی، چەقۆکێش.

سیب: زنجیری دامێنی ئافرەت.

تەوح: هەوەس، حەز.

ناپوڕێت: ناشێت، پێی ناکەوێ.

ئەیرانە: ئێرە.

کوڕنەتەڵە: زۆرگۆ، ملهوڕ.

قەشمەر: گاڵتەچی.

نوتوڕ: وڕک گر.

داش: هاولف.

موسیقای کلاسیک: جۆرێکە لە موسیقا.

باڵیۆز: سەفیر.

پروتۆکۆڵ: ڕەسم و ڕەواڵ.

سەتار: هونەرمەندێکی گۆرانیبێژی ئێرانییە.

ئەلبورز: چیایەکە کەوتوەتە باکووری شاری تارانەوە.

نیوکەت: گۆشەو سەرین.

مافور: قاڵی.

نائین: شارێکە لە ئێراندا بەناوبانگە بەچنینی جۆرێک لە مافوری ئاوریشمی.

قەسیل: بەخەڵەی سەوز دەوترێت یان قەسیلی بانی سەوز.

دەڵپ: ئاچوخ، بەربڵاو، پان و پۆڕ.

ئەتیکت: ڕفتارو گفتاری سەردەمانەی بەکێش.

بێفەڕ: بێسوود، قەڵپ، ناپەسەند.

خیل بردنەوە: پێکەنینی بەتین.

مۆزە مۆز: زۆرتر بۆ دەڵ و گەماڵ دەوترێت کاتێک دەڵەکە بەبایبەت.

شەڕانی: شەڕەئەنگێز، شەڕفرۆش.

ئەوزەڵ: پێ گەیشتن، گەورەبوون.

چەتفە: سەروقژ هەڵپیەکان.

لاتەدانکە: دوور کەوتنەوە، بەلادا ڕۆیشتن.

سفارش: هەناردن بۆ شت.

بزمیر: سومبە.

کۆسرە: ئالەتێکی کارەبایی تاشینی بەردو ناسنە.

درێل: ئالەتێکی کارەبایی ئاسن کون کردنە.

لالەزار: بازاڕێکی بەناوبانگی نێو شاری تارانە.

تازە جندە: کچۆڵەی تازە بە "قەحپە" کرا و یا بە"قەحپە" بووە.

گوزارش: ڕاپۆرت.

نەوچە: دەست و پای نۆکەر سفەت.

دوچار: گرفتاری.

دەتکوتم: لێت دەدەم، دارکاریت دەکەم.

هاولف: هاوڕێ.

وەلهان: عاشق.

گیرسابوونەوە: نیشتەجێ بوون.

سەرەوە: لە زەمانی بەعسدا بە کوردستانیان دەوت سەرەوە، ئێستاش بەلای ڕەگەز پەرستەکانەوە ئاش هەمان ئاشە عەرەبە شۆڤیەنیەکان ئێستاش هەر وا دەڵێن.

تەزبیحی ئەبومێشولە: جۆرێکە لە تەزبیح مێشولەی تیادا وەدیارە یانی پێش هەزاران ساڵ شیرەی درەخت تواوەتەوە سەر مێشولەدا .

دێمەویزەتدا: فەلاقەت دەکەم.

بانیۆ: حەوزی مەلەکردن.

پاشاگەردان: دوای مردنی گەورەیە فەمی بێت جێگەی بگرێتەوە.

پشک: کاتێک دابەستەیەک سەردەبڕن بەش بەشی دەکەن. بۆ دابەش کردنی ئەو بەشە گۆشتە "پشک"ی پێ دەڵێن.

عەلی مینائی: پرۆفیسۆرێکی پەنابەری ئێرانی بوو لە بەغدا دەژیا.

غـەرگـانی: شکەنجـەکـەرێکی ناسـراوی ئـەمنی عـیـراق بوو نـاسـراوی تەواوی خەباتگەرانە.

کۆنگرە: بەرزترین جێگەی باڵەخانە.

ستوون: عەموود، پایە.

مەڵاس گرتن: خۆ ئامادەکردنی پەلامار.

یاریدەی سـەرکۆمـار: ئەو دەم "سـەدام" یاریدەی سـەرکۆمـار بوو تەواوی دەسـەڵاتی لە چنگدا بوو.

فەراهەم: دروست کردن، پیک هێنان و ئامادەکردن.

جادۆ: سحر.

ئاش: چێشت.

زامنی چەقۆ: یایی چەقۆ.

ک، گ، ب: دەستگای تیرۆرو جاسوسی دەسەڵاتی یەکێتی سۆڤیەت.

سیاسەتمەدار: سیاسەت پیشە، سیاسەت کاروکردار.

ستالین: گەورە دیکتاتۆری حکومەتی سۆڤیەت.

پان عەربیسم: ئەوانەی پەیڕەوی بیروڕای دەمارگرژی نەتەوایەتی عەرەبن.

جەپگەرا: یەساری، چەپڕەو.

شەوسو: بەیانی، سبەینێ.

خەربوزە: جۆرێکە لە کاڵەک شێوەکەی لە کەلەو قەپوزی کەر دەچێت.

ژاوە ژاوە: قسەی بێ سەروبن و تێکەڵاو.

تەحسیلات: قوناغی خوێندن.

بادەمی: چاوی نەرم و تەنگ و گۆشتن وەک چاوی میللەتە زەردەکانی ئاسیا.

عەشامات: خەڵک، مەردوم.

مارەتون: ڕاکردن بەڕێگەیەکی دوور و درێژدا.

پەڵخ: بە بەچکەی گامێش و بەراز دەوترێت بەچکەی قەڵەو.

خۆرە: وەک ئاوی ژێر کا وردە وردە داخورمان و لەناوبردن.

هیلّەدەکا: گالّەی پەسەند

کونە زەڕەبین: ئەو زەڕەبینە بچکۆلانەیە کە لە دەرگـادا دای دەمەزرێن تا ئەوەی دەرگای ئەپارتمان لێدەدا لە مێژدا ببینرێت

توودە: حیزبی شیوعی ئێران.

کەهکەشان: ئاسمانی حەوت تەبەق، قوولایی ئاسمان.

ژاژوڕ: ڕیزی مەتریلوز.

ڕەزاقوتبی: خالۆزای فەرەح پەهلەوی بەڕێوەبەری ڕادیۆو تەلەفزیۆنی مللی زەمانی شا.

جەوادی: ئەو کەسەی هاوپێخەفی "فەرەح بەهلەوی" بووە .

نەهاوەندی: سەردەمێک سەرۆکی زانکۆی تاران و لەم دوایانەدا بوو بووە سەرۆکی نووسینگەی فەرح.

دەستی و بین: دەست بەیەخە کردن یان دەست بە ناقیرەنان.

بەلبەشو: هەراو بەزم و بێنیزامی زۆرتر لە ڕفتارو کرداری "بەلشەفیک"ەوە وەرگیراوەو کورد کردویەتە بەلبەشو.

هوەیدا: وەدەرکەوتن.

وازی: یاری.

ناهەمواری: سەخت و دژوار.

دەمەزەرد: تیژکردن یاوەک دوبارە دەست پێکردن.

زەمهەریر: تۆف و بەستەلەکەک.

هۆن هۆن: دلّۆپ دلّۆپ.

درم: نەخۆشی.

لاتین: زمانێکی کۆنی بەشەریەتە.

دەنگەوەرە: سەماعە.

کورسی ئەرج: جۆرێک لە سەندەلی بوو لە شەست هەفتاکاندا کارخانەیەکی ئێرانی بەناوی "ئەرج" دروستی دەکرد.

هیرۆئینی: ئەوەی هوکارەی تۆزو مەوادی موخەدەرەکانن.

سەندەلی: کورسی.

جغارە: جگەرە.

مەچیرە: تیرە.

سوراخ: بە دوادا چوون.

دەنگی کەرخ: دەنگی گڕدار.

نەوار: شریت.

ڕیکورد: تەسجیل.

ئاکتەرێکی: هونەرپیشە.

جەنتلمان: پیاوی مەرد.

ناقرە: بێ قاقا .

موزیگەرانە: پەیڕەوانی ئازارو ئەزیەت.

جوققە: ئەو جەواهیرەیە بە ناوەڕاستی تاجی شاهەنشاهیەوەیە.

سەنێر: تۆر ولاخ.

هیمۆگلۆبین: بەشێکە لە خوێن.

سوسەنەک: نەخۆشیەکی پیاوانەیە لە تێهەڵچوونی میکرۆبدا چ پیاوە چ ژن تووشی دەبن.

چڵک چوۆی زەکەر: کێم و چڵک لە دەستگای پیاو و ژن دێت لە کاتی تووش بوون بە نەخۆشی "سوسەنەک".

تەسانومی: شەپۆلێکی گەورەی دەریاو ئۆقیانوسەکانە لە ئاکامی بومەلەرزی بەهێزی نێو دەریاکاندا دێتەکایەوە.

موفت: خۆڕایی.

نیوەخوان: مێزی پێش گیراو.